PDF 4 KURD

کەر لە وڵاتی خۆتاندا نییە

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

کەر لە وڵاتی خۆتاندا نییە

نووسینی

عەزیز نەسین

وەرگێڕانی

PDF 4 KURD

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

MUKIRYANI

- **کەر لە وڵاتی خۆتاندا نییە**
- نووسینی: عەزیز نەسین
- وەرگێڕانی لە تورکییەوە : سەعید یەحیا خەتات
- نەخشەسازی ناوەوە: تەها حسێن
- بەرگ: جێگر عەبدولرەحمان
- ژمارەی سپاردن: (٦٥٩)
- نرخ: (٢٠٠٠) دینار
- چاپی یەکەم : ٢٠١١
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

زنجیرەی کتێب (٥١٨)

هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

PDF 4 KURD

ناوەڕۆك

جانەوەری بابی عالی ٧
حیکایەتێکی چینی.. ١١
گومانم هەیە ١٥
ئەو ولاتە لە کوێیە؟.. ١٩
ئەمانە دەردەکانی ئیمەن.. ٢٧
بابزانین چی لێ دێ؟.. ٣٣
باریکەی باریکەلە ٣٩
چۆن بەسێ رۆژان فێری ئینگلیزی دەبی؟......................... ٤٥
خالە گۆهەر.. ٥٣
خانمی مامۆستا ٦١
خەونێکی مەترسیدار ٦٩
دەمەتەقێی نۆرماڵ.. ٧٧
عەزیز نەســین لووتکەی داهێنان و هەلۆیستی جوامێرانه(*) (١٩١٥-١٩٩٥)........... ٨٣
فیل حەمدی چۆن دەسگیرکرا؟ ١٠٧
کامە حزب دەباتەوە؟.. ١١٣
کەر لە وولاتەکەی خۆتاندا نیە؟............................. ١١٩
کۆمپانیای کەرستەی یەدەگ ١٣١
مالەکەی سەرسنوور ١٣٧
مالێکی بێ دەنگ... ١٤٣

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

جانەوەری بابی عالی

بەڕێزان.. وشەیەك لە فەرهەنگدا هەیە پێی دەڵێن عەیب..ئەم وشەیەتان بەر چاو نەکەوتووە؟ دەڵێن ویژدان نیوەی ئایینە، وازی لێ بێنە تەنانەت ئەگەر چواریەکیشی بێ، نەدەبوو ئەم هەموو شتانەم لەسەر بنووسن..ئەم هەموو ڕق و کینەیە لەپای چی؟ من لەوەتەی هەم پێم لە پێی کەس نەناوە.

دووای ئەوەی کتێبی (عەزیز نامە)م بلاّوکردەوە، بەدووام دەگەڕان،گیرام و شەش مانگی ڕەبەق لە گرتووخانەیان پەستام.هۆی زیندانی کردنم ئەو شکاتانەی لە لایەن وەزارەتی دەرەوی هەر یەك لە ئینگلتراو میسروئێرانەوە لێم کرابوون ،دووای شەش مانگ ئازاد کرام.

با بەیەکەو ئەو هەوالآنە بخوێنینەوە کە ڕۆژی دەسگیرکردنم لە ڕۆژنامەکاندا بلاوکرانەوە. یەکێك ئەمەی خوارەوەی نوسیبوو:

دوێنی شەو دووای گەڕانێکی زۆر پۆلیسی نهێنی عەزیز نەسینیان لە چایخانەیەکدا گرت، قژو ریشی درێژی دەسکردی دانابوو.عەزیز نەسین هەولّی دابووخۆی بەدەستەوە نەدا بەلآم نەیتووانی و بە کەڵەبچەکراوی ڕەوانەی گرتووخانە کرا.

ڕۆژنامە نووسێکی دیکە ئاوای نووسیبوو:

عەزیز نەسین لە ئیفادەکەیدا بە پۆلیسی گوتووە:(زۆربەی کاتەکانی خۆی لە چوڵەوانی وباخچەو ئەو چایخانانەدا بەسەر دەبرد کەتا بەیانی داناخرێن.)

با نووسینی ڕۆژنانووسێکی دیکە بخوێنینەوە:(لەوانەیە عەزیز نەسین رایکردبێتە دەورەوەی وولآت... دووا جار لەو کاتەی دەیویست بچێتە یەك لە بارەکانی(قەرە کۆی)ی دەسگیر کرا.)

با ئەم نووسینەیش بخوێنینەوە: (هەرچەندەی پۆلیس ناوچەکانی(قاسم پاشا) و(بەی ئۆغلو) و(تەقسیم)ی بەوردی دەپشکنی و بەدووای کەسانیچەپرەو بوون بەلآم بە هیچ شێوەیەك نەیاندۆزیەوە.دووای چوار مانگ گەڕان و پشکنین ئاسایش توانی عەزیز نەسینی ڕاکردوو لە یەکێ لە مەیخانەکانی بەندەرگەی (قازی کۆی)دا بگرێ ،لەو کاتەی لەگەڵ سێ دۆستی خەریکی خواردنەوە بوو، عەزیز ئەوەندە مەست بوو تەنانەت نەیدەتووانی لەسەر پێ بووەستێ)

پەح.. کەواتا کابرا زۆر ترسناکە !

بە رۆژنامــەم دەخوێندنــەوە لــە خــودی خــۆم دەترســام.ئاخۆ مــن جانەوەری(ئەنقــەرە)م یــا جانەوەری(بازاڕی ئەدەنا) یا جانەوەری(یەندە)م یا جانەوەری نوێیی بابی عالیم؟
هەندێ رۆژنامە لەم دوواییەدا نووسیویانە کە بە هۆی ئیهانــەکردنی نەتــەوەی تــورك گــیراوم..
بەڵام خۆ ئێوە دەزانن بۆ وایان نووسیبوو..وا راستی مەسەلەکەتان بۆ بەیان دەکەم:
بۆچی رامکردبوو؟ لە دەست کێ رامکردبوو؟ ئەمەم لەبەردەم دادگادا روون کردەوە.
ژوورێکم لە یەکێ لە خانووەکانی (قازی کوێ) بەکرێ گرت و تەواوی رۆژەکانی خــۆم بــە خوێندنەوەو نووسین دەبەردە ســەر بــێ ئــەوەی نەکــەس ببیــنم و نــە قســە دەگــەڵ کــەس بکەم.ســوودم لــەو پەنــدە وەرگرتبــوو کــە دەڵــێ: وەك چــۆن شــەیتان ناچێتە پەرســتگا، پۆلیسیش ناچنە کتێبخانە..زۆربەی کاتم لە کتێبخانەکانی ئیســتانبوولدا بــە خوێندنــەوە بەسەر دەبردن.
پاش ماوەیەك لە کــاری بــەردەوام و تــەنیایی بێــزار بــووم .لــەو کاتــەی بــە نێــو کوچــەو کۆڵانەکاندا پیاسم دەکرد بیرم لە بەکرێگرتنی خانووێکی سەربەخۆ کردەوە، کــە بتــوانم بــێ ترس و لەبارودۆخێکی هێمندا کاربکەم تا ئەو کاتەی شــانس بــەڕووم پێدەکــەنێ ودەرگــای خێرم لێ دەکرێتەوە.
بەم بیرۆکانەوە روەێشتمە قازی کوێ.گوێم لە شەپۆڵ دەبوو کــە لــە بــەردی کــەنار دەریــای دەداو گزەبای فێنك قژمیان دەجوولاندەوەو تیشکی مانگ لە نێو ئاو دەدرەوشایەوەو لەبەر دەمیشم ئیستانبووڵ بە هەموو رووناکییەوە.لەنزیکمەوەیش گازینۆیــەك دەنگــی مــوزیکی لێ بەرز بووتەوە.
لە دڵی خۆمدا گوتم:
کاتی ئەوە هاتووە کەمێ بحەسێمەوە. وەکو بشزانم ئەحمەد براکم و مەحموود یەساری مشــتەریی ئەم گازینۆیەن.پازدە لیرەم لە گیرفاندا بوون و یەکسەر خۆم کوتایە ژوورەوە..
- بیرەیەك و هەندێ پەنیرو کاڵەکێکی زەردم بۆ بێنە.
ئیدی رابوێرەو کەیف بکە.ئەو کاتە تەمەنم لە سەرەتای چل ساڵیدا بوو.
هیچم لێ کەم نەبووتەنیا ئافرەت نەبێ. غەرقی دەریای خەون بووم. دەستی راســتەم درێــژکردو کورسی تەکم لەباوەش گرت و خەون بە خۆشەویســت دەبیــنم. گــوێم لــە لای موزیکــەو چــاوم بڕیونەتە رووناکیی ئیستانبووڵ و بازووم لەسەرشانی خۆشەویستمە.

ـارسۆن بیرەیەکی ئەڵمانی بێنە .
بە خۆمم دەگوت، هیزە فرسەتە رابوێرە رەنگە ئیدی دەرفەتی وات بۆ هەڵنەکەوێ. لەو کاتەدا، کورسیی باوەشم جوولاّ..هەستم بەگەرمایی لاشەی مرۆڤیك کرد. بۆ ئەوەی لەخـەیال دانـەبڕێم، ئاوڕم نەدایەوەو لە دڵی خۆمدا گوتم: ئەوەی بیرت لێدەکردووە وا بە پێی خۆی هات!.
پاشان دەنگێکی ناسکم گوێ لێ بوو:
-عەزیز بەگ..
-گیانەکەم..
-عەزیز بەگ
رۆحەکەم..
کەچی دەنگ وورد وورد گۆڕاو درشت بوو:
-عەزیز بەگ!
-ئەمرکە جگەرو هەناوم..
-بەیەکەوە دەچینە بەڕێوەبەرایەتی!
سەرم وەرگێڕا، وام زانی یەکێ لە فەرمانبەرانی هۆبەی یەکەمە، گوتم:
-ئەمڕۆ شەممەیەو نامەوێ دوو دانە شەو لە بەڕێوەبەرایتدا بمێنمـەوە،تکا دەکـەم وازم لێ بێنـە رۆژی دووشەممە بە پێی خۆم دێم.
-نابێ.
-باشە با ئەم بیرەیە تەواو بکەم..
-نەخێرنابێ.
کابرا لوتفی نواندو سووربوو کە دەبێ حیسابی خواردنەوەکەم بدا بەلاّم ئایـا قـەبووڵی دەکـەم! بەیەکەوە رۆیشتین وتا گەیشین قسەمان کرد.ئەمە تەواوی رووداوەکەیە.

پەراوێز:

ئەم حیکایەتە راستییەولە ساڵی١٩٤٨دا رووی داوە. ئەوکاتە وولآت لەژێر دەسەڵاتی تاکە حزبدا دەژیا کە حزبی گەلی کۆماری بوو.. لەڕاستیدا رۆژانێکی سەخت بوون.

پاشان سستەمی فرە حزبی پەیدا بوو حزبی دیموکرات دەسەلآتی وەرگرت و ئەویش لەچەوساندنەوەی گەل تەخسیری نەکرد.ئەرکی ئێیمەوانان ئەوە بوو دژی گەندەڵی وکەسانی گەندەڵ خەبات بکەین و رووی قەڵەمان ئاڕاستەی رەخنگرتن لە دەسەلآتی نوێ کرد.

ساڵی ١٩٥٩ پاڵەپەستۆی زیادمان کرایە سەر.رۆژێکیان لە قازی کۆی یەوە بەسواری کەشتی دەرۆیشتمە ئیستانبوول لەدوورەوە چاوم بە هەمان پۆلیسی نهێنی کەوت کە بەسەرهاتم بۆگێڕانەوە ئەو لە پلەی نایابدا دانیشتبوو،خۆم لێی نەناس کرد بەوەی کە نەمبینیوەو لە سالۆنی کەشتیدا دانیشتم.لەبەر ئەوەی دەساڵ بەسەر ئە رووداوە تێپەر بووە مەزەندەی ئەوەم دەکرد کابرا کرابێتە یاریدەدەر یا سەرۆکی بەش.

لێم نزیك کەوتەوەو لە تەکم دانیشت و پەسنی نووسین و خەباتی منی دژ بە دەسەلآت کرد و ئەوەندەی نەمابوو بمگەیێنتە کەشکەلآنی ئاسمان.

کابرا یەکێك بوو لەهەرە توندڕۆیەکانی حزبی گەلی کۆماری و خراپەی حزبی دەسەلآتداری دەگوت.پاشان پێی گوتم:(تۆ ئەو شێرە بووی کە نیشتمانت رزگار کرد).

زۆرم لا سەیر بوو، سەیرتریش ئەوەبوو کە گوتم:

-ئێستا سەرۆکی بەشی؟

گوتی:

-نەخێر قوربان دەمێکە وازم لە پیشەی پۆلیسی هێناوە..چۆن دەتوانی لەگەڵ ئەمانەدا کاربکەی؟ بەندە ئێستا بەلێندەرم و خانووبەرە دروست دەکەم و دەیانفرۆشمەوە.بەلآم کەرستەی خاو نرخیان گرانەو لە بازاڕدا دەسناکەون..

لای پەرد لە یەکتر دابڕاین و تاوێکی خۆش وەستام وبیرم لەو کۆنە پۆلیسە بەلێندەرە نوێیە کردەوە.

ئەم رووداوە مایەی سەرسام بوونم بوو،بەلآم کێ دەزانێ ؟رەنگە ئێوە بە رووداوی وا سەرسام نەبن!

PDF 4 KURD

حیکایەتێکی چینی

سەرۆکی بەشی سیاسەت، پێوەندیی بە (سوتیانگ) ی پـۆلیس کـردو داوای لێگـرد ئـەرکێکی یەجگار گرنگی ئەرکەکانی ئاسایشی سیاسی بەجێ بێنێ و ئەگەر تێیدا سەرکەوت..

سوتیانگ بەشەرمەوە سەری بەرز کردەوەو پرسیاری لە بەرپرسەکەی کرد:

- گەورەم پاداشتم دەکەی؟

- بێگومان..ئەگەر لە کارەکەتـدا سـەرکەوتوو بـووی دوو هـەزار یـەنت دەدەمێ..ئێسـتایش گوێچکەکانت بکەرەوەو بزانە چ دەڵێم..

سەرۆکی بەش بێ وەستان ئەرکی بۆ سوتیانگی پۆلیس شەرح دەکرد، کەچـی پـۆلیس خـەیاڵی لای ئەو دوو هەزار یەنە بوو کە وەریان دەگرێ..پارەیەکی یەجگار زۆرە بەلاّم کە دەچێتە بـازاڕ هیچیان پێ ناکڕێ.

بێگومان (سوتیانگ) لە ئەرکەکەیدا سەرکەتوو دەبێ بەلاّم پارەکە کەمە.

سەرۆك پرسیاری لێکرد:

- ئامادەی ئەو خولە بووی کە (جاك تۆڤێل)ی پۆلیسی نهێنی ئەمریکی سازی دابوو؟

بیری سوتیانگ مەشغووڵی پارەیە، وەلاّمی دایەوە:

- فەرمووت چی گەورەم؟

سەرۆك دووبارەی کردەوە:

-پسپۆڕی ئەمریکی..

- ئا بەڵێ..بەڵێ..بەرزتریان نمرەم لەو خولەدا بەدەستهێنا.

- من لە تۆ دڵنیام.گوێ بگرە سوتیانگ..جل و بەرگت دەگۆڕی و خـۆت دەکەیتـە سـواڵکەرو لەگۆشەیەکی ئەو باڵەخانە رەنگ ئاسمانییەدا کەدەکەوێتـە گـەڕەکی(یۆکۆنگ) لـە بەیانییـەوە تاکو ئێوارە دەوەستی..تێگەیشتی؟

- قوربان تێگەیشتم.لەخۆی ئاسانتر نیە ببمە سواڵکەرێکی راستەقینە!

- دەمەوێ شناسنامەی هەموو ئەو کەسانە بزانی کە دەچنە باڵەخانەو دێنە دەرەوەو ئێوارانیش راپۆرتێکم لێت دەوێ.

PDF 4 KURD

[illegible]ەم گەورەم.

سوتیانگ وا خۆی گۆڕی هەرکەسەی دەیبینی وای دەزانی سواڵکەرەو ئەگەر تەواوی وولاتی چین بپشکنن سواڵکەری وا نادۆزنەوە.

یەکەم رۆژی وا سوتیانگ دەستی بە سواڵکردن کرد، سەرۆکەکەی لەبەر دەمیدا تێپەڕبوو پێنج دانە یەنی ئاسنی لە چنگ ناو بە ئاسپایی گوتی:

- پیرۆزباییت لێدەکەم سوتیانگ ،ئەگەر خودی خۆم ئەم ئەرکەم پێ نەدەسپاردی نەمدەناسییەوەو وامدەزانی بەڕاستی سواڵکەری.

ئەوندە پارەیان لە دەستی سوتیانگ نا کاتی ئەوەی نەبوو چاودیریی باڵەخانە بکا.ئەم وولاتە هەژارە چەند خەڵکی خێرخوازی لێ هەن کە بیر لە مسکێن و نەدەداران دەکەنەوە!

سوتیانگ لەگۆشەیەکی باڵەخانەکەدا دانیشت و دەسەسرێکی لەبەردەم خۆی پانکردەوە،ئەوەندەی نەبرد دەسەسرپیان پڕ پارە کرد.

سوتیانگ سەری سوڕما،ئەو مووچەیەی مانگی جارێك لە وەزیفەی پۆلیسی وەری دەگرێ وبێ وەستان شەوو رۆژ وەستانی نیە ، بە سێ رۆژی سواڵکەرییەوە پەیدای کرد!

سەرەتای حەفتەی دووەمی چاودیریی گوێی لە دەنگی فیت فیتەیەك بوو:

- سوتیانگ تا ئەمڕۆ تاکە راپۆرتێکیشت پێشکەش نەکردووە!

سواڵکەر سەری هەڵبڕی و بەترس و لەرزەوە گوتی:

- تکات لێ دەکەم..سبەی ئێوارە راپۆرت پێشکەش دەکەم.. خەڵکینە خێرێکمان پێ بکەن.. گەورەم راپۆرت پێشکەش دەکەم..خێرێك بەمسکێن و هەژاران بکەن..

سەرۆك وەلامی ئەم دەمەتەقێیە جفرەیەی دایەوە کە خەڵکە خێرکەرەکە تێی ناگەن.

- چاوەڕوانی راپۆرتم.

یەك مانگی رەبەق سوتیانگ سواڵی کردو قەتاو قەت بەخەیاڵیدا نەدەهاتەوە ئەو هەموو پارەیە کۆدەکاتەوەو بەتایبەتی کە کارێکی ئازادو ئاسانەو دەتوانێ هەر کاتەی حەز بکا بیکا یا نەیکا.

سوتیانگ بڕیاری خۆی داو رۆیشتە لای سەرۆکی بەش.

سەرۆك پرسیاری لێکرد:

-هەر چەندە زۆریش دوواکەوتی بەلاّم هیوادارم ئەنجامەکەی خێرو بەسوود بێ.

سوتیانگ وەلاّمی دایەوە:

هەرموو ئەمە راپۆرت.

کە سەرۆك کاغەزی خوێندەوە رەنگی بزرکا،چونکە ئیستعفای سوتیانگی دەخوێندەوە!

سەرۆك گوتی:

-شێت بووی؟ ماوەیەکی کورتت ماوە خانە نشین دەکرێی، ئەو هەموو سالاَنەی خزمەتت بۆ بە فیرۆ دەدەی؟

سوتیانگ گوتی:

- نامەوێ..

- تۆ مرۆڤێکی ئەزموونداری و شارەزای ژیانی.

- قەیدی ناکا،جەهەندەم..

سەرۆك دەستێکی لەسەر شانی سوتیانگ داناو دیقەتێکی پۆلیسییانەی تیژی دا وەك مێشکی بخوێنێتەوەو گوتی:

- سوتیانگ ناتوانی فێڵ لەمن بکەی.. شتێکت لە ژێر سەرە!

سوتیانگ بە گومانەوە سەیری سەرۆکی کردو پارچە کاغەزێکی لە گیرفانیەوە دەرهێنا کە هەموو ئەو پارانەی رۆژانی سواڵکردن دەستی کەوتوون تیایدا تۆماری کردوون و گوتی:

- بە هۆی تۆوە ئەم هەموو پارانەم دەسکەوتن هەر بۆیە ئیستیقالە دەدەم و لە تۆ بترازێ بەکەسم نەگوتووە هیوادارم تۆیش لای کەس باسی نەکەی.

سەرۆك تەماشای سوتیانگی کردو گوتی:

- ئەمان سوتیانگ تکایە بەکەس نەڵێی و با ئەم نهێنییە لە نێوانماندا بمێنێتەوە ... سبەینێ بەندەیش لە گۆشەیەکدا وەکو تۆ دەست بەکار دەبم.

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

گومانم هەیە

کە ماڵەفەندی لە ساڵانی هەوەڵی شەڕی یەکەمی جیهان، لە کۆمپانیایەکدا ژمێریـاربوو. ئـەو سەردەمە زۆر زەحمەت بوو مرۆ خێزانێکی پێنج کەسی بە خێوبکا.. بەڵێ پێنج دانە کەس بخۆن و بخۆنەوەو دەبەر بکەن. کەماڵ ڕووداوێکی بەسەرهات پێوەندی بە خودی خۆی و ئیشـوکاریەوە هەبوو وەکو ژمێریار.

ڕۆژێکیان خاوەن کۆمپانیا کە پیاوێکی بێ بەزەیی ودڵـڕەق بـوو بـەدوای نـارد. کـەماڵ تـرس دایگرت بەوەی یارۆ پێوەندی بە پۆلیس و دادوەری گشتییەوە کردبـێ، کەچـی بـە پێچـەوانەی بیرکردنەوەی ئەو ،کابرا گەلێ لوتفی نواند.. بۆیەکەم جار دووای نۆ دانە ساڵ کابرا بەدەمی بـە پێکەنینەوە دەیدوێنێ:

- فەرموو کاکە کەماڵ دانیشە.

کەماڵ وەبان کورسی بەرانبەری هەڵتوتکا.

- کاکە کەماڵ بەندە بە پێی توانا دریغیم لە یارمەتی تۆ نەکردووە.. ئەوە نۆ دانە سـاڵە نـانی من دەخۆی، منداڵ و خێزانت لەخێرو بیری مندا غەرقن.. کە هاتیـە ئێـرە مووچـەت حـەفتاو پێنج لیرەبوو،کردمە نەوەت.. پێم ناڵێی لەوە زیاتر چت بۆ بکەم؟ چـۆن زاتـت کـرد ئـەم کـارە بکەی؟ ئایا شایانی ئەوەم وا چاکەم بدەیتەوە؟

کەماڵ بە ئاخاوتنی نەرمی خاوەن کۆمپانیا هێـور بـۆوە، پێـی وابـوو دەیبـوورێ . چاوەکانی وەسەر پێڵاوە دڕاوەکانی خۆی هەڵنەدەگرت، گوتی:

-قوربان هەقی خۆتانە، هەرچی بێژی هەقە.. منی بێوەفاو سپڵە کـارێکی نـەنگ و ناپیاوانـەم کرد، گەلێ پێویست بووم بۆیە پەنجا لیرەم لە قاسە برد، تـەمام وابـوو لـە ماوەیـەکی کورتـدا بیانگەڕێنمەوە، ئێستایش تکا دەکەم مووچەی ئەم مانگەم ببڕە.

کابرا ئەبرۆکانی زیت کردنەوەو قیژاندی:

-نەخێر نابێ.. ناتوانم چاوت لێ بپۆشم .. نەخێر نابێ.. کەماڵەفەندی لەخەو هەڵسـە، منـیش کـارێکی چەشـنی تـۆم بەسـەر هـاتووە.لای کابرایـەکی شـەللاتی بـە مانگانـەی چـل لـیرە

PDF 4 KURD

تووشداربووم.کابرا گاڕسۆنی باڕی بە پەنجا لیرە بەخشیش دەکرد ،کەچی لەسەردە دانە لـیرە لـە گرتووخانەی پەستام .. نەخێر کەماڵە فەنی نابێ، پێویستە سزای خۆت بکێشی.

کەماڵ سزا دراو ساڵێکی رەبەق لە زیندان پاڵی دایەوە، ماڵ و منداڵی لە سەر دورمانی فانیلەو گۆرەوی دەژیان.

کە لە زیندان هاتەدەرەوە ماکینەیەکی دورمانی گۆرەوی پەیـداکرد، دووای ماوەیـەك بوونـە دووان و سێیان.. پاشان سەنتەرکی چنینی دامەزراند، خۆی و ژنی و کوڕو کچەکانی کاریـان تێدا دەکرد. کار پەرەی سەندو گەیشتە ئەوەی لە (تـۆپ قـاپی) کارگەیـەکی چـنینی پێـنج هۆبەیی دابمەزرێنێ.

کە شەڕی یەکەمی جیهان کۆتایی هات،کەماڵەفەندی خاوەن کارگەیەکی گەورەی رستن و چـنین بوو زیاتر لە سەدو چل کرێکارو فەرمانبەری بەخۆیەوە دەگرت.

بەیانییەك کە پەیتا پەیتا فەرمانبەرو کرێکار دەهاتنە کارگە، سەرسـام بـوون بـەوەی دەرگـای قاسەی پـارە کـە لـە نهـۆمی سـێیەمی بەشـی کارگێڕیـدا بـوو، کراوەتـەوە.. دەسـت بـەجێ کەماڵەفەندیان ئاگادار کرد ، کە لەباوەشی ژنی دووەمـی لـە گـەڕەکی (جیهـانفیر)دا پرخـەی خەوی بوو. یەکسەر سواری ئۆتۆمبیلە (بیوك)ـە زەردەکەی بوو ، کە گەیشـتە کارگـە پـۆلیس خەریکی لێکۆڵینەوە بوون.

بەڕێوەبەری کارگە راپۆرتێکی پوختی لەمەڕ دزیەکەوە دایە.پارەی نێو قاسـە بەسـەدو حـەفتاو هەشت هەزار لیرە مەزەندە دەکرا. کەژمێریار پارەی ژمارد دەرکەوت تـەنیا سـێ سـەدو پـەنجا لیرەی کەمەو پارەو سەنەدو کومپیالەو شتی دیکە دەستیان لێنەدراون.

پۆلیس ئەوەی ناوی بەڵگەیە چنگی نەکـەوت . کـاتی ئێـوارە پشـکێنەری نهـێنی سـڤیل کـە لێکۆڵینەوەی لە ئەستۆدایە ،گەیشت وگوتی:

-تا ئێستا ئاسەواری دز نادیارە، بەڵام بەندە گومانم لە نۆبەتداری شەوانەیە.

کەماڵ قسەی پشکێنەری بڕی و گوتی:

-نۆبەتدار دزی ناکا..کابرا بوخچەی نەکراوەیەو لە کارگە دەنوێ و ئەوەندە پێویسـتی بـە پـارە نیە،بۆیە دزی ناکا..پاشان نۆبەتدار چەند رۆژێکە لە گوند گەڕاوەتەوە.

- کەواتا بەردەستەکەتانە..

-نەخێر ئەویش دزی ناکا، چونکە ئەو رۆژە مووچەم داوەتێ کە سەدوپەنجا لیرەیە.. ئاگاداریشم یارۆ پارچە بچکۆڵەکانی کوتاڵ دەدزێ و مووچەکەی دەگەیەنێتە چوارسەد لیرە، بۆیە دەست بـۆ

PDF 4 KURD

قاسە نابا..

- لەوانەیە یەکێ لەکرێکارە کۆنە دزەکان بێ..

-نا کرێکار پارە نادزێ.. گریمان دزی ، بۆچی تەنیا سێ سەدو پەنجا لیرە دەدزێ؟ بۆ تەواوی پارەی نێو قاسە لووش ناکا؟

پشکێنەر ناوی چەند کرێکارێکی خاوەن رابردوو لە دزی و رێگری ژماردن و کەماڵ یەکە یەکە بەرگری لێکردن. لە کۆتاییدا پشکێنەر پرسیاری لە کەماڵ کرد:

- گەورم گومانت لە کێیە؟

کەماڵ کەمێ بیری کردەوەو گوتی:

- تەواو، دۆزیمەوە، دزی سێ سەدو پەنجا لیرەم دۆزیەوە.. بەڵێ خۆیەتی..

- کێیە گەورەم؟

- کورەلاوێکە نێو(زەکی) ، لەبەشی ژمێریاریدا کار دەکا.. ئەوە خۆیەتی.

- گەورەم بەندە لێکۆڵینەوەم لە گەڵ تەواوی کارمەندان کردووە، کە باسی زەکیم کرد جەنابتان پەسنی رەوشت و ئەخلاقی ئەوتان کرد کە زۆر لە کارەکەی خۆیدا دڵسۆزە .

- ئەوە خۆیەتی..

-ئاخر..

- دەڵێم دزی پارە زەکی یە..

- بەڵگەتان هەیە؟

- بەڵی بەڵگەی بە هێزم هەیە.. ئەو کورە رۆژانە دە سەعات کار دەکاو ماندوو دەبێ، کەچی لە کۆتایی مانگ تەنیا سەدو هەشتا لیرە وەردەگرێ..ئەمرۆ باربەرو کرێکاری گەرۆك وسەرپێ مانگی زیاتر لە پێنج سەد لیرە وەدەست دێنن. جا ئەگەر زەکی دزی نەکاچ بکا؟

- ئاخر گەورەم..

- نا ..نا.. گومانم هەیە..چۆن دەتوانێ بژێوی دایك و ژن و سی منداڵ بە سەدو هەشتا لیرە دابین بکا؟ خۆ ئەم پارەیە بەشی نانیان ناکا.. جا ئەگەر دزی نەکا چ بکا؟

- رەنگە وابێ..

- گومانم زۆرە.. کرێی خانوو، کرێی هاتوچۆ ، جل وبەرگ، سەدو هەشتا لیرە بەشی چ دەکا؟ دز خۆیەتی..

- ئاخر..

PDF 4 KURD

زۆری هەزاران لیرە وەردەگرێ و لە قاسەیان دەئاخنێ و سەری مانگ مووچەی سەدو هەشتا لیرەیە!

پشکێنەر بەرگری لە زەکی دەکرد.. کە کەماڵ بەدووای نارد زۆر شەپرێوانە هاتە ژوورەوە.

- فەرموو کاکە زەکی.

کورێژگەی قەڵەوی کورتە باڵا دەمو چاوی زەرد هەڵگەڕاو، وەبان کورسی موت بوو، کەماڵ بە شەوقەوە دەستی پێکرد:

- کاکە زەکی ، ئەوەی لە دەستم هاتبێ دریغیم نەکردووە، شەش ساڵە نانی من دەخۆی.. لە کارگە بە مووچەی سەدو بیست لیرە دامەزرای، بۆتم کردە سەدو هەشتا.. ئیدی پێم ناڵێی چت بۆ بکەم؟چۆن وا بێشەرمانە سێ سەدو پەنجا لیرەت دزی؟هیچ ویژدانت ئازاری نەدای؟

فەرمێسك لە چاوەکانی زەکی قەتیس مابوون، بەدەم گریانەوە گوتی:

- هەقی خۆتانە گەورەم.. کارێکی ناشایستەم کرد.. زۆرم پێویست بە پارە بوو، ناچار سێ سەدوپەنجا لیرەم لە قاسە دەرهێنا پێم وابوو کە س پێی نازانێ..ئێستایش فەرموون مووچەی دوو مانگم ببڕن.

- کەماڵ قیژاندی:

- نەخێر نابێ..زەکی یەفەنی چاوەکانت بکەرەوە.. کاتی خۆی لای کابرایەکی بێ ویژدان و بێ ناموس کارم دەکرد.. چل هەزار لیرەی لە سەر مێزی قومار دادەنا باکی نەبوو، کەچی پەنجا لیرەم لە قاسە برد تووشی زیندانی کردم.. دز دەبێ سزای خۆی وەربگرێ..

زەکی لەبەر دەم پشکێنەری نەهێنی پێی لە تاوانی نا.. دوو پۆلیس وەپێش خۆیان داو بردیان، کەچی کەماڵ حەجمانی نەبوو، وەکو جانەوری حایج ئەملاو ئەولای دەکردو لە داخا دەیقیژاند.پشکێنەر لێی نزیك کەوتەوە هێوری بکاتەوە، گوتی:

- جا گەورەم بۆ وا تووڕەی؟ کابرا پارەیەکی ئەوتۆی نەبردووە، ماشەڵلا حاڵتان خۆشە، پاشان دز دانی بەتاوان ناو سزای خۆی وەردەگرێ!

کەماڵە فەندی گوتی:

- مەسەلە سێ سەدو پەنجا لیرە نیە..من بە دەستی خۆم مرۆڤێکی دیکەم دروست کرد..هەمان ڕووداوی بەسەر مندا هات وا دووبارە دەبێتەوەو ئەنجامەکەی دەزانم.. منیش جاران وەکو ئەو بووم و ئەمڕۆ بوومەتە ئەم پیاوە..ساڵێك ناخایەنێ ملیۆنێرێکی دیکە لە جیهانی پارەو پووڵدا لە دایك دەبێ ودەبێتە ڕکابەری من .. بۆیە تووڕەم..

ئەری ئەم فەرمانبەرانە بۆ بە دڵسۆزی کارناکەن؟!

PDF 4 KURD

ئەو ولاتە لە كوێیە؟

ناوە ناوە رۆژنامەكانی جیهان باس لە سەروەت وسامانی سەرمایەدارو گەورە دەولەمەندان دەكەن . مستر جوزێف .ك. كرافتسمان یەكێكە لەو زلدەولەمەندانە. كابرا لەبەر ئەوەی خاوەنی جۆرەها كۆمپانیاو دەزگایە،نازانێ چەندی پارە هەیە.. ئەوەندەی كارتلی زلكۆمپانیا هەن ، ناوی زۆربەیان نازانێ. بۆ راپەڕاندنی كاروباری، پشتی بە دەستەیەك لە باشترین پسپۆڕی ئابووری و خەزنەدارو زانای كۆمەڵناسی و بیزنسمان و بەڕێوەبەری پرۆپاگەندە بەستووە.ئەمانەیش بەردەوام هەوڵ دەدەن وكۆشش دەكەن لە پێناو زیادكردنی سامان و بەرەو پێشبردنی بەرهەم.

مستەر جۆزیف.ك. كرافتسمان هەموو كەرەستەی خۆشترین ژیانی لەم دنیا جوانەدا دابین كردووەو لەو پەڕی خۆشیدا دەژی.لەو خۆشییانەی ئێوە هەندێكیان دەزانن و بەڵەدی هەندێكی دیكە نین .كابرا لە شوێنی زۆر جوان ودلگیر ژیاوە بەلام لە هی دلگیرتر دەگەڕێ. گەلێ ژنی جوانی هێناون، بەلام لە هی جوانترو شۆختر دەوێ.لەم رووەوە هەمیشە هەست بە برسێتی دەكاو لە جوانان تێر نابێ.سەرەڕای ئەوەی كە لەماوەی ئەم دوواییدا بایەخ بەوە دەدا بزانێ كام شوێن لەم دنیایەدا جوان و دلڕفێنەو مرۆڤی باش لە كوێ دەژین.

بۆ ئەم مەبەستە مستەر (هارد) ی راوێژكاری تایبەتی خۆی راسپارد كە شوێن و خەلكانێكی وای بۆ بدۆزێتەوە .

راوێژكاری تایبەت دەستی بە گەڕان كردو زۆربەی هەرە زۆری وولاتانی سەر رووی زەوێ بەسەر كردەوە، بەلام بەداخەوە ئەو شوێنەی نەدۆزیەوە كە مستر جۆزیف بە دلی بێ. خەریك بوو نا ئومێد بێ كە رووی لە وولاتێك كرد قەت نەیدیبوو. هەركە گەیشتە ئەوێ زۆری بەدل بوو، زانی مستەر جوزێفیش بە دلی دەبێ ، چونكە خەلكەكەی لە ئەندازە بەدەر باش و دلساف و بێ خەشن و وولاتەكەیش یەك پارچە جوان و دیمەنی دلڕفێن.

وەكو باوەیشە مستەر هارد دەگەیشتە هەر وولاتێك نامەی بۆ كرافتسمان دەنووسی و باسی ئەوێی بۆ دەكرد. چونكە ئەم وولاتەی زۆر بە دل بوو ، نامەیەكی لە شێوەی راپۆرت بۆ رەوانە كرد، ئەمە دەقەكەیەتی:

PDF 4 KURD

بەڕێزم مستەر جۆزێف .ك. كرافتسمان

لە سەر داخوازی بە ڕێزتان ماوەی دوو ساڵی ڕەبەقە بەندە بە دووای وولاتێكم سروشتی جوان بێ و خەڵكەكەیشی باش و مرۆڤ دۆست بن . پێموایە بەڕێزتان لـە بـەر روونـاكی راپۆرتـەكانی پێشووم هەستتان كرد كە بە داخەوە هیچم نەدۆزیەوەو زۆریشم خەمخوارد بەوەی كـە دووای ئـەم هەموو سەفەرو هاتوچوونە ئەنجامێكی باشم وەدەسـت نـەهێنا. دان بـەوەوە دەنـێم كـە ئەمـە یەكەمجارە لە ئیشێكی ئێوە پێم بسپێرن سەركەوتوو نەبم. لـە رێگـەی گەڕانەوەمـدا گەیشـتمە وولاتێك كە تروسكی ئومێدی لێ بەدی ناكرێ.

مستەر جوزێف.ك.كرافتسمان. رێگەم بدەن مزگێنیتان بدەمێ.ئێرە وولاتی سروشتی جـوان و خەڵكی باشە.چۆن من بە بینینیەوە سەرسام بووم ئێوەیش سەرسام دەبن.دووا جار ئەو وولاتـەم دۆزیەوە كە خەڵكی وا باشی تێدایە بـاوەڕ ناكـەن. كـە ئـەم مزگێنیـەتان دەدەمـێ ، زۆریـش خۆشحاڵم بەوەی لە ئەركەكەمدا سەركەوتوو بووم .پاش ئەوەی بەم وولاتەدا گەڕام بۆم دەركەوت كە جوانترین وولاتەو خەڵكەكەیشی تا دڵتان حەز بكا باشن . بـەڵام كـە زانیمـان چـۆن دەژیـن هەست بە دڵتەنگی دەكەین. ئەو كەسەی نەشزانێ چۆن ژیان بەسەر دەبەن ن ئەوە ئەم ناوچـەیە وەك بەهەشت دەبینێ. بۆ ئەوەی ئاگاداری چۆنیەتی ژیانی ئـەو خەڵكـە باشـەی ئێـرە بـن كـە لەسەر جوانترین سروشتدا دەژین، حەزم كرد هەندێ نموونەتان بۆ باس بكەم.

دەزانم ئێوە حەز بەوە دەكەن هەندێ كات گوێ لە رادیۆ بگـرن و تەماشـای تەلـەفزیۆن بكـەن، بۆیە وا شەرحی ئەوە دەكەم كە چۆن دەتوانن گوێ لە رادیۆ بگرن و تەماشای تەلەفزیۆن بكـەن! پێویسە دوو ئامێری رادیۆو دوو ئامێری تەلەفزیۆنتان هەبێ.یەكیان بە پاتری كار بكاو یـەكیان بە كارەبا.چونكە نابێ متمانە بە كارەبای جوانترین ناوچەی دنیا بكەن كە باشترین خـەڵكی لێ دەژین..كارەبا لە كاتی دیاركراوو كاتی نادیاركراودا دەبڕێ. ئەگەر لە شار نەبڕا ئەوە لە ناوچـە دەبڕێ. تەنانەت ئەگەر نەشبڕێ لەوانەیە بێ هێز بێ. لەو بارودۆخەدا دەبێ رادیـۆو تەلـەفزیۆنی پاتری بەكاربهێنن. تەنانەت پاتریش هەمیشە جێگەی متمانە نیە و رەنگە لە بازاڕدا نـەمێنێ سەرەڕای بەرزبوونەوەی نرخی وەكو هەموو كاڵاكانی دیكە.بەم حاڵە ناتوانن نـە گـوێ لـەرادیۆ بگـرن و نـە تەماشـای تەلـەفزیۆن بكـەن و بێـزار دەبن.بۆیـە دەبـێ ئـامێری كارەبـا دروستكەر(مووەلیدە) بكڕن كە رادیۆو تەلەفزیۆن ئیش پێ بكاو رەنگە ئـامێری وا لـە بـازاڕدا نەدۆزنەوەو ئەگەر دۆزیتانەوەیش و هەندێ كات سووتەمەنیتان دەست نەكـەوێ. ناچـار دەبـن بەتەلەفۆن پێوەندی بە دۆستێكتانەوە بكەن كە لە شارێكی دیكـەدا دەژیـو پرسـیاری ئـەوەی

پێبکەن ئاخو کارەبای هەیەو تکای لێبکەن تەلەفۆن لە رادیۆ نزیك بکاتەوەو بۆئــەوەی گــوێی لێ بگرن، لەچەشنی گواستنەوەی زیندوو. سەبارەت بە تەلەفزیۆنیش لەوانەیە کارەبــا بــبڕێ یــا پاتری وزەی تێدا نەمێنێ یا پەخش نەمێنێ. یاســای ئێــرە ڕێگــەی ئــەوەتان نــادا کــەناڵێکی تایبەتی بکەنەوە، بۆیە دەبێ ئامێری فیلم نیشاندەرتان هەبێ و لە جیاتیی بەرنامەی تەلەفزیۆن تەماشای فیلم بکەن. بکورتی جەنابی مستەر جۆزێف.ك.کرافتسمان پێویستە لــە ماڵەکەتانــدا دوو رادیۆو دووتەلەفزیۆن و مووەلیدەیەك وفــیلم نیشــاندەر دابــین بکــەن. ئەگــەر ئــەم هــەموو کەرستانەتان هەبێ ناچار دەبــن یــەکێکیان بــەکار بیــنن و ئەوکاتــە گــوێ لــە رادیــۆ گــرتن و تەلەفزیۆن تەماشاکردن ، کارێکی زەحمەت نیە.

ئەگەر زانیتان باشترین خەڵکی دنیا چۆن لە جوانترین سروشتدا دەژین، هەست بە گرفتــی دابــین کردنی خۆراك ناکەن. با لە نانەوە دەست پێ بکەین..

هەندێ کات خاوەن نانەواخانەکانی ئێرە نــان دروســت ناکــەن تــەماحی نــرخ بەرزبوونــەی دەکەن کە دەوڵەت دیاری کردووە.بۆیە پێویستە وەکو هەموو خۆراکــەکانی دیکــە بڕێکــی تەواو نان دابین بکەن. لەهەمان کاتدا کرێکار بۆیان نیە لە پێناو زیادکردنی هەقدەســتیان ، مان بگرن. تەنانەت ئەگەر فرنیش کاربکەن و کرێکاریش مان نــەگرن، دەبــێ بەشــێکی زۆر نان لە ماڵتاندا هەبێ چونکە لە ڕۆژی باراندا نان پەیدا نابــێ، پێویســتە نــانی وشــك دابین بکەن و ئەگەر ترسی ئەوەتان هەبوو نانی وشکتان دەستنەکەوێ دەبێ ئاردتان هــەبێ و ئەگەر نانتان دەست نەکەوت ، کولیچەو کێك دروســت بکــەن . ئەگــەر ترســی ئــەوەتان هەبوو هەموو کاتێك ئاردتان دەست نەکەوێ ،دەبێ چەند تەلیس پەتاتە بکڕن و عــەمباری بکەن. بەکورتی دەبێ نان و نانە وشك وئاردو پەتاتان لە ماڵدا هــەبێ. ئەگــەر هــەر یــەك لەمانە لە بازاڕدا نەمان بە وانی دیکە زگتان تێر بکەن و لە جوانترین شوێنی دنیــادا کــە باشترین خەڵکی لێیە، برسی نەبن!.

با بێینە سەر مەسەلەی پێوەندی.پێویستە بۆتانی بەیان بکەم تاکو هــیچ ئاســتەنگتان نەیەتــە ڕێگەو بتوانن چۆنی چارەسەر دەکەن.بەر لە هەموو شتێ دەبێ تەلەفۆنتان لە ماڵدا هەبێ. بەڵام ئاخاوتن بە یەك دانە تەلەفۆن کارێکی سەختە، ئەگەر حەز نەکەن ئەوەی قسەی لەگەڵدا دەکەن شێت بێ!بۆیە دەبێ لانی کەم دوو هێلی تەلەفۆن و سێ دانە ئامێرتان لە ماڵدا هەبێ. تەنانەت ئەگەر گوێتان لە زەنگی ئامێری یەکەم و دووەم نەبوو ڕەنگە گوێتان لە هــی ســێهەم بێ.بــەڵام لەمانەیش زامنتر دانانی سستەمی تەلەفۆنە لە ماڵکەتاندا (بەدداله) کە بەچەند هێلەوە بەسترا

PDF 4 KURD

بێ و ڕەنگە بە هێلیکەوە بتوانن قسە بکەن.ئەگەر گومانتان لە بەددالە هەبوو، پێویستە تەلێکستان هەبێ، لە گەڵ بێتەلێك کە بتوانن قسەی پێ بکەن ئەگەر تەلەفۆن و تەلێکس کاریان نەکرد.پێویستە زۆر بە نهێنی بێتەل بەکار بێننن نەبادا بە سیخوڕتان لەقەڵەم بدەن و لێتان تووڕە بن. چونکە ڕێگەی بەکارهێنانی بیتەل نادەن تەنانەت ئەگەر لە نێو بووکە شووشەی منداڵانیشدا بێ.ئەگەر نەتوانن بگەنە دایەرەی پۆستە یا درانگ بگەن و نەتان توانی نامە ڕەوانە بکەن ، لەسەرتان پێویستە کۆتر لە ماڵکەتاندا بە خێو بکەن ، بو ئاگاداری نامە بە کۆتر ڕەوانە کردن بە پێچەوانەی یاسایە.لەم حاڵەتەدا ئەگەر تەلەفۆنەکان کاریان نەکردو تەلێکس وەستاو بێتەل دەستی بەسەر داگیراو نەتانتووانی بگەنە دایەرەی پۆستە دەبێ چەند نامەبەر دامەزرێنن ئەوانەی بەپێ بە زووترین کات نامە دەگەیێنن. ئێستا ئەگەر مەسەلەی پێوەندیمان کورت کردەوە دەڵێین پێویستە تەلەفۆن و بگۆڕو تەلێکس و کۆترو نامە بەر دابین بکەن. چونکە پێویستیتان بە بەکار هێنانی یەك لەو هۆیانە دەبێ و ئەو کاتە دەتوانین بڵێین کە مەسەلەی پێوەندیتان زامن کردووە.

سەبارەت بە هۆی گواستنەوەو هاتوچۆکردنیش، ئەگەر بزانن چۆن ڕەفتار دەکەن ئەوە هیچ گیروگرفتتان نابێ.ناکرێ بێ ئۆتۆمبیل بن و پێویستە یەك دانە ئۆتۆمبیل نەبێ، چونکە ئۆتۆمبیل پەکی دەکەوێ و کەرستەی یەدەگتان دەسناکەوێ. بۆیە واباشە دوو ئۆتۆمبیلی بەرهەمی ناوخۆییتان هەبێ. دوور نیە یەك لەو ئۆتۆمبیلانە پەکی بکەوێ یا بدزرێ یا پارچەی یەدەگی دەسنەکەوێ ،ئەوکاتە باشترین ڕێگەچارە بۆ هاتوچۆکردن لە جوانترین ناوچەی سەر زەمین کە باشترین خەڵکی لەسەر دەژین، ئەوەیە کە لانی کەم چوار ئۆتۆمبیلتان هەبێ.هەندێ جار بەهۆی قەیرانی پانزین ،ئەو چوار ئۆتۆمبیلانەیش بەش ناکەن ،ئەو کات دەبێ ئۆتۆمبیلێ پێنجەم هەبێ و بە گاز کار بکا.جاری وادەبێ گازیشتان دەسنەکەوێ بۆیە بیر لە ماتۆڕسکلێك بکەنەوەو ئەگەر پانزینتان بۆ ماتۆڕیش دەسنەکەوت ئەوە دەبێ پایسکیلتان هەبێ. لەبەر ئەوەی ئەم وڵاتە لەبان شاخی سەخت و عاسی دامەزراوە، شەقامەکانی زۆر ڕکن و پایسکیل ناتوانێ سەر کەوێ ، پێویستە لە باخچەی ماڵدا ئاخوڕ دروست بکەن و هەندێ ووڵاخ ڕابگرن و کورتان وزینیان بۆ دابین بکەن . هەروەها پێویستە گالیسکەتان هەبێ ئەوەی ولاخ ڕایدەکێشێ.

بکورتی پێویستە تەواوی هۆیەکانی گواستنەوەتان لە ماڵدا هەبێ، ئەوانەی بە درێژایی مێژوو مرۆڤ بەکاری هێناون .ئەو کات لە هاتوچۆکردندا لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە هیوا

پڕوبابن ،لەو ناوچەیەی کە بە جوانترین سروشتی دنیا دادەنرێو باشترین و نـەجیمترین خـەڵکی لەسەردا دەژین.

با بێینە سەر مەسەلەی ڕووناکی. بێگومان ئێوە سـەرەڕای ئاسـتەنگ و کێروگرفـت، دەتـوانن تێیدا سەرکەتووبن. تەبیعی سوود لە کارەبای شار وەردەگرن! بەڵام چونکە نازان کەی دەبـڕێ و کەی دێتەوە، پێویستە مووەلیدتان هەبێ.ئەگەر ترسی ئەوەتان هەیە سـووتەمەنیی پێویسـتتان دەسنەکەوێ،ئەوە پێویستیتان بە چەند دانە چرای گاز دەبێ !ئەگەر ترسی ئەوەتان هەیە گازتان دەسنەکەوێ ،لایەتی دەست بەکار بێنن، ئەگەر ترسی پاتریتان هەیەو بۆ ئـەوەی لـە تاریکیـدا نەژین، پێویستە ژمارەیەکی زۆر مـۆم لـە ماڵەکەتانـدا عـەمبار بکەن.ئەگـەر کارەبـا بـڕاو و سووتەمەنیتان تەواو نەتان ویست مۆم داگیرسێنن لەترسی ئەوەی لەبازاڕدا نـەمێنێ، دەتـوانن قوتیلەو چرا ڕەشکە بەکار بێنن، ئەگەرنا چەرخی بە فەتیلە یا بەردەستێ،یا ئەو تەختەدارەی بۆ ئاگر هەڵگیرساندن کاتی خۆی بەر لە دۆزینەوەی کارەبا چەرخ و شقارتە بەکاریان دەهێنا.سـەرە ڕای ئەوەی دەتوانن ئامێری (چارچ- شحن) دابین بکەن یا سوود لە وزەی با وەربگرن و کارەبای پێ دابین بکەن.

ئەگەر بمانەوێ بەکورتی باس لەم مەسەلە ی ڕووناکی بکەین، لە جوانترین ناوچەی ئـەم دنیایـە کە باشترین و دڵسافترین خەڵکی لێ دەژین، پێویستە ئەم شتانە لە ماڵەکەتانـدا هـەبن: وزەی کارەبای شار، مووەلیدە،فانۆس،چرا ڕەشکە،لایتی دەست،مۆم،وزەی خۆرو ئەگـەر ئـەم هـەموو ئەمانەتان دابینکرد ئەوە لە تاریکی ڕزگارتان دەبێ.

با بێینە سەر باسی هەندێ کاروبارتان کە پێوەنـدییان بـە دایـەرەکانی دەوڵەتـەوە هەیـە.. چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە لە خۆی ئاسـانتر نیـە. تەنانـەت ئەگـەر بشـزانن چـۆن لـە دایەرەی ڕەسمی وغەیرە ڕەسمی چارەسەر دەکەن، دەبێ پشت بە یەکێ لـە گـەورە بەرپرسـان ببەستن تا یارمەتیتان بدا.پێویستە ژمـارەی ئـەو کەسـانە زۆربـن بـۆ ئـەوەی لـە هـەموو شوێنەکاندا سوودیان هەبێ.بۆ ئەم مەبەستەیش پێویستە بەرتیلی چەور بـدەن . ئەگـەر بـە بەرتیل ڕێك نەکەوت و ئەو بـەرپرس و فەرمانبەرانـە نـەیانتووانی کاروبـار وەك پێویسـتە ڕاپەڕێنن ، دەبێ کچی جوان و خزمـی قەشـەنگتان هـەبێ، سـەرەڕای کـارت و ڕاسـپاردە، ئەگەرنا دەبێ دیاریی بـەنرخ و پـارەی بـاش بـدەن، بـەگوێرەی ئـەو بارودۆخـەی هاتووتـە پێشتان. ئەگەر هەر شانس نەیهێنا پێویستە بەرتیل بـدەن. لەهـەموویش گـرنگتر ئەوەیـە دەبێ خاوەن سەبرێك بن بەرد بتوێنێتەوە.

PDF 4 KURD

سەبارەت بە مەسەلەی گەرمکردنەوەی ماڵ، دڵنیا بن مستەر جۆزێف.ك.کرافتسمان هەرچەندەی دەزانم ئێوە بەسەر ئەو گیرگرفتەدا سەردەکەون، بەلاّم ئەمەیش وەکو هەموو کرفتەکانی دیکە چارەسەری هەیە.دەبێ گەرمکەرەوەی ناوەندی لەماڵەکەتاندا هەبێ!بەلاّم پێویستە سێ جۆر سستەمی گەرمکردنەوە هەبن.یەکەمیان بە نەوت کاربکاو دووەمیان بە خەڵووزی بەردین و سێهەمیان بە غاز.دەبێ دوو سستەمی خەڵووز بن ، خەڵووزی دارو خەڵووزی بەردین.واتا چوار جۆر سستەم لەماڵەکەتاندا هەبێ، ئەگەر ترستان لەوە بوو کارەبا ببڕێ و سووتەمنی ئامێرەکانی دیکە لە بازاڕدا پەیدا نەبن، ئەوە دەبێ سۆپای جۆراو جۆرتان هەبێ، لەگەڵ ئاگردانێك کە بەخەڵووز گەرما ببەخشێ، ئەگەر هەردوو جۆر خەڵووز دەسنەکەوتن، ئەوە پاشەرۆکی مانگا (تەپاڵە) بەکار بێنن.ئەگەر سووتەمنی هەموو ئەو ئامێرانەتان دەسنەکەوت پێویستە خەمی ئەوە بخۆن کە مەقەڵەتان هەبێ و خەڵووز لەکات و ساتی خۆیدا بکڕن و عەمباری بکەن. ئەگەر هەرنا دەبێ ئامێرێك لەسەر بانی ماڵەکەتاندا هەبێ تیشکی خۆر بهێنێتە ژوورەوەو گەرمتان بکاتەوە.پێموایە دابین کردنی ئەمانە زەحمەت نیە.

ئێستایش با بێینە سەر مەسەلەی ژنهێنان وپێکهێنانی خێزانێکی بەختەوەرو ژیان لە جوانترین ناوچەی دنیا کە باشترین خەڵکی تێدایە. ئەمە هەر زۆر ئاسانەو لەو مەسەلانە ناکا کە پێشتر باسم کردن.ئەو ئافرەتەی خۆشتان بوێ بە سڤیل مارەی دەکەن.چۆن ئەگەر ئاو بڕا دەبێ تانکیتان هەبێ یا بیر هەڵکەنن،ماڵتان بەکارەبا رووناك دەکەنەوە بەلاّم مۆم و چراو لایتیشتان هەیە نەبادا کارەبا ببڕێ و بیرتان لە مەقلّە و ئاگردان کردووتەوە ،نەبادا گەرمکردنەوەی ناوەندی نەبێ، ئاوایش دەبێ ژنێکی دیکەیشتان بە شەرعی هەبێ. ئەگەری ئەوە هەیە دەگەڵ ئەو ژنەیش بەختەوەر نەبن، دەبێ ئافرەتێك یا زیاتر هەبن بێ مارە بڕین لە گەڵیاندا رابوێری.ئەگەر ئەو هەموو ژنەت هەبوون لەگەڵ یەکێکیاندا هەر بەختەوەر دەبن.بەلاّم ئەگەر ترسی ئەوەتان هەبوو بەختەوەر نەبن یا شانستان نەیهێنێ، ئەوە بەهیوای ئەوە بژین کە رەنگە دۆستێکی بەوەفا بدۆزنەوە، ئەوکاتە پێتان وانەبێ بەختەوەریی مەحاڵە.

لێرەدا مستەر جۆزێف .ك.کرافتسمان کۆتایی بە راپۆرتەکەم دەهێنم دووای ئەوەی بۆم بەیان کردن کە چۆن هەڵسو کەوت دەکەن، ئەگەر ئارەزووتان کرد لە جوانترین سروشتی دنیاداو لە نێو باشترین خەڵکی ئەم سەر زەمینەدا بژین.

چاوەڕوانی فەرمانتانم.
دڵسۆزتان : هارد زیگل

که مستەر کرافتسمان نامەی راوێژکاری تایبەتییی خۆی خوێندەوە، گەلێ کەیفساز بوو.شوکر وا شوێنێکی دۆزیەوە کە تێیدا بە بەختەوری بژی و هەر ئەو دەمە ئەمری کرد بروسکە بۆ راوێژکار رەوانە بکەن:(چاوەڕوان بن وا هاتم).بەڵام بە داخەوە بروسکە رەوانە نەکرا، چونکە نامەی مستەر هارد رەوانەی کردبوو ئەدرەسی لەسەر نەبوو.

مستەر جۆزێف.ك. کرافتسمان زۆری چاوەڕی کرد نامەیەکی دیکەی لە راوێژکاریەوە بەدەست بگا، کەچی نە هیچ نامەیەك گەیشت و نە زانیاری. لەبەرئەوەی مستەرجۆزێف.ك.کرافتسمان سووربوو بچێتە ئەو وولاتە خۆشە ، نامەی مستەر هاردی لە رۆژنامەکاندا بڵاوکردەوەو وخەڵاتێکی پازدە ملیۆن دۆلاری تەرخان کرد بۆ ئەو کەسەی ئەو وولاتەی پیشان بدا کە جوانترین شوێنی دنیایەو باشترین خەڵکی تێدا دەژین.

ئێوەیش ئەگەر بە وولاتێك دەزانن وەکو ئەوەی مستەر هارد لە نامەکەیدا باسی لێوە دەکا ،فەرموون نامە بۆ مستەر جۆزێف .ك. کرافتسمان رەوانە بفەرموون ، لەلایەك چاکەی دەگەڵ دەکەن و لە لایەکی دیکەیشەوە دەبنە خاوەن پازدە ملیۆن دۆلاری ئەمریکی.

دەی کێ دەزانێ ئەو وولاتە لە کوێیە ؟!

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

ئەمانە دەردەکانی ئیمەن

دوکانێکی بچکۆلانەمان بینی. بەقاڵ نەوتی لە شووشەی ژنە دێهاتییەك دەکرد.چاوی بە ئێمە کوت پێکەنی وگوتی:

- رشید ئاغا چاوەڕوانی ئێوەیە. بە دەستی لای چەپتانەوە چایخانەیە، لەوێ چاوەڕوانتانە.

پێکەنینەکەی پڕ لە مانا بوو ،گوتم:

ئەم رەشید ئاغایە کییە؟

گوتی:

- زووکەن،بڕۆن، چاوەڕوانتانە.

لە ژێر نیمچە بەرزاییەکدا چایخانەمان بینی. مێرد منداڵێك چاوی بە ئێمە کەوت، رایکردو گوتی:

-مام ەشید چاوەڕوانی ئێوە دەکا.

لەبەرزاییەوە دابەزین و خۆمان بە چایخانەدا کرد:

-مەرحەباتان لێ بێ برادەرینە.

خەڵکەکە تەماشای ئێمەیان دەکردو حریت حریت پێدەکەنین.

- رەشید ئاغا کییە؟

-ئەوەتا لەولا دانیشتووە.

لە بان تەختەیەك راکشاوە، ریش ماش و برنج، کابرایەکی رۆح سووك. ئێمەی بینی قیت بۆوەو گوتی:

-بەخێر بێن.

-سەلامەت بی.تۆ رەشید ئاغای؟

- بەڵێ منم.

-چاوەڕوانی ئێمەی وانیە؟ لە ریگادا هەرکێمان بینی گوتی رەشید ئاغا چاوەڕوانتانە.

- جاری فەرموون دانیشن . چاوەڕوانین ، بەڵی . بەلام چاوەڕوانی ئێوە نین. خەڵکەکە واتێگەیشتوون ئێوەن.. چ دەخۆنەوە؟

PDF 4 KURD

داوای ماستاومان کرد.لە ڕەشید ئاغامان گەیاند کەلـە ڕێگـەدا جیبمـان پـەکی کـەوت بۆیـە هاتینە ئێرەو هەرکێمان دەبینی باسی چاوەڕوانی دەکرد.

ڕەشید ئاغا مژێکی لە قاوەداو بە خەڵکی گوندی گوت:

–ئەوانەی چاوڕوانیان دەکەین ئەمانە نین .ئەمانەتان هیچ بینیوە؟

هەندێ کەس وەڵامیان دایەوە:

–کە چاومان پێیان کەوت زانیمان ئەوان نین.

گوتمان:

–ڕەشید ئاغا مەراقمان کرد، پێمان ناڵێی چاوەڕوانی کێ دەکەن؟

گوتی:

–پەیدا دەبن.لەهەرکوێ بن دێنەوە.

ڕەشید ئاغا دەسەسڕێکی لەبەردەم دانایین.لەسـەرخۆ دەسەسـڕی کـردەوە، چـوار دانـە پاکەتـە جگەرەی بەتاڵی دەرهێنا گوتی:

–ئێمە چاوەڕوانی خاوەنی ئەم پاکەتانە دەکەین.کە بەئەمانەت بۆمان هەڵگرتوون.

گوتم :

–ئەمانە چنە ڕەشید ئاغا؟

گوتی:

–ئەمانە دەردەکانی ئێمەن.

– دەردی چی؟

–بەخوا دەردی ئێمەن. ئێستا بۆتە باو کە هەڵبژاردن نزیـك دەکەوێتـەوە، خـوا نـەیبڕێ گـەورە پیاوەکانمان گوند بەگوند، ناوچە بە ناوچە دەگەڕێن و گوێ لە دەردەکانمان دەگرن.دەستەی حزبـی لەسەرحوکم هاتنە ئێرەو خـەڵکیان لـە چایخانەدا کۆکردنـەوە. چـوار کـەس بـوون لێـرەدا لـە ئۆتۆمبیـــل دابەزین.فــەرمووومان لێ کردن.سەلامەلەیك..ئەلەیکەســەلام.یەکێکیان گــوتی: برادەرینە تا ئێستا کەس بەلاتانەو نەهاتووە گوێ لە دەردتان بگرێ، کەچی دیمۆکراسـی مانـای گوێ گرتنە لە خەڵك.بۆیە وا بە پێیە خۆمانەوە هاتووینەتە لاتان. ئێوەش هەرچی هەتانە بیڵێن، چ داواکاریتان هەیە پێمان بڵێن.

دەستمان بە داواکاری کرد، ئەوانیش هەریەکەو لای خۆیەوە دەینووسی.هەرچی گوتمان نـەیان گوت نابێ. گوتمان قوتابخانەکەمان پێنج پۆلەو بەش ناکات.. لەئێمە داواکاری لەوان نووسین،

PDF 4 KURD

جگەرە لەجگەرەیش دەکێشن و چای دەنۆشن.لەسەرخۆ بەمامۆستای گوندم گوت: مامۆستا من باوەڕی بەمانە ناکەم گوتی کوڕە ئەم قسەیە چیە؟ گوتم : ڕاوەستە تاقییان دەکەمەوە. گوتم: برادەرینە ئێوە هەموو داواکاریەکانی ئێمەتان نووسی، تەنیا شتیکمان ماوە.. ئەگەر هێلی شەمەندەفەرمان بۆ ڕاکێشن ئەوە هیچی ترمان ناوێ. وەڵلا ئەویشیان لە پاکەتە جگەرە نووسی.

تاقی ئێوارە دووانیان جگەرەیان تەواو بوو پاکەتیان فڕەدا.هەردووکیانم هەڵگرتنەوەو بەدزی خستمنە گیرفانم.وادەی ڕۆیشتن لەبەردەم چایخانە یەکێکی دیکە پاکەتی فڕەدا.ئەویشم خستە گیرفان. کە سواری ئۆتۆمبیل بوون دەستیان لەپەنجەرەوە دەرهێناو خواحافیزیان کردچوارەمیان پاکەتی توڕدا، ئەویشم هەڵگرتەوە.ئیدی ئەمانە هەر چوار پاکەتەکەن.تێگەیشتن؟ئەم پاکەتە جگەرانە دەردی ئێمەن. خەبەریان ناردووە ئەمساڵیش دێنەوە دەردمان دەرمان بکەن . ئێمەیش چاوەڕوانین، ها هاتن ، ها وادێن.

دەستم دایە پاکەتێك،شەش جاران لە سەری نووسراوە شوکران،شوکران. جارێکیش شوك ولەتەکیەوە وێنەی سێ ئەستێرەو ڕەسمی قایەغێك و وێنەی زەلامێکی سەرزل.

پاکەتێکی دیکەم دەست دایە، ئەم نووسین و تێبییانەی لەسەر نووسرابوو:

تکا بۆ برادەری کوڕی خەزوورم لای وافی بەگ بکەم.دەگەڵ دستەیەك دەچنە ئیتالیا،ئەگەرنا ئیستیقالە دەدا پێنج جارانیش نووسراو ڕاقیسە.وێنەی هەشت دڵیش کێشراوە.

دیقەتی پاکەتێکی دیکەم دا، وێنەیەکی گەورەی چاوو وێنەیەکی زاری تاوڵە کراوە.لەتەکیانەوە نووسراوە: دەبێ، باشە،دەبێ، دەبێ، دەبێ،باشە. پێنج پیتی جیا جیاش نووسراوە.

- واهاتن

- واهاتن.

بووە غەلبەغەلب.لەبەردەم چایخانەدا سێ کەس لە ئۆتۆمبیل دابەزین.دێهاتییەکان چۆن هەوەڵ بە ئێمە پێکەنین، ئێستا وا بەئەوان پێدەکەنن .یەکێکیان گوتی:

- مەرحەبا ئاغاکانم.

ئەوی تر:

- سەلامەلەیکوم هاوڵاتیان.

سێهەمیان گوتی:

مەرحەبا برادەرینە.

PDF 4 KURD

ی رەشید ئاغا دووانیان لەسەر کورسی دانیشتن و یەکێکیان لە بان تەختە.بەدەستە راستیان مەرحەبایان لە گەورەو بچووکی چایخانە دەکرد.قەڵەوەکەیان گوتی:

- لەگەڵ پێرار ساڵدا چۆنن؟

لەجیاتی هەمووان رەشید ئاغا وەڵامی دایەوە:

- سەلامەت بن، ئێوە چۆنن؟

- ئێمە زۆر باشین بەتایبەتی کە ئێوە وا کەیفسازو خۆش گوزەران دەبینین.ماشەڵلا گڤەتان دێ.

هەرە پیرەکەیان گوتی:

- براینە ، دیمۆکراسی مانای ئەوەیە گوێ لە خەڵك بگیرێ.

پاکەتی جگەرەی دەرهێنا.چایچی بە ماشەی دەستی جگەرەی بۆ داگیرساند.درێژەی دایێ:

- ئێمە هاتووین لە ئێوەوە فێر بین و گوێ لە گرفتتان بگرین. شەرم مەکەن هەرچی دەردە، هەرچی داواکاری یە ،بیلێن .

دێهاتییەك گوتی:

- یەکەمجار ئەم کۆبوونەوەیە کۆبوونەوەی گەلە.دەبێ بەهەند هەڵبگیرێ و جێ بەجێ بکرێ.

هەر سێکیان هەندێ شتیان لە سەر پاکەتە جگەرە نووسی.رەشید ئاغا سەری بەسەر نووسینی یەکێکیان داگرت و گوتی:

-گەورەم بەندە حەددم نیە، بەڵام وابزانم هەڵەت نووسی.

ئەوەی دیکە خەتێکی وەسەر نووسینەکەی خۆی داهێناو بە پەلە شتێکی دیکەی نووسی.

کابرای رەشید ئاغا ئاخاوتی گوتی:

- بۆ هەڵەیە؟ مەحزەری کۆبوونەوەیە.

- هیچ .بەمن وابوو هەڵەیە..

پاش ئەم قسەیە رەشید ئاغا لەسەرخۆ دەسماڵی کردەوەو هەر چوار پاکەتە جگەرەی دەرهێنان گوتی:

- پێرار، لەباسی کۆبوونەوە ئەم خەتخەتۆکانت کردبوون.

خەڵکەکە تێکڕا دایانە قاقای پێکەنین.ئەوانیش پێکەنین.

دێهاتییەك گوتی:

- مەکتەبمان دەوێ. پێنج پۆل بەش ناکات.

یەك لە سێ کەسەکان شتێکی نووسی و گوتی:

نەخێر بەش ناکات.
ڕەشید ئاغا بە کابرای گوت:
- قوربان هەڵەت کرد(پاکەتی پێراری لەبەردەم دانا)پێرار بەرامبەر داواکاری قوتابخانە نووسیوتە شوکران، شوکران
ئیدی هەر یەکەو بە پەلە پاکەتی نایەوە گیرفان.ڕەشید ئاغا گوتی :
-هەمووی لێرەدا نووسراوە. تەماشا.. ئەم خەتخەتۆکانە داواکاری ئاوە، ئەم هەشت وێنەی دڵە بێ ئیشوکارییە.
پاکەتێکی بۆ درێژکردن:
-ئەمەیش پاکەتی ئەو زاتەیە کە ئەمساڵ لە گەڵتاندا نەهاتووە .
کابرای قەڵەو بە تووڕەیی یەوە گوتی:
- ئەمانە چنە؟
- هیچ.دەبێ چن؟ دەردن دەرد..دەردی ئێمەن، هی ئێوەنە ؟ نازانم.
هەڵسانە سەرپێ بڕۆن. ڕەشید ئاغا گوتی:
-ئیشەکەی شوکرانت لەبیر نەچێ، سێ هەزاری تێدایە.
ئەوان سواری ئۆتۆمبیل بوون، ئێمەیش لە تەك ڕەشید ئاغا وەستاوین،
یەکێکیان پرساری لەبرادەرانی کرد:
- خۆ پاکەتتان فڕە نەداوە؟
- نەخێر.
- فڕەی مەدەن هەڵیان دەگرێتەوە.
ئۆتۆمبیل ڕۆیشت . دێهاتییەکانیش دەستیان لەنێو پژدێنیان ناوەو پێدەکەنن.

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

بابزانین چی لیّ دیّ؟

له بوغـازی دەریـای رەش، نزیـك لایـەنی ئەنادۆڵـەوە، چـایخانەیەك هەیـە. زۆربـەی ئەوانـەی هاتووچووی دەکەن و لیّی دادەنیشن یەکتر دەناسن و زۆربەشیان خانەنشینن.

ئەو بەیانیەش وەکو هەموو رۆژەکانی دیکە باس لە کیّشەو گـرفتی ناومـاڵ و وەزعـی وولاّت دەکرا.باس لە نرخ دەکرا کە حکوومەت وادەی دابوو لەسەدا سی دابەزیّنیّ باشـە چـی لیّ دیّ؟ کریّکارمان رەوانەی ئەڵـەمانیاو ئوسـتورالیا کـردن ،هـەر تیّـر نەبووین.ئیّسـتایش وا کریّکـار رەوانەی یەکیّتی سۆڤیەت دەکەن. ئەوەندە بەهەرِمیّنە، کریّکار خەریکن بۆ نیّو نووسین یـەکتری پان دەکەنەوە.هەڵلا هەڵلا..کورِە ئەوە کریّکار رەوانەی ولاّتی کۆمۆنیستان دەکەن؟برادەر پـارە پارەیە، لە کۆمۆنیستانەوە بیّ لە فاشیزمانەوە بیّ.بابیّ. لە کوێیەوە دیّ با بیّ. من بـە پـارەی کۆمۆنیستان مزگەوت دروست دەکەم پۆلی قورئان خویّندن دادەمـزریّنم، هـیچ گونـاهیش نیـە بەڵکو خیّریشمان دەگاتیّ.

باشە ئەنجامی ئەم کارە بەچ دەگا؟ خوا بە خیّری بگیّرِیّ.

گەورەم واریداتی ساڵانەی وولاّت بەشی دانەوەی زیّدەبایی قـەرزەکانی ئـەمریکا ناکـا.بڵی ئـەو قەرزانەی ئەمریکا دەمانداتیّ زیّدەباییشی دیّتـە سـەر؟ هـەڵلا هـەڵلا.. ئـاخۆ ئـەنجامی ئـەم مەسەلەیە بە چ دەگا؟

هەرچی کارخانەی لەم وولاّتەدا دروست بکریّ، ریّگـەوبان، بەنـدەرگا. دەبـیّ ئـەمریکا برِیـاری لەسەر بدا.نەبابە. من ئەمەم نەدەزانی.باشە ئەنجامی ئەم وەزعە چۆن دەبیّ؟

هەموو رۆژیّ، هەموو ئیّوارەیەك، تیّکرِا ئەم باسەیان دەکرد. لـە هـەموو باسیّکیشـدا هـەمان قسەیان دووبارە دەکردەوە..نە بابە..هەڵلا هەڵلا.

خانەنشینەکانی هامشۆی چایخانە دەکەن، هەمان پرسیاریان لە یەکتر دەکرد:

- باشە چی لیّ دیّ؟بابزانین چۆن دەبیّ؟

-دەبیّ ئەنجامی چ بیّ؟

-ئەنجامی ئەم مەسەلەیە بە کویّ دەگا ؟ بوەستە بزانین چی لیّوە دیّ؟

ئەو [illegible]یانیەش لە چایخانەدا هەر هەمان باس و خواس بوو.یەکیٚ بەیەکیٚکی دەگوت(بابزانین چی لیٚوە دیٚ)؟

کریٚکاریٚکی خانەنشینی دنیا دیدە، دەرچووی پەیمانگەی توٚپخانەی سەربازی گوتی:

- بوەستە با بزانین چی لیٚوەدیٚ ی ئیٚوە ، وەکو ئەو مەسەلەیە کە بەسەر خزمیٚکی من هاتووە.

خەڵکەکە مەرەقیان کرد دەبیٚ ئەو خزمەی ئەو چی بەسەر هاتبیٚ ؟ کابرای خانەنشین وای گیٚڕایەوە:

حکوومەتەکەی خوٚمان دەستی بە فروٚشتنی زەوی و گردەکان کرد. کام هەواری جوان و دلٚڕفینی بوغاز هەیە فروٚشتنیە دەولٚەمەندە عەرەبەکانی خاوەن نەوت.ئەو کاتە دەولٚەمەندیٚکی عەرەب پەیدا بوو. شیخ بوو، میر بوو ، هەردووکیان بوو؟ ناوی ئەبول فاتیك ئەلموشکی بوو.لە گردەکانی دەروانیٚتە بوغازو چاو لە دیمەنی دلٚڕفیٚنی تیٚر نابیٚ بیناو ساختمانی دروست کرد. ئەمجارە کەوتە هەوای ئەوەی کچە تورکیٚك بیٚنیٚ. کام کچە تورك، لای گرنگ نیە بەلاٚم بەمەرجیٚ جوان بیٚ.

هەرئەو دەلالانەی زەوی یان بوٚ ئەبول فاتیك دوٚزیەوە، کەوتنە دووای کچ دوٚزینەوە.ئەبول فاتیك چەند مەرجیٚکی هەیە: تەمەنی بچووك بیٚ،جوان بیٚ،دلٚساف و بیٚ فرت وفیٚلٚ بیٚ،کچی کوڕی کچ بیٚ، دەستی بە دەستی پیاو نەکەوتبیٚ. لەم زەمانەدا دوٚزینەوەی کچی وا ئاسانە؟ ئەبول فاتیك پارەی زوٚرە و مەحتەلٚ نابیٚ. دەلال کەوتنە خوٚیان. ئەبول فاتیکیش لەملاو لەولا خەریك بوو خوٚی فیٚری زمانی تورکی دەکردو چەند وشەیەك فیٚربوو:بخەوە،هەلٚسە،دریٚژبە،وەرگەڕیٚ و هەندیٚکی دیکەیش کە پیٚویستیی ئەو جیٚ بە جیٚ دەکەن.

زوٚریان کچ نیشانی ئەبولفاتیك دا، عەرەبی کوڕی عەرەب بە هەموو کچیٚك رازی نابیٚ! دەمو چاو روون وەك شیری سپی، بەدەن لەحم بەعەجین، نیٚو قەد باریك.

دوواجار ئەبولفاتیك کچیٚکی بەدلٚ بوو.ئیدی ئەوکات ئیٚمە ئەبولفاتیکمان ناسی ،چونکە ئەو کچەی داخوازی دەکرد خزمیٚکی دووری ژنەکەی من بوو. کچە تەواو ئەو کچە بوو ئەبول فاتیك گەرەکیەتی: تەمەن حەڤدە سالٚ، کوٚرسیٚکیش دەرسی ئایینی خویٚندووە، سپی، باریك. لەدلٚسافیانیش هەر گیل دیٚتە بەرچاو.ئەبولفاتیکیش ببینن هەر لە دەعبا دەکا. باوکی کچەیش کابرایەکی پیرە بە گشتی خیٚزانیٚکی هەژارن و رازی بوون بەو پارەیەی ئەبول فاتیك بوٚی ژماردن. کابرا لەبەر ئەوەی ژنی دیکەی هەیە، کچەی بە مەلا مارەکردو گوازتیەوە.

کچە بەوئاهەنگە گەورەو تیٚرەی ئەبول فاتیك لە کاتی گوازتنەی سازدا زوٚر کەیف خوٚش

PDF 4 KURD

بوو.خزم و ئەقرەبای کچە بە ئەبولفاتیکیان دەگوت فاتیك بەگ، تەنیا برایەکی کچە نـەبێ کـە شەش ساڵ لەخۆی بچووکتر بوو، بە پێچەوانەی ئەو هەر لە شێتانی دەکرد، پێی دەگوت مامـە فاتیك.. مامە فاتیك وا رۆیشت مامە وا هات.

من و ژنم دووجاران سەردانمان کردن، کـاتی نیشـان کـردن و دووای گوازتنەوە.لـەو ماڵـەی وا لەسەر گردەکانی بوغاز بوو.

زەمان هات ، زەمان رۆیشت.. ئیدی من رووداوەکانی دیکەم لە دەمی ژنم بیست: ئـەبولفاتیك شەوی یەکەم تێدەگا بووك ژنە، چونکە هەر بە دڵسافی خۆی هەموو شتێکی تێدەگەینێ.

ژنە پچکووڵانەی ئەبولفاتیك بە عەباوە دەچێتە کۆڵان. مامە فاتیکیش چـونکە پیـاوێکی بـەد گومان و دڵ پیسە،پێی خز م کەسـی ژنـە لـە ماڵەکـەی خـۆی دەبـڕێ و نایـەڵی هاتووچـووی بکەن.باشە بەلاّم ئەو کاتانەی ئەبولفاتیك لەماڵ نابێ کچە بێزار دەبێ. مامە فاتیکیش نایەوێ کچە لە ماڵەوە حەپس بێ. لەو ماوەیەدا ئیشی کڕین و فرۆشتنی دەبێ و دووسـێ رۆژان دەبـێ لـە مـاڵ دوور بکەوێتــەوە. بۆیــە مــاوەی ژنــەدەدا ئەگــەر بچــێتە دەرەوەو لــە کووچــە دوور نەکەوێتەوە. ژنە پێی خۆشە بـەلاّم بەتـەنیا لـە کـۆلاّن چ بکـا؟داوای روخسـەت دەکـا بچـێتە سینەما.مام فاتیك زۆر بیری لێدەکاتەوە. بڕیاردان ئاسان نیە..ئەگەر بڵـێ مـەڕۆ رەنگـە زویـر بێ،بڵێ بڕۆ رەنگە تاقی تەنیا تووشی بەلاّیەك بێ.دەڵێ:

-باشە روخسەتت دەدەم.. بەلاّم با هەوڵ خۆم فلیمەکان ببینم.

مام فاتیك تەماشای تەواوی فلیمەکان دەکا، تا دەگاتەفلیمێکی ترکی کە باس لـە (عەداڵـەتی حەزرەتی عومەر)دەکاو ئەو فیلمەی بۆ دەست نیشان کرد.

تازە بووك کە (نەجمیە)ی ناوبوو، دەچێتە سینەماو مامە فـاتیکیش بـەرەو ئیشـوکاری خـۆی. رۆژی دوواتر کە دەگەڕێتەوە (زۆر شوکر) دەبینی نەجمیە وا لە ماڵەوەیە:

- نەجمیە؟

- قوربان.

-کە من لێرە نەبووم چت دەکرد چت نەکرد؟

نەجمیە دەست پێ دەکا:

- هەر مەپرسە

چۆن نەپرسێ؟ لە مەراقان خەریکە دەتەقێ.

- چ بووە نەجمیە؟

PDF 4 KURD

شتێکی وام بە سەرهات ، زۆر سەرسام بووم!

-چیت بە سەرهاتووە؟

نەجمیە بی کەموزیاد بۆی دەگێڕێتەوە:

- عەبام لەخۆم لوولداو چوومە ئەو سینەمایەی تۆ گوتت.

-زۆر جوانە

- چوومە کووچە

-ئێ؟

-بەڕێگەدا دەڕۆیشتم کابرایەکم لێ نزیك کەوتەوە

- کابرایەك؟

-بەڵێ.. من دەڕۆم ئەویش دەڕوا.. مەراق گرتمی گوتم با بزانم چی لێوە دێ؟

مام فاتیك تێکدەچێ، بەڵام ژنە ئەوەندە دڵسافانە رووداوەدەگێڕێتەوە کە دان بە خۆیەوە بگـرێ! دەڵێ:

-وەڵاهی منیش مەراقم کرد ، بابزانین چی لێوە دێ

- من دەڕۆم ئەویش دەڕوا.. خۆی بە منەوە نووساندوە.. لە دڵـی خۆمـدا دەمگـوت بـابزانم چ دەبێ.

- یا سوبحانەڵا.. بازانین چ دەبێ!

- پلیتی ئەو سینەمایە دەکڕم کە تۆ گوتت، ئەویش پلیت دەکڕێ. چوومە ژوورەوە،بـۆ ئـەویش نەهات؟

ئەمجارە مام فاتیك پێشی کەوت و گوتی:

-وای عەجایەب.. بابزانین چی لێوە دێ ؟

-پاشان لەسەر کورسی یەك دانیشتم ئەویش هات لە سەر کورسی یەکەی تەکم دانیشت.

-سەیرە! بابزانین چی لێوە دێ؟

-گلۆپ کوژانەوەو فلیم دەستی پێکرد.

-ئێ؟ نەجمیە تێم بگەینە.

-کابرا دەستی نایە باخەڵم

- ئەوە چ دەڵێیی؟ عەجایەب!

- دەستی لە ژێر عەبام نا، منیش زۆر سەرسام بووم

PDF 4 KURD

چی دەکرد؟
- نازانم . منیش مەراقی ئەوەبووم، دەبێ چبکا؟چاوەڕوان بووم بزانم چی لێوە دێ؟
-وەڵاهی منیش مەراقم کرد، بابزانی چ لێوەدێ؟
- پاشان کابرا دەستی بەولاو ئەملامی دەهێناو دەیگرت، چ دەکا نازانم؟توخوا تۆش بی مەراق ناکەی؟
ئاگر لە نێوچەوانی مام فاتیك دەباری، بەڵام ژنە ئەوەندە دڵسافانە بۆی دەگێڕایەوە، مەپرسە!
- نەجمیە با بزانین چی لێوە دێ؟
- پاشان (عەدالەتی حەزرەتی عومەر) تەواو، گڵۆپ داگیرسان.. هەڵسامە سەرپێ، بۆ ئەویش هەڵنەستا؟
- ئەویش هەڵسا؟
- ئا بەڵێ.
- عەجیب و غەریب.. ئێ دووایی؟
- لە سینەما هاتمە دەرەوە، ئەویش هاتە دەرەوە. من بە رێگەوە دەڕۆم، ئەویش لە تەکمەوە دەڕوا.
- کچی نەجمیە وەڵاهی زۆرم مەرەقمە بزانم چی لێوە دی؟
-منیش وەکو تۆ، مەرەق بووم. بامدایەوە کووچە
-کابرایش هات؟
- هات.
-زووکە نەجمیە تێمبگەینە زۆرم مەراقە.
-لە دەرگای ئاپارتمانی خۆمان وەژوور کەوتم، کابرایش بەژوور کەوت.مەراقم کرد دەمگوت بوەستە بزانە چی لێوە دێ؟
مامە فاتیك ئارەقەی کردووە:
-پاشان؟
-بۆ نهۆمی خۆمان وەسەرکەوتم، کابرایش وەسەرکەوت.
-ئای کابرا، وای کابرا
- لە جانتای دەستمەوە کلیلی دەرگای ماڵەوەم دەرهێناو چوومە ژوورەوە، ئەویش هاتە ژوورەوە.
-کابرایش لە ژوورەوەیە؟

PDF 4 KURD

-با بڵێ.

-ئەمان نەجمیە زووکە تێمبگەینە.

-چوومە ژووری نوستن جلێ وبەرگم دابکەنم، ئەویش هات و جلی خۆی داکەند.

-کچێ نەجمیە ئەوە تۆ چ دەڵێی؟

-وەڵاهی چۆنت بۆ باس دەکەم وایە. خۆم کوتایە ژێر لێفە، ئەویش خۆی کوتایە ژێر لێفە.

مام فاتیك وەك ئاسنی سوورکراوە ئاگری لی دەباریێ:

-هەی هاوار! راوەستە بزانین چی لێوە دیێ؟

-منیش مەراقی ئەوەبووم لە ناو جێگەدا چ دەبێ؟

-نەجمیە زووکە بلّی،زۆرم مەراقە بزانم چ بوو

- کورە هیچی وا نەبوو لە خۆمەوە ئەو هەموو مەراقم بوو.

مام فاتیك گۆڵم گۆڵم ئارەقە دەسڕێتەوە:

-باشە چ بوو ؟ چی کرد؟

- عەینی ئەو شتەی تۆ هەموو شەوان دەیکەی.!!!

باشە مامە فاتیك چ بکا ؟ شلم بلم وەرگەڕێتە سەری؟ وەدەری بنیێ ؟ ژەنەی کلۆڵ و دلّساف ئەم بەڵایەی بەسەر هاتووەو بە خۆی نازانیێ! دوواجار بڕیاری دا پێ لە عەیبە بخشێنێ و چاوپۆشی لێوە بکا. گوتی:

-کچێ نەجمیە منیش بیرم بۆ شتی دیکە دەڕۆیی و مەراق بووم بزانم چ دەکا. کەچی هیچی وا گرنگ نەبوو!

کابرای کریکاری تەقاویت گوتی:

-ئیدی ئاوا برادەرینە،حاڵی ئێمەش وەکو حاڵی ئەو ژنە وایە..

لە گۆشەی چایخانەدا کابرایەك قسەکەی هەڵقۆستەوە:

-دەتەویێ چمان تیێ بگەیێنی؟

-ئێوە رۆژ نیە نەڵێن با بزانین ئەم وەزعە چی لێوە دیێ. منیش ئەنجامەکەم پێگوتن کە بەڵێ بەدەردی ژنە دەچین.

درایە قاقای پێکەنین. کابرا گوتی:

- بەڵام گرنگ نیە!

PDF 4 KURD

باریکەی باریکەلە

لە ماڵ ،لە ژێر مێزێکدا دەفتەرێکی گیرفانم دۆزیەوە.پرسیارم لە هەرکێ کرد کەس بەخاوەنی دەرنەچوو. بەرگێکی شینی جوان و بە ئەستێرە رازاوە ..ویستم بزانم هی کێیە لاپەڕەم هەڵدانەوەوهەر لەیەکەم لاپەڕەدا سەرسام بووم. ناوی پیاوێکی زۆر گەورەی ئەم مەملەکەتە بە خەتێکی درشت نووسراوە. لاپەڕەی دووەمم هەڵدایەوە ئەویش ناوی پیاوێکی گەورەی لێ نووسراوە. چەندلاپەڕەیەکی دیکەو هەریەکە ناوی چەند کەسێکی ماقووڵ لە گەڵ ژمارەی تەلەفۆن و ئەدرەسی ماڵ. ئەم کابرایە ئەم هەموو خەڵکە دەناسێ! هەمووشیان کاربەدەست لە سیاسی و ئیداری ،هەرە بچووکەکەیان بەڕێوەبەری گشتییە.ئەوەی تێبینیشم کرد هەموویان ئەو کەسانن کە ئێستاکی لەسەر حوکمن.

هەرکەسێکی دیکە بێ لە شوێنی من دەپەشۆکێ وسەرسام دەبێ. ئاخر ئەم هەموو ناوئەدرەسی پیاوی گەورە بۆ من وەکو بۆمبایەك بوو تەقیەوە.ئەم دەفتەرە بە نیازی پاك دانەنراوەو هەبێ و نەبێ دوژمنێکم بەنهێنی دایناوە. ترسم لێ نیشت، بەڵکو ئێستا دەرگا لێدراو پۆلیسی نهێنی ڕژانە ماڵەوەو گوتیان:

- دەفتەر دەربێنە

منیش دە لێم:

- دەفتەری چی؟

پاشان ئەملاوئەولا دەپشکنن و دەفتەر لەژێر مێزەوە دەردەهێنن.ئەمەم باش دەزانی و ئەونامەردەی ئەم دەفتەرەی داناوە هەر کێ بێت خەبەری پۆلیسیشی لێ داوم.پاشان پولیس دەفتەر دەدۆزنەوە دەڵێن:

-بڵێ بزانین هەرچی پیاوی گەورەیە لەم مەملەکەتەدا تۆ ناوئەدرەس و تەلەفۆنت نووسیون، تومارِیان بۆ ریك دەخەی؟ ئیزعاجیان دەکەی؟یا نیازت وایە تیرۆریان بکەی؟

خوایە من چ وەڵام بدەمەوە؟ چ بڵێم تا باوەڕم پێ بکەن؟ چ ئاڵچاغێکە ئەم داوەی داناوەتەوە؟ ئێوارە سێ دۆستم لابوون و ئەمانەیش شتی واناکەن یەکیان مامۆستای زانکۆیەو درس

دانیشتووە و دوومیان فەرمانبەرە و ئەوی دیکە ئەدیب و نووسەرە ودۆستی گیانی بەگیانی و هاوڕێی بیست ساڵەمە.

ڕۆژی دوواتر هەمان مامۆستا هاتەوە سەردانم، نارەحەتی لە دەم و چاوی بەدی دەکرا.کەچی ئەو رووی لە من کردو گوتی :

-خێرە وا پەشۆکاوی؟

گوتم:

- ئەی تۆ چیتە؟

گوتی:

- بۆخاتری خوا دوێنی شەودەفتەرێکم لێ جێ نەماوە؟

دەفتەرم دەرهێنا:

- ئەمەیە؟

دفتەری لە دەست دەرهێنام :

- خۆیەتی ..کورە لە دوێنیوە حەجمانم لەبەر براوە.

دەستم گرت و بەرەو ژوورەکەی خۆمم برد:

- ئەی من نالێی چەند ترساوم. بەڕاست تۆ ئەدرەسی ئەم هە موو پیاوە زل و ماقولانەت بۆ نووسیوە؟

کابرا پەشۆکا.گوتی:

- بۆچی تۆ ئەدرەسی ئەم پیاوانەت لە دەفتەری گیرفان تۆمار نەکردووە؟

- نەخێر

گوتی:

- پیاوی چاکبە بۆخۆت دەفتەرێك رێك بخەو بیخەرە گیرفانتەوە. جا با بۆت باس بکەم بۆ ئەم ناوانەم لەم دەفتەرەدا نووسیون؟

لەم دوواییەدا مەرەقم کەوتە سەر کۆکردنەوەی قەڵەمی پاندان. جاروبار دەمکڕین و زۆرجاریش بەدیاریی بۆم دەهاتن و هەمیشە دەپازدە قەڵەم پاندانم لەگیرفاندابوون .دۆستێکی شاعیری ئەڵمانی هاتە ئێرەو لەهۆتێل سەردانم کرد، دەیزانی قەڵەمی مەرەکەف کۆدەکەمەوە ، قەڵەمێکی بەدیاری دامێ.هەر لە هۆتێل هاتمە دەرەوە لە سووچێك وەستام و روانیمە قەڵەم بینیم نوکەکەی کەمێ درشتە، دەفتەری گیرفانم دەرهێناو قەڵەمم تاقیکردەوەو دوو وشم

بەخەیاڵدا هات و نووسیمن (باریکەی باریکەلە). بەپارچە کاغەزە سمپارە دەستم کردە باریککردنی نووك، کەلە ناکاو هەردوو مەچەکیان گرتم:

- ئەمە چ دەکەی؟

- من؟ هیچ، قەڵەم تاقی دەکەمەوە.

- ها! قەڵەم! تۆچکارەی؟

- لە زانکۆ..

یەکێکیان نەیهێشت قسەم تەواو بکەم ،گوتی:

- پرۆفیسۆری؟ وای پرۆفیسۆر وای..

ئەمەی گوت و مستێکی خێواندمێ وقوڵی چەپی گرت ،ئەوەی دیکە قوڵی راست و گوتیان:

-پێشمان کەوە

گوتم:

- برادەرینە ئێوە بەهەڵەدا چووینە

- برۆ..

بردمیانە پۆلیسخانەیەك و لە ژوورێکیان پەستام. بینیم کەس بەلامەوە نایە.نازانم پاشان چۆن یەکێك هات و گوتی:

لەسەرچۆك دانیشە

گوتم :

- نەخێر رادەوەستم

- چۆك نادەیتەوە ها پرۆفیسۆر!دەی زووکە چت لە گیرفاندایە دەریانبهێنە.

شتەکانم دەرهێناولەسەر مێزم دانان.چواردە قەڵەمی پاندان،دوو دانە کتێب،دەفتەرێکی تەلەفۆن،نووکە قەڵەمێك،دووپارچە کاغەزی سمپارە.

دەستی بۆقەڵەمەکان درێژ کرد:

- ئەمانە چنە؟

- قەڵەمن

- قەڵەمن ها؟ وای پرۆفیسۆر،های پرۆفیسۆر

سێ کەسی دیکەیش هاتن و تێکرا کەوتنە پشکنینی شتەکان. یەکێك پارچە کاغەزی سمپارەی دەست دایەو گوتی:

PDF 4 KURD

- ئەی ئەمە چیە؟

- کاغەزی سمپارەیە.

ئەمە چۆن سمپارەیەکە؟ لووس و بێگەرد..کێی پی دەسمی؟

- سمپارەی وردە، هی زێرینگەرانە

- ها..ها.. سمپارەی ورد.وای پرۆفیسۆر، های پرۆفیسۆر..

ئەمەی گوت و مستێکی خێواندە قەپرغەم. بینیم نەخێر ئیش ئالۆز دەبێ.گوتم:

- برادەرینە، هەڵەیەك لەم مەسەلەیەدا هەیە. من نازانم ئێوە بۆ منتان هێناوەتە ئێرە، بەڵام من لە زانکۆ ناسراوم و دەرس دەڵێمەوە.

یەکێکیان لەبان مێزەکە دانیشت و قەڵەم و کاغەزی دەرهێنا، مەحزەر بنووسێ. ترسم لێ نیشت.. باریکەی باریکەلە جەفرەی تۆرێکی سیخوڕییە؟ چواردە قەڵەمی پاندان، دەفتەری گیرفان، نووکە قەڵەم ،دوو کتێب، کاغەز سمپارەی زێرینگەران،باریکەی باریکەلە.. هەرکێ بێ گومان دەکا.نەمدەزانی چ بکەم.ئەمانە هەمووی لە مەحزەر بنووسرێن گرفتێکە ئەمما گرفت.دەمتوانی هەریەکەو هۆیەکی بۆ بدۆزمەوە، تەنیا ئەو باریکەی باریکەلە نەبێ. ئەم بەڵایە چبوو بەسەری خۆم هێنا ؟بۆ شتی دیکەم نەنووسی؟

یەکێکیان مەشغوولی هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی دەفتەرە بچکۆڵانەکەی گیرفانم بوو،لاپەڕەیەکی هەڵدایەوە، کەمێ گرژیەوەو بە هەواڵەکەی دیکەی نیشان دا و چرپە چرپێکیان کردو یەکسەر گۆڕاو گوتی:

- جەنابی مامۆستا،ئەم ناوەی وا لێرەدا نووسراوە چی جەنابتانە؟

بەتەواوی دەنگی گۆڕابوو..گوتم:

- رەفیقە پۆلی قوتابخانەیە.دوێنێ دەعوەتی ئەوبووم ،ئەدرەس و ژمارەی تەلەفۆنی خۆی دامێ. راستییەکەی چەند ساڵێك دەبوو ئەم برادەرەم نەدیبوو نەشمدەزانی بۆتە بەڕێوەبەری گشتی!

پۆلیس دەستی دەلەرزی و بەشەرمەوە گوتی:

-وا..دیارە بەڕێوەبەری گشتی برادەرێکی زۆر نزیکتانە ؟

-ئا بەڵێ، لە قوتابخانە پێمان دەگوت ڕەزا گەڵحۆ

- خۆشحاڵ بووم بەناسینت مامۆستا، ئەوە بۆ دانانیشی؟ دەفەرموو تکا دەکەم.

رووی کردە برادەرەکەی دیکەی و گوتی:

-کاکە مامۆستاتان بۆ هێناوە؟-رووی لەمن کرد-فەرموو مامۆستا...

منی برده ژوورێکی ڕێکوپێك و لەسەر قەنەفەیەك دانیشتم . یەکیان گوتی:
-ئەمڕۆ دنیاش گەرمە، ساردێك نانۆشی؟
-ئەستەغفروڵا
ساردیان هێنا، من و یەکێکیان بەتەنیا لە ژوورەوە ماینەوە ئەوانی دیکە چوونە دەرەوە.پاشان ڕووی تێکردم و گوتی:
- مامۆستا هەروا هاتبوون؟ هیچ ئەمرێکتان هەبوو؟
تڕحیو! ئەمری چی؟ ئەی ئەمانە قوڵیان نەگرتم وبەزۆر نەیانهێنامە ئێرە؟ بینیم وەزعەکە لە بارەو تا تێك نەچووە با بۆی دەربچم .. گوتم:
- نەخێر هیچی وا نەبوو، هەربۆ ئەحواڵپرسین بوو..
- ئۆی مامۆستا زۆر بەخێربێن گەورەت کردین.
گوتم :
- بەیارمەتی جەنابت من دەڕۆم..
هەڵسایە سەرپێ و تا دەرگەی دەرەوە بە ڕێی کردم ،چونکە خوا خوام بوو لەدەستیان رزگاربم، بە عەیبم زانی داوای قەڵەم و کتێب و نووك بکەم. گوێم لێ بوو یەکێك بانگم دەکا:
- مامۆستا، مامۆستا،پرۆفیسۆر، ئەم شتانەت لەبیر کرد
قەڵەم و کتێب و دەفتەرو کاغەز سپارەی دامێ و پرسی:
- مامۆستا بەڕاست بەڕێوەبەری گشتی برادەرتە؟
گوتم :
- بەڵێ برادەرمە، بۆ دەپرسی؟
گوتی:
- چوزانم ،بۆتە مۆدە هەریەکێکی دەیگری ناوی کۆمەڵێك پیاوی ماقوڵی ئەم وڵاتەی لە دەفتەری گیرفان نووسیوە.بەڵام دیارە دۆستەکەی تۆ زۆر نزیکە وانیە؟
- بەڵی برادەێکی زۆر نزیکە.
- لەم پارچە کاغەزە دا کونیەی خۆم نووسیوە ،مەمنوون دەبم بیدەیتە جەنابی بەڕێوەبەری گشتی.
مامۆستا خالید دووای ئەوەی ڕووداوی گێڕایەوە گوتی:
-ئیدی لەو ڕۆژەوە، لێرەو لەوێ ،لە هەر شوێنێك ناوو ژمارەی تەلەفۆنی بەرپرسێکی زلم چنگ کەوێ لەم دەفتەرەدا یاداشتیان دەکەم.دوێنێش کە دەفتەرم ونکرد گەلێ نارەحەت بووم . برا

PDF 4 KURD

ئەم دەفتەرە زامنی ژیانە. کاکە تۆش دەفتەرێکت هەبێ باشە.بەڵام لەمنەوە نەسیحەت ، ئەوانەی تەقاویت دەبن یا لەکار لادەبردرێن یا بەهۆی نەخۆشیەوە لەسەر کار لادەچن، زوو ناوەکانیان لەدەفتەر رەش بکەرەوە ئەگینا دەبنە دەردو بەڵا.. بڵێ دەفتەری وات نیە؟

- نەخێر

- کاکە دروستی بکە.ئێستاکێ بۆ ئەوەی لەقەزاو بەڵای دنیا دووربن هەرکەسەو دەفتەرێکی وای لەگیرفاندایە. پیاو لەم دەرگایە بچێتە دەرەوە چی بەسەردێ ؟ مەعلووم نیە.لە کۆنەوە خەڵك نوشتەو دوعایان بەرگ دەکرد ئێستا لە جیاتی نوشتە دەفتەر هەڵدەگرن و سەداسەد کاری خۆی دەکا.

PDF 4 KURD

چۆن بەسێ رۆژان فێری ئینگلیزی دەبی؟

لەم رۆژکارەدا لەهەندێ گوندی بچووکی تورکیایشدا یەکدووانێك دەدۆزیتەوە ئینگلیزی بزانن ،ئەی زەمانی جاران چۆن بوو؟

لەتەواوی شارێکی زەبەلاحی وەکو ئیستانبوولێ ئەوانەی ئینگلیزییان دەزانی ژمارەیان لە پەنجەی دەست تێپەڕی نەدەکرد.چونکە کەس نەبوو خەڵکەکە فێربکا کەسانێکی زۆر خۆیان لەم زمانەوە بەدوور گرت.هەرچەندەی بڕیاریش درا لە فێرگەکاندا دەرسی ئینگلیزی بخوێندرێ، بەلام پەیدا کردنی مامۆستا مەحاڵ بوو.

زۆرگەڕان، دووای چەند ساڵ ئەنجا پێشنوێژی مزگەوتی(ئەدیرنا قاپا)یەن دۆزیەوە، کە لە هیندستاندا فێری ئینگلیزی ببوو. مەلا لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا لە فەلەستینەوە بە دیلی رەوانەی ئەوێ کرابوو.

مامۆستا لە قوتابخانەکەی ئێمەدا دەست بەکاربوو، بەندەیش لە یەکەم دەستەدا بووم زمانی ئینگلیزیمان خوێند.

لە ماڵەوە خۆم هەڵدەکێشا کە بەڵێ لە گەڵ مامۆستا بە ئینگلیزی دەدویێم و باوکی مسکێنم باوەڕی کردبوو، زۆریش کەیفی دەهات.

ئێوارەیەکیان دەگەڵ باوکم و چەند دۆستێکی ئەو بە سواری پاپۆر دڕۆیشتینە(هەیبەلی).

لە بەرانبەرماندا کابرایەکی بێگانە دانیشتبوو، لەبەرە خۆیەوە پرتە پرتی بوو.

باوکم پرسیاری لێکردم:

-ئەم یارۆیە چ قەومێکە؟

وام خۆنیشاندا گوایا لە قسەکانی دەگەم، گوتم:

-ئینگلیزە..

-ئەی بۆ بە ئینگلیزی قسەی لەگەڵدا ناکەی؟

ئیدی باوکم و برادەرەکانی تێکر کردیانە هەڵلا:

-دەی قسەی لەگەڵ بکە.. ئا بەڵێ بیدوێنە..

PDF 4 KURD

کابرا بە ورتە ورتی خۆیەوە نەدەکەوت..
هەرچی فێری ببووم لە مێشکی خۆمدا کۆمکردنەوەو یەکسەر بۆی چووم و گوێمنەدایە ئەنجام و گوتم:

-وات ئیز یوور نێم؟

کابرا ورتەیەکی لێوەهات و هیچی لێ حاڵی نەبووم. لەم حاڵەتەدا خۆناکرێ بێدەنگ بم، وەك ئەوەی کە بەڵێ تێگەیشتووم، گوتم:

-مای نێم ئیز حەسەن.

کابرا لە دەنگی لەرزۆکییەوە دیاربوو تووڕە بووە.ئاخ خۆزگە دەگەیشتینە هەیبەلی و ئەم بەڵایەم لە کۆڵ دەبۆوە:!

-هاو ئار یو؟

دیقەتمدا یەکێك لای چەپ دانیشتووە وا پێدەکەنێ.. ئای کە تێکەوتم! بەڵام دەکرێ پاشگەز ببمەوە؟ بە کابرام گوت:

-وات ئیس زیس؟

کابرا بەجارێ تووڕە بوو، تەنانەت دەستەکانی دەجووڵاندنەوەو ورتەی لێوە دەهات:

گوتم:

-زیس ئیس مای بووك

کابرا قیژاندی و دەستی بۆ کاتژمێری برد. بەندەیش بۆ ئەوەی لە خەڵکە بگەیێنم کە بەڵێ زمانی بەڵەدم، لێی نزیککەوتمەوەو سەیری سەعاتی دەست کابرام کرد. پاشان سەرێکم بادام گوتم:

نۆ، نۆ!!!

کابرای بەمن پێکەنی بۆ ئەوەی شەرمەزارم نەکا سەری وەرگێرا. یارۆی بێگانە جارێکی دیکیش ئیشارەتی بۆ سەعاتی دەستی کردو هەندێ ورتە ورتی کرد کەحەشتەبای لێ حاڵی نەبووم. منیش وەکو ئەو قیژاندم:

- مای نەمبەر ئیز فۆرتی وان.

ئیدی هەردووکمان بە جووتە دەمانقیژاند:

-دو یو درینك ووتەر؟

یەکێ لە دوستەکانی باوکم گوتی:

PDF 4 KURD

ڕۆڵە ئەم کابرایە چ دەڵێ؟

نەخێر ریسوا بووم..جا ئێستا چی وەڵام بدەمەوە؟ دەی پێویست بە بیرکردنەوە ناکا..گوتم :

-لە پاپۆڕ تووڕەیە مامە..دەڵێ زۆرمان پێچوو، بڕوانە کاتژمێر ،لە پێنج و نیوەوە بەڕێکوتووین کەچی هێشتا نەگەیشتووین..

ئەی تۆ چیت پێگوت؟

-گوتم تووڕە مەبە لەوانەیە کاتژمێری تۆ هەڵە بێ!!

کابرای پێدەکەنی خۆی بۆ انەگیراو دابەزییە نهۆمی ژێرەوەی پاپۆڕ، منیش بەردەوام قسەم لەگەڵ کابرای بێگانەدا دەکردو قسەکانم بۆ باوکم و برادەرەکانی وەردەگێرا .

کە لە هەیبەلی نزیك کەوتینەوەو خۆمان ئامادە دەکرد دابەزین، کابرای پێم پێدەکەنی لێم نزیکەوتەوەو گوتی:

-ئەم کابرایە ئینگلیز نیە..

چاوەڕوانی منی نەکرد بڵێم(دەزانم ئەمریکییە) گوتی:

-کابرا ئەڵمانە.بەڵام شێری بچکۆڵانە باشت تووڕە کرد..

ئەمە یەکەم کاری وەرگێرانم بوو. هی دووەمیش لەو باشتر نەبوو..

لەبیرمە پۆ لی دووەمی ناوەندی بووم. واتا ئینگلیزییەکەم باشتر بووە. باوکم بەو ئینگلیزی زانینی من گەلێ دڵخۆشبوو کەس نەمابوو بۆی باس نەکا.

هاوینێك خێزانێکی ئینگلیز هاتنە گەڕەکەکەی ئێمەو بەرانبەر ماڵێ ئێمە دانیشتن. باوکم سووربوو لەسەر ئەوەی دەبێ سەردانیان بکەین. گرفتی منیش لەوەدابوو کە ناتوانم بە باوکم بڵێم ئینگلیزییەکەم دووکەڵ دەکا، ئیدی هەر جارەی بە بەهانەیەك خۆم دەدزیەوە. بەڵام ڕۆژێکیان باوکم توند مەچەکی گرتم و بە جووتە چووینە ماڵی کابرای ئینگلیز. لە دەرگامان دا گیژۆڵەیەکی جحێل دەرگای کردەوەو بەسەرسوڕمانەوە دیقەتی ئێمەی دا لە دڵی خۆمدا گوتم: جا چی پێ بڵێم؟ باوکم گوتی:

- دەی تێی بگەیێنە، چیە ئینگلیزیت لەبیر چۆتەوە؟

گوتم:

- باوکە لەوانەیە کچە ئینگلیزی نەزانێ!

کەچی گیژۆڵە یەکسەر بە ئینگلیزی گوتی:

- چیتان دەوێ؟

PDF 4 KURD

تێیگەیشتم بەڵام چۆنی وەرام بدەمەوە؟باوکم زانی پەشۆکاوەم، بە کچەی گوت:

- کچم مسیۆ لەماڵە؟

ئیدی زمانم کرایەوەو گوتم:

- کوانێ مستەر؟

پێموایە کچە تێگەیشت و یەکسەر دەرگای کردەوە و فەرمووی لێکردین.

ئیدی خۆمـان ڕووبەڕووی کابرایـەکی لاوازی ساردی ئینگلیـزی بینیـەوە، بەسەرسـوڕمانەوە تەماشایەکی کردین.باوکم گوتی:

- دەی ڕۆڵە بیدوێنە.

- چ بڵێم؟

- بڵێ ئێمە دراوسێتانین و هاتووینەتە سەردانتان.

سەرتاپا غەرقی ئارەقە بووم و ئەو چەند وشەیەی دەشـزانین لـەبیرم کردن.کـابرای ئینگلیـزیش دیقەتی باوکمی دەداو هەندێ قسەی کردن فڕیان تێنەگەیشتم.

ئۆخەی وەبیرم هاتەوە..مامۆستای ئینگلیزی پێشنوێژی جـاران داوای لێکردبـووین چیرۆکێکی منداڵان ئەزبەر بکەین. چیرۆك باسـی قارەمـانیی مشـكێك دەكـا . حیکایـەتێکی ئاسـانە و ڕستەکانی کورتن .. دەستم بە گێڕانەوەی کرد:

- مشکێکی بچکۆلانە هەبوو..

کابرا چاوەکانی زەقکردنەوە، بەڵام گوێمنەدایێ و بەردەوام بووم:

- مشك برسی بوو بەدووای خۆراك دەگەڕا..

کابرای ئینگلیز زیاتر سەرسام بوو، تاوێك دیقەتی منی دەداو تاوێك هی باوکم..

- مشك چووە ژووری ئازوقە ،بەڵام لە بەختی ڕەشییەوە پشیلەیەکی لێبوو.

باوکم هەرچەندەی هیچی لێ حاڵی نەدەبوو،بەڵام گەلێ کەیفساز بوو.

- پشێلە بازیدا مشك بگرێ، بەڵام مشکە بۆی دەرچوو پشیلە خۆی لـە شووشـەی مورەبـا داو شکاندی،پشیلە وەدووای کەوت ئەمجارە ڕۆن ڕژا..

کابرای ئینگلیز زەردە خەنەیەکی کرد..

- پشیلە ویستی مشك بگرێ بەڵام نەیتوانی..

کابرا (یەس)ێکی لەدەم هاتە دەر..

- پشیلە فەردەی ئاردی ڕژاند..

- یەس یەس
- مشك تێپەڕبوو..
- یەس
حیكایەت بەردەوام دەبێ.پشیلە بەدووای مشك كەوتووەو هەر جارەی بـۆ قوژبنێـك بـازدەداو شتێك دەڕژێنێ یا دەشكێنێ.دوواجار مشك لە كولانەیەكی تەسكەوە بوی دەردەچێ.خاوەن ماڵ بەم حالە تووڕە دەبێ و داركاری پشیلەكەی دەكا.
كابرای ئینگلیز بە شڕە ئینگلیزییەكەی من پێدەكەنی . پاشان چای و كولیچەی داینێ.كە ئـەو قسەی لەگەڵ مندا دەكرد، بەندەیش پێدەكەنیم و دەمگوت:
- یەس یەس..
كە لە ماڵەكەی هاتینە دەرەوە پێم گوت(گودبای)..باوكم لێم نزیككەوتەوەو گوتی:
- ئەمە چیت پێدەگوت تا ئەوەندە پێبكەنێ؟
- بینیم كابرا سماق دەفرۆشێ ناچار هەندێ قسەی خۆشم بۆ كرد..
سێهەم وەرگێران ئەو كاتە بوو كە لەقۆناغی ئامادەییدا بووم..
لەوكاتەی لە بان پرد دەپەڕیمـەوە دوو لاوی ئینگلیـزم بینـی پرسـیاری شـتێك لـە خەڵكەكـە دەكەن.لێیان نزیك كەوتمەوەو خۆم تێكەڵ كردو تێگەیشتم دەیانەوێ بچنە(بوغاز)و پرسیاری ئەو شوێنە دەكەن كە پاپۆڕی لێ وەرێدەكەوێ .پێمگوتن:
- بابەیەكەوە بڕۆین منیش دەچمە ئەوێ..
مەبەسـتم ئـەوە بـوو ئینگلیزییەكـەم بـە هێزتـر بكەم،چـونكە مامۆسـتای ئـەو كاتـەی وانە(ئەفسەرێكی دەریاوانی خانەنشین) زۆر جار دەیگوت:
- تێكەڵ بوون فێری زمانتان دەكا..
ئیدی بەباشی لەیەكتری حاڵی دەبووین. یەكێكیان بلـوزێكی وەرزشـانەی دەبـەر بـوو لەسـەری نووسرابوو(رۆیاڵ ئێر فۆرس- هێزی ئاسمـانیی پاشـایەتی).وەكو تێگەیشـتم ئەفسـەری یـەدەگ وفەرماندەی پەلێكی فڕین بووە وئەندازیاری دامەزراندنی كارخانەیشی كردووە.ئەوكاتەی پلیتی پاپۆڕمان دەكڕی، گوتی:
- كیوی كلیر
هەرچەندەی هێنام بردم مانای ئەو وشەیەم نەزانی. خۆیشی نـەی دەزانـی چـۆنم تێیگـەیێنێ بۆیە دەیقیژاند:

کیوی کلیر..
فرهەنگێکی بچکۆلانەی گیرفانم ویبوو، نەخێر ئەویش دادی نەدام..
گوتم:
- ئەم کیوی کلیرە چیە؟
- کیوی کلیر.. نازانی کیوی کلیر چیە؟
خەڵکمان لێ کۆبوونەوە.. یەکێ لە کرێکارانی پاپۆڕ گوتی:
- خانە وێران یەك سەعاتە نازانی کابرا چ دەڵێ.. کەوەکلەر..
- تەحا..دەیانەوێ بڕۆنە کەوەکلەر!!
پلیتمان کڕین و سەرکەوتین .. ئینکلیزەکـان هەریەکـەو دووربینێـك و کامێرایـەکی لـە ملـەو وێنەی ئەو ناوچانەیان دەگرت.کە پاپۆڕ لە بەیگۆز وەستا، پۆلیسێك سەرکەوتە بـان و هـەردوو گەنجەکانی دەسگیر کردن.لە بیرمە ئە کاتـە ئـاوازی زۆڕنـای ئـەڵمان بەجۆشـتربوو، ئـەمریکاو ئینگلیز بێگانە بوون...
زۆر پاڕانەوە جێیان نەهێلّم .ئیدی بەیەکەوە چووینە پۆلیسخانەو لە مەسـەلە گەیشـتم..کە لـە بوغاز پەڕینەوە ئەمانە بەدووربین تەماشایان دەکرد و وێنەیان دەگرت.بابایەك وەستانی پـاپۆڕی بەهەل زانیووەو دەبەزیوەو ئاگاداری پۆلیسی دەریای کردووە،کە بەڵێ گاورێـك وێنـەی ناوچـەی بوغازی پیرۆز دەگرێ و ئەوانیش ئاگادری پولیسی بەیگۆزیان کردووە و دەسگیریان کردن.بەهۆی وەرگێڕانـی بەنـدە ئیفادەیـان وەرگـیراوو پۆلیسـێکیان وەگەڵـداین و ڕەوانـەی بەڕێوەبەرایـەتی ئاسایشی ئیستانبوڵ کران وپاش ئەوەی بۆجاری دووەم ئیفادەیان وەرگـرتن و دەسـتیان بەسـەر فیلمی کامێرا داگرت، ئازادکران.
لەحەد بەدەر سپاسی منیان کردو داوەتی نانی نیوەڕۆیان کردم لەو هۆتێلەی وا لێـی دابـەزیون. بەر لە خواردن قاپێك وێسکییان لەبـەردەم دانـام..دەزانن ئـەو کاتـە بەدەگمـەن خـەڵك نـاوی وێسکییان بیستبوو؟ منیش ئەمە یەکەم جارە لە ژیانمدا دەخۆمەوە.
هەرکە پەرداخی من بەتاڵ دەبوو بە جووتە پڕیان دەکردەوە..ئەوەندە سەرخۆش بووم نـەمتووانی تێیان بگەیێنم کە با هەریەکەو پەرداخی خۆی داگرێتەوە..دەمگوت: وانەر.. وانەر..
بەم حاڵە بۆ جاری سێهەم وەرگێڕانەکەم فەشەلی هێناو بووە مایەی گاڵتـە جاڕی.بـەلاّم ڕەنگـە دڵتان وەرگێڕانی چوارەمم بگرێ..

PDF 4 KURD

سەرەتای دەسپێکی یارمەتیی ئەمریکا بۆ تورکیا،دەبوو وەفدێکی ئەمریکی بۆئەو مەبەستە بکا.ئەو دایەرەی کە ئیشم تێدا دەکرد(ناکرێ ناوی بهێنم چونکە دایەرەیەکی‌نهێنییە)بەدوای وەرگێڕێك دەگەڕان دواجار منیان دۆزیەوە. بەڕێوەبەر داوای کردم کە چووم سێ کەسی لا دانیشتبوون..گوتی:

تۆمان هەڵبژارد ببیتە ورگێڕی سەرۆکی وەفد.

- دەخیلە گەورەم بەندە ئینگلیزیی دەریایی بەڵەد نیم..

یەکێ لە سێ کەسەی دانیشتبوون زۆر بێ شەرمانە گوتی:

- نازانی؟ نا! نەخێر دەزانی..

- جا گەورەم ئەگەر بزانم بۆ دەڵێم نازانم؟من شانازی بەم ئەرکەوە دەکەم .بەلاّم ئەگەر سەرۆکی وەفد تورکی دەزانێ ئەوە لە خزمەتیدا دەبم و بەیەکەوە هەموو ئیستانبووڵ دەگەڕێین..

- جا توخوا وەرە .. باشە بۆئەمریکی تورکی بزانێ؟

- قەیناکا ئەگەر زۆر لێرەدا دەمێننەوە ئەوە فێری تورکی دەکەم.

- نا نا ..تۆ ئینگلیزی دەزانی..

- باوەڕناکەم.بەلاّم مادامکێ ئێوە دەڵێن کەواتا دەزانم..

- بێگومان دەزانی..تەماشای دۆسیەی کەسێتیمان کردووی..لە فێرگەدا ئینگلیزیت خوێندووە..

جا هەر من ئینگلیزین خوێندووە؟

- قوربان دەڵێم نازانم ، یەکێك پەیدا بکەن بیزانێ.

- بەڵێ دەزانین خەڵکی دیکە هەن ،بەلاّم وەکو دەزانی ئەم ئەرکە نهێنییە و زۆریش نهێنی و هەرگیز ناکرێ بە یەکێکی دیکەی بسپێرین..لەبیرت نەچێ لە بڕگەی زمانی بێگانەی تۆماری کەسێتیی تۆدا نووسراوە(زمانی ئینگلیزی دەزانێ و بەڕەوانی قسەی پێدەکا)..بەگوێرەی ئەم زانیارییە تۆ تەنیا پالێوراوی ، بەتایبەتی کە کەسێکی باوەڕپێکراویشی.

سێ رۆژی دیکە وەفد دەگا..شەوو رۆژم بەیەکەوە وەنان تا ئەوەی هەموو سالاّنە لە بیرم کردوون وەبیرخۆمیان بهێنمەوە..

پێشەکی هەوڵمدا ئەو شتانە فێربم کە ڕنگە جێگەی بایەخی سەرۆکی وەفد بن. هەندێ پرسیارو وەلاّمم ئەزبەر کردن و لە دەفتەرێکی بچکۆلاّنەدا یاداشتم کردن و گوتم ئەگەر ئەم شتانەم لێ بپرسێ ئەوە زۆر بەرێکوپێکی لەیەکتر حالّی دەبین. لە دلّی خۆمدا گوتم بێگومان پیاسەیەکیش بە ئیستانبوولّدا دەکەین، هەر بۆیە زانیاریم لەمەر شوێنەوارەکانەوە کۆکردەوەو

وەکو بزانم سەرۆکی وەفد ئەدمیرالی دەریایەو هەر زانیارییەکی پێوەندیی بە بەربەرۆسەوە بێ، ئەزبەرم کردن.

دوواجار وەفد گەیشت و لە شوێنی حەسانەوەیاندا چاوم پێیان کەوت.پاشان سەرکەوتم و چوومە ژووری سەرۆکی وەفدو بەئاسانی خۆم پێناساند کە بەڵێ وەرگێڕی شەخسیی ئەوەم..هەندێ ورتەی لێوە هات حەشتەبای تێنە گەیشتم.

با بۆ خۆی بڵێ. من ئەو دەڵێم کە ئەزبەرم کردوون.دەگەڵ ژەنراڵ دابەزیم و هاتینە شەقام.بەلاّم هەریەکەو ئاوازێك دەژەنین..زۆر دڵپەست بووم..بیرم کردەوە با فێلێکی لێ بکەم بەوەی بەردەوام پرسیاری لێ بکەم و ماوەی نەدەم دەم بکاتەوە:

- گەورەم سەفەرەکەتان چۆن بوو؟

نەمزانی چی وەلاّم دامەوە.

- پاشان بۆ کوێ دەڕۆن؟

وەلاّمی دایەوە بەلاّم نەمزانی چی گوت..ئیدی بەردەوام لە منەوە پرسیار لە ژەیڕاڵیش وەلاّم..

ئیدی شەرمم نەماو بەدەوام پرسیارم لێدەکرد. لە هەڵسوکەوتییەوە تووڕەبوونم بەدی کرد..

باشە سەیر نیە کابرا تەنانەت یەك تاکە پرسیاری لێنەکردم لەوانەی خۆم بۆئامادە کردبوون؟ بۆیە لە خۆمەوە باسی بەربەرۆس و گرتنی شاری ئیستابوولم بۆ دەکرد..ژەنراڵی کلۆڵ سکووتی لێکردو بە ئەمان و زەمان دەمی نەکردەوە.

ژەمی نیوەڕۆم لە هۆتێلدا خواردو لە هۆڵی ئیستراحەتدا چاوەڕوانی بووم کەچی هەر دانەبەزی.یەکێ لە بەردەستەکان لێم نزیکەوتەوەو گوتی:ئەدمیرال سەفەری ئەنقەرای کرد..

بەهۆی وەرگێڕانی منەوە وەفد بەرنامەی سەردانی خۆی گۆڕی. بەهەرحاڵ دووای مانگێك نامەیەکم وەدەست گەیشت تەمغەی ئەمریکای وەسەرەوە بوو.زەرفم هەڵپچڕی نامە لە سەرۆکی وەفدەوەیە، دەڵێ:

- زۆر سپاست دەکەین لەسەر ئەو یارمەتییەی ئێمەت دا لە ئیستانبووڵ ولەسەر ئەوخزمەتەی بە ئێمەت گەیاند.

ئیدی لەو رۆژەوە هەوڵدەدەم بەتەواوەتی فێری ئینگلیزی ببم و زۆر بە جوانی دەگەڵ ئەمریکایی و ئینگلیزان قسە دەکەم..بەلاّم ئەوان بۆ لەگەڵ مندا قسە ناکەن؟بێگومان ناتوانن ..چونکە دەبێ وەکو من هەوڵ بدەن فێری ئینگلیزی بن!

PDF 4 KURD

خاڵە گۆهەر

یالّچین هاوڕێی منداڵیمە، دەمزانی کتیبخانەی ماڵەکەیان پڕیەتی لە کتێب. ماڵەکەیان کۆشکێکی بەرزو زەلامەو دەکەوێتە نێو باخچەو داروداڕستان کەچووینە ژوور گوتم :

-کۆشکێکی جوانتان هەیە

گوتی:

-کۆشکی گۆهەری پوورمە.

منی بردە ژوورێك ئەوەندە کتێبی تێدا بوو کە نەمدەزانی تەماشای کامیان بکەم ! یالّچین گوتی:

-با چاییش هەر لێرەدا بنۆشین.

خەریکی دیقەتی کتێبێکی جلدکراو بووم ،کە دەنگێك لە نهۆمی دووەمەوە هات:

- ئارمانج گردی بەرامبەرتانە، ئاگر.. ئاگر.

زۆرم بیر لێ نەکردەوەو مەشغوولی کتێب بوومەوە کە دووبارە دەنگەکە هاتەوە:

-بۆلای راست، ئاگر

ویستم لە یالّچین بپرسم، بەلام دەنگ لە دەنگی منداڵێك دەکا خەریکی گەمەو یاری سەربازیی بێ.

ئێمە خەریکی چا نۆشین بووین کە دە نگ جارێکی دیکەیش بەرز بۆوە.

-ئامادەباش..ئاگر.. ئاگر

پاشان ڕمبەیەکی گەورەو توند هات و دەرگا کرایەوە، بنیادەمێکی سەیر کە نە لە ئافرەت و نە لە پیاو دەکا خۆی کردە ژوورەوە.قژی یەکپارچە سپی، بالابەرز کلاوێکی قوماندانەکانی زمانی کۆنی لەسەرناوە. دیقەتی قژو رووی بدەی ئافرەتە. بەرگی پیاوانەی دەبەری جۆرەها نیشان ومەدالیای پێوەیە.چەکمەیەکی رەشی دپێیەو گۆرەوییەکی ژنانەی وەبان ، شیرێکیشی لە نێو قەدی ئالاندووە. هەرکە چاوم پێی کەوت یەکسەر بازمدا، یالّچین توند مەچەکی گرتم و وای پێناساندم:

-گۆهەری خالۆم !

رووی تێکردم و گوتی:

PDF 4 KURD

چۆنی کوڕەلاو؟

- سپاست دەکەم قوربان...

- بە مولازمێکی سەربازی ناگوترێ : سپاست دەکەم ، دەگوترێ: سەلامەت بی-رووی لە یاڵچین کرد-ئافرەتە تۆپچییەکان گیای وشکیان پێویستە.

پاشان نەعرەتەیەکی لێداو ڕۆیشت.

یاڵچین گوتی:

- باسی گۆهەری پوورمم بۆکردبووی وا نیە؟

- نەخێر هیچت باس نەکردووە.ئەرێ بەڕاست ئەوە پوورە گۆهەر بوو یاخاڵە گۆهەر؟

- هەردووکیان بوو. گوqهەری پوورم لەم کۆشکەی کە لە مێردییەوە ماوەتەوە بە تەنیا دەژیاk دووای ئەوەی منداڵەکانی بوونە خاوەن ماڵی خۆیان و تە نیا کچێکی بچووکی مابوو. کە باوکم لە ئەنقەرەوە فەرمانی دامەزراندنی بۆ ئیستانبووڵ دەرچوو، ماوەیەك لە هوتێلدا ماینەوەو بە دووای خانوێك دەگەڕاین بەکرێی بگرین. پوورە گۆهەر خەبەری بۆ ناردین کەبەتەنیا لە کۆشك دا وەرز دەبێ: پیاوی چاك بن وەرن بەیەکەوە بین.دایکیشم خوشکی بچوکیەتی و جیاوازیەکی تەواویان لە نیqوان تەمەندا هەیەو هەرچی پوورم بڵێ ڕەتی ناکاتەوە.هاتینە کۆشك. ئەو کاتە کوڕە گەورەکەی پوورە گۆهەر لە ئەمریکا بوو. پاشان کچەکەیشی مێردی کردو ئێستا وا لە (ماچکا)یە.چەند ساڵ وا بەڕێوە چووین. بەیانییەك هێشتا نە من و نە باوکم بەرەو کار نەڕۆیشتبووین، خەریکی پێڵاو دەپێکردن بووین کە دەرگا لێدراو من کردمەوە. پۆلیسێکی جانتا وەدەست لە بەر دەرگا بوو، گوتی:

- گۆهەر لەم ماڵە دادەنیشێ؟

بێ حورمەتیی پۆلیسم بەسەرخۆ نەهێنا. ئەوکاتە پوورە گۆهەر تەمەنی حەفتاو چوار ساڵ بوو، کۆنە ئافرەتێکی ئیستانبووڵی بە هەیبەت .خەڵکی گەڕەك و ئەوانەی دەیانناسی ڕێزیان دەگرت و بە -خانم-و -خاتوون- ناویان دەبرد. زۆر کەس نەیدەزانی ناوی چیەو هەر بە -خانمە فەندی- یان ناودەهێنا..دەیانگوت: کۆشکی خانمەفەندی، باخی خانمەفەندی..

بەپۆلیسم گوت :

- چیت لێی دەوێ؟

- بانگی کەن با بێ.

ئەو کاتە پوورە گۆهەر لە شوێنی خۆی نەدەجوولا، نەك لەبەر نە خۆشی بەڵکو لەبەر قەڵەوی.گوتم:

PDF 4 KURD

ئەو نایە، چت دەوێ بەمن بڵێ.

باوکیشم هاتە بەردەرگاو بە پۆلیسی گوت نایە.

-بۆچی نایە؟ ئێمە دەزانین چۆن خەڵك دەهێنینە دەرەوە!

باوکم گوتی:

- باشە بزانم چۆنی دەهێنن؟

- یانی خۆتان لە قەرەی هێزی یاسا دەدەن؟

- کاکە یاسای چی ! ئەوەندە قەڵەوە ناتوانێ لە نهۆمی دووەمەوە دابەزێ!

پۆلیس سەری سوڕما:

-گەنج ئەوەندە قەڵەوبێ لە پلیکانەو دانەبەزێ!

-گەنج؟ گەنجی چی؟ لە حەفتا بەسەرەوەیە

پۆلیس چاوی کردەوە کاغەزی دەستی خوێندەوە:

- لێرە نووسراوە بیست و چوار. باشە لەو حەفتا ساڵەیدا سەربازی کردووە؟

-کێ؟

-گۆهەر.

-ئەوەتۆ دەڵێی چی؟ گۆهەر خان ئافرەتە

- هەڵلا هەڵلا.. قاچاغی سەبازی یەو تەجنید بەدووایەوە دەگەڕێ.. کەواتا ئەمە گۆهەرێکی دیکەیە.

دایکم بەو مانایەی شارەزای گەڕەکە گوتی:

- لەم ناوە گۆهەری دیکە نیە

پۆلیس جارێکی دیکەیش دیقەتی ناوو ئەدرەسی کاغەزی دەستی دایەوە خاڵ بەخاڵ لەئێمەی دەپرسی و ئەدرەس تەواوە. ناچار گوتی:

-تکا دەکەم بادابەزێتە خوارەوە، ئەمە ئەرکێکی نیشتمانییەو هەموومان دەگرێتەوە. دەوڵەت دەستی درێژە و لەهەر کوێ بێ دەیگرێ.

پۆلیس دەستی کردە ئامۆژگاری. باوکم گوتی:

- ئەو ناتوانێ دابەزێ، فەرموو تۆ سەرکەوە.

دایکم گوتی:

- تکا دەکەم پێڵاوەکانت داکەنەو لەسەرخۆ برۆ، دڵی زۆر ناسکە، زوو تووڕە دەبێ.

PDF 4 KURD

[illegible] پۆلیس سەرکەوتین ،پوورە گۆهەر لە قوژبنێك دانیشتووە ، ئێمەی بینی پەشۆکا. بەڵام کە تێمان گەیاند دەوڵەت داوای دەکا بێ سەربازی بکا، پێکەنی وەسەر خۆی نەهێناو وەڵامی پۆلیسی دایەوە:

-ناوت؟

-گۆهەر

-تەواوە، شۆرەتت؟

-یەن ئۆغلۆ.

- ئەمەش تەواوە، ناوی باوکت؟

-سەردەستەی تۆپچیان حەلیم پاشا.

- یەکدەگرێتەوە، لێرەیش حەلیمە، ناوی دایکت:

- وەسامەت.

- هەمووی تەواوە، بەڵام یەکەم تەمەنت ودووەم کە ئافرتی ،ئیشەکەی تێکداوە! ئوسوولەن دەبێ وێنەیەك لە تۆماری سەرژمێریی دایەرەی نفووس بێنن و ئێمەش بۆ تەجنیدی دەنووسین.

وەك پۆلیس فەرمووی-ئوسوولەن- وێنەیەکمان لە تۆماری نفووسی پوورە گۆهەر بردە پۆلیسخانە. دەپازدە رۆژی پێچوو کە دیسان سەرو کەللەی هەمان پۆلیس و کۆمیسێرێك وەدەرکەوتن کە دەمێکە لە گەڕەکی -ساری یەر-دا کاردەکا و پوورم دەناسێ:

- خانمەفەندی هاتووین مەحزەرێك رێك بخەین.

پوورم گوتی:

-رۆڵە کە تۆ دەمناسی مەحزەری بۆچیە؟

کۆمیسێر گوتی:

- ئاخر ئەمە ئوسووڵە.

مەحزەرێکیان نووسی کە بەڵێ گۆهەری پوورم ئافرەتەو پیاو نیە،پۆلیس و کۆمیسێرو ئێمە تێکڕا ئیمزامان کرد. کاتێکی دیکەیشی خایاند، کە رۆژێکیان دوو دانە ئینزبات وبۆلیسی جارانمان لێ وەژوورکەوتن.کۆمیسێرخەبەری رەوانە کردووە کە بێ زەحمەت با پوورە گۆهەر سەرێکی دایەرەی تەجنید بدا.

گوتمان : ئەمە چەندی بەچەندە،هەرجارەی قەوانێك لێدەدەن؟

پۆلیس گوتی:

PDF 4 KURD

ئاخر جەناب ئەمە ئوسووڵە

ئەوەندە باسی لە ئوسووڵ کرد،گێژو وێژی کردین.

پوورە گۆهەر گوتی:

- مادام ئوسووڵ وایە دەچم .

بە باوەش پوورمان لە نهۆمی دووەمەو دابەزاندو سواری ئۆتۆمبیلمان کردو بردمانە دایەرەی تەجنید. بەڕیوەبەڕ عەقیدەو شتێکی لە پوورم پرسی ئەویش وەڵامی دایەوەو گوتی:

-مێردی من ژەنراڵ بوو بیست ساڵ دەبێ مردووە و منیش تەمەنم حەفتا ساڵە چۆن دەبێ بۆ سەربازیم بەرن؟ من خێزانی مەمدووح پاشام !

هەرکە ناوی مەمدووح پاشای بیست، عەقید لە شوێنی خۆیەوە دەرپەڕی و پڕی دایە دەستی پوور گۆهەرو ماچی کردو گوتی:

- توخوا خانمەفەندی من ناناسی؟ من لە خزمەت مەمدووح پاشادا بووم و پیاوەتی لەسەرمە.

بەڕێوەبەری دایەرەی تەجنیدیش ناسیاو دەرچوو. عەقید گوتی:

- هیچ نیە.بەڵام تەنیا تکایەکم هەیە ئەویش ئەوەیە روونووسێکی نفووسمان بۆ بێنن .پوورم گوتی:

- توخوا ئەمە حاڵە، مەحەزی پۆلیسخانەتان بۆهاتووە، تۆش چل ساڵە من دەناسی ئینجاش حەواڵەی نفووسم دەکەی؟

-ئاخر ئەمە ئوسووڵە،ئوسووڵ.

لە دایەرەی تە جنید بەدەرکەوتین و هاتینە دەرەوە . دووسێ رۆژی نەبرد پۆلیس و ئینزبات بەر دەرگایان لێ گرتین:

- تۆماری نفووس نە هات ، ئەگەر بە دستمان نەگات ناچارین سەوقی سەربازی بکەین.

نەخێر ترسمان گەیشتێ کە پوورە گۆهەری تەمەن حەفتا ساڵێ و قەڵەو دەبەنە سەربازی. کچەو زاوای گەیشتنێ و بەیکەوە بەرەو دایەرەی نفووس بەرێ کەوتین، بەرێوەبەری نفووس هاوپۆلی زاوای پوورم دەرچوو، یەکدوو جاریش هاتۆتە کۆشك، هەڵسایە سەرپێ و دەستی ماچ کردو گوتی:

- بەندە خانمەفەندی دەناسم.

خۆشییەکمان هاتەوەبەر. بەرێوەبەر مامەڵەی لە فەرمانبەر وەرگرت و تۆماری نفووسی هێنایە ژوورەکەی خۆی و بەدووای نێوی گەڕا. ئێمەیش خەریکی چای نۆشین بووین. چەند

[illegible]ەکی هەڵدانەوەو گوتی:

-بەڵێ هەڵەیەك رووی داوە، لە جیاتی مێژووی لە دایك بوون بنووسرێ ۱۹۰۱، نووسراوە ۱۹۵۱واتا خانم کە تەمەنی حەفتاو چوار ساڵە ،دەبێتە بیست و چوار ساڵ،-گۆهەر-یشیان بەپیاوحسێب کردووە.

دامانە قاقای پێکەنین. بەڕێوەبەر گوتی:

-بۆ راست کردنەوەی ئەم هەڵەیە دەبێ سەردانی دادگا بکەن.

پوورە گۆهەر گوتی:

-ئەمان ،دادگای چی؟

-ئاخر خانمەفەندی ئەمە ئوسوولە،تابڕیاری دادگامان بۆ نەیەت ناتوانین هیچ شتێك بگۆڕین.

پوورم تووڕەبوو،گوتی:

-جا من ئەم هەڵەیەم کردووە؟ کێ هەڵەی کردووە با ئەو بچێتە دادگا!

- خانم ئەم دادگاییکردنە شتێکی گرنگ نیە، ئوسووڵەن دادگایەکی هاکەزاییە.

گەڕاینەوە ماڵەوە. پۆلیس و ئینزباتی بەر دەرگا بەرنادەن. تەلگرافێکمان بۆ کوڕە بچکۆلانەکەی رەوانەکرد کە لە ئیزمیر دادەنیشێ:

(فریای دایکت بکەوە ناوی بۆ سەربازی هاتووە).کوڕە بەپەلە بەخۆی وبە ژن و منداڵەوە هاتن . پوورە گۆهەر هەمووەمانی کۆکردەوە و گوتی:

-کوڕینە مەسەلە ئوسوول و موسوول نیە وئیشەکە گاڵتەی پێ ناکرێ و دەمکەنە سەرباز..پیاوی چاك بن بەهەندی هەڵگرن.

کوڕەی لە ئیزمیر هاتوو پارێزەرێکی دۆستی گرت. هەندێ جاریش شانس دەور دەبینێ.دادوەر خەڵکی —ساری یەر - ـەو پوورە گۆهەر دەناسێ.

رۆژی دادگا پوورە گۆهەریان لە قەفەزی تاوانباران پەستاو پارێزەر دەستی بە بەرگری لێکردن کرد، کە گۆهەر خانم ئافرەتەو منداڵ و نەوەی هەیەو بەتەمەنە . دادگا داوای دوو شایەدی کرد . پوورم وەك باروت لە رووی دادوەر تەقیەوە:

-کوڕە تۆ من ناناسی؟ئیدی شایەدت بۆ چیە؟

- تکا دەکەم پووری گیان، ئەمە ئوسووڵەو شایەدی دەوێ ،دووان پەیدا بکەو بەس.

کوڕ، زاوا،بووك، برا،خوشك،نەوە، تەواوی خزم و خیش لە نێو ئیشەکە داین. نامەیەکی بەپەلەمان بە فڕۆکە بۆ کوڕی گەورەی پووریێ رەوانەی ئەمریکا کرد:(زوو وەرە دایکت

دەکەنە سـەرباز).حەفتەیەکی نـەبرد وەڵامـی دایـنـەوە:(ئێوە شـێت بووینە؟)نامەیـەکی دیکەمان رەوانەکرد:(واز لە شێتی و مێتی بێنە، دایکت دەکەنە سەرباز).ناچـار بـە ژن و مندالّەوە هاتەوە.

ئینجا وەرە شایەد پەیدا بکە. بەهەر کوێمان دە گوت خـۆی لێ دەکێشـایەوە دەیگـوت : بابـە ئاخر بەر لە حەفتاو چوارساڵ هێشـتا باوکیشـم لـە دایـك نـەبووبوو، چـۆن شـایەدی وابـدەم؟ دەمانگوت: بابە تەمەن گرنگ نیە ئەمە ئوسووڵەو دەبێ شایەد هەبێ. دەیانگوت: خوا هەیـە، ئێمە شتێك نەزانین شایەدی نادین...خوا تووشـی بـەڵای گـەورەمان دەکا،ئاخرسـزای شـایەدی بەدرۆ قورسە.

بەهەرحاڵ و دەردەسەری دووشایەدمان پەیـداکردن، یـەکیان تەمـەن پـەنجاو پێـنج و دوومیـان شەست ساڵ. ئەمجارە دادگا بڕیاریدا دەبێ پوورە گۆهەر -موعایەنە- بکرێ .لە هـۆڵی دادگـادا کچی پوورە گۆهەرو هەردوو کوڕی و هەشت نەوەی وەستاون .خۆمـان گەیانـدە دادوەر گلـەمان لێکرد، کەچی گوتی:

- برادەرینە منیش دەزانم گۆهەر خانم ژنە، خۆ من لەسەر دەستی ئەو لـەدایك بوومـە، بـەڵام ئەمە ئوسووڵە دەبێ موعایەنە بکرێ.

کەوتینە دووای موعامەلە. دەستەی تەجنید سەریان تێکردووین:

- ئیستەرەم دەبێ گۆهەر بکرێتە سەرباز چونکە ئەوە چەند مانگە مامەڵەتان تەواو نەکردووە.

ئەمجارە نۆرەی پوورم بلّێ:

- دووای ئەم تەمەنە درێژە تازە ئیسپاتی مێیینەییم بکەم ؟ نایکەم!

- ئەمان پووری، ئاخر ئەمە ئوسووڵە ئووسووڵ.

فایلمان گەیاندە نەخۆشخانەی رەسمی . لە شانسی پووریێ ئەو دکتـۆرە ژنـەی موعایەنـە دەکـا دۆستی کوڕی گەورەی دەرچوو، سەرۆکی دکتۆرەکانیش یەکێك بـوو لـە قوتابیـانی مەمـدووح پاشا.خۆمان گەیاندێ، گوتی:

- ئەمڕۆ نابێ!

- بۆ نابێ؟

- ئەمڕۆ لیژنە دانانیشێ، تەنیا راپۆرتی منـیش نـایخوا دەبـێ تـەواوی ئەنـدامان ئیمـزای لەسەر بکەن.

کوڕی گەوری پووریێ گوتی:

پەیڕەوی چی؟ تۆ دایکم ناناسی؟

-دەیناسم برا دەیناسم.. بەڵام ئەمە ئوسووڵەو دەبێ پەیڕەو بکرێ. بە ناسینی من نابێ.

هەموویان دەزانن پوورە گۆهەر ژنەو پیاو نیە و تەمەنی حەفتاوچوار ساڵەو بیست و چوار نیەو دووکوڕو کچێك و هەشت نەوەی هەیە، بەڵام هەر یەکەو ئیشەکە لەسەر خۆی لادەباو دەیخاتە سەر ئەوی دیکە.

دوواجار راپۆرتی پزیشکمان وەرگرت .رۆژی دادگا هۆڵ جمەی دێ .. خزم و دۆست و ناسیاو، ناسیاوی دۆستان، خەڵکێك هەر دووربە دوور ناویان بیستووە هاتوون. بە تایبەتی کە رۆژنامەکان هەواڵی بەسەربازکردنی گۆهەر خانمیان بلاوکردووتەوە.

راپۆرت خوێندرایەوە، دادگا بڕیاریدا کە بەڵێ گۆهەر ئافرەتەو پیاونیە ، کە لەناکاو پوورە گۆهەر قیژاندی:

- نەخێر من پیاوم.

دادگا کش و مات بوو ، پاشان درایە قاقای پێکەنین، گۆهەر درێژەی دایێ:

- من ئوسووڵەن پیاوم. راپۆرتی پزیشکی ساختەیەو شایەدەکان درۆدەکەن و ئامادەم بمکەنە سەرباز.

بەڵێ دادگا بڕیاری خۆی دا، بەڵام لەو رۆژەوە پوورە گوهەر جل وبەرگی سەربازی مێردی دەرهێناوەو دەبەری دەکاوهەر لە بەیانییەوە تائێوارە مەشق دەکاو دەخولێتەوە قاییلییش نابێ کەس پێی بڵێ پوورو دەبێ بڵێن خاڵۆ گۆهەر.

جارێکی دیکەیش لە نهۆمی دووەمەوە نەعرەتە بەرزبۆوە:

- خۆتان چوست کەن ئامادەبن..ئاگر، ئاگر

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

خانمی مامۆستا

ئەو رۆژنامەیەی بەندە کارم تێدا دەکرد بەپێی یاسای تەواری بەم شێوەیە داخرا:
کاتژمێر لە نۆ نزیك دەکەوتەوە ئەوکات بەندە پەیامنێری رۆژنامە بووم لە وەزارەتی دادو دەزگاگانی ئاسایش دا.ئێمە خەریکی کار بووین کە حەسەنمان لێ وەژوور کەوت.حەسەن پۆلیسی سقیلەو لە هۆبەی یەکەمی بەرێوەبەرایەتی ئاسایش دا فەرمانبەرە و بەرپرسی کاروباری رۆژنامەوانییە.پیاوێکی رەنگ ئەسمەری دەم بە پێکەنین،بەلاّم رۆژنامەنووسان لە زەردەخەنەکەی رەشبینن.
حەسەنی پۆلیس جارێکیان بە پێکەنینەوە هەواڵی مردنی رۆژنامەنووسێکی پێ گوتین وەك مزگێنیمان بداتێ!
کە سەرنووسەر چاوی بەحەسەن کەوت لەبناگوێمەوە گوتی:
-هەواڵی ناخۆشی پێیە!
پاشان حەسەن مزگێنیی داینێ وگوتی:
-ئاگادارتان دەکەم کە بڕیاردرا رۆژنامەکەتان داخرێ.
وا وشەی ئاگادارتان دەکەمی لە دەم دەرچوو وەك بلّێ پیرۆزباییتان لێدەکەم.
سەرنووسەر پرسیاری لێ کرد:
-بۆ داخرا؟
حەسەن وەلاّمی دایەوە:
-فەرمانی یاسای تەوارییە.
لەگەلّ وشەی تەواریدا پێکەنی و لەو پەڕی دلّخۆشیدا بوو.
کە کار پێوەندیی بە تەواری بێ کەس ناپرسێ بۆ ؟ چۆن ؟ لەبەرچیێ؟
سەرنووسەر گوتی:
-کوانێ فەرمانی نووسراو؟
-پاشان ڕەوانەی دەکەن.

PDF 4 KURD

بەرەحمەتی خوا بکەوێ، حەسەن بە باشترین شێوە ئەرکی خۆی بەجێ دەگەیاندو چاوەڕوانی ئەمری نەدەکرد چاپ بکرێ ویەکسەر دەهات ئاگاداری دەکردین، تەنانەت هەندێ جار نووسراو هەر رەوانە ناکەن...واتا ئێمە ئێستا لە بارێکی دیموکراتیدا دەژین ئەگەر لەگەڵ شەش مانگی بەر لەئێستادا بەراوردی بکەین.

بەهەرحاڵ ئەوەندەی نەبرد ماتۆرێك لەبەر دەرگای رۆژنامە وەستا. جاران دەنگی ماتۆڕمان گوێ لێ بوایە پێمان وابوو مەسەلە پێوەندیی بە بلاۆکردنەوەی هەواڵێکەوە یا داخستنی رۆژنامەوە هەیە.ئەمجارە پۆلیس فەرمانی چاپکراوی داخستنی رۆژنامەی بۆ هێناین.

چەقۆیش دەممان ناکاتەوەو بێ ئەوەی کەس هیچ بلێ هەریەکەو بەلایەکەوە رۆیشتین.ژمارەمان بیست و شەش فەرمانبەر بوو،حەوتمان بەر لە دە رۆژ لە رۆژنامەیەکی داخراوبە پێی یاسای تەواریەوە گواسترابووینەوە ئێرە.

ئەوکاتە سنووقی دابیکردنی کۆمەلاَیەتی مانای نەدەزانراو خاوەنی رۆژنامە ناچار نەدەبوو مووچەی کارمەندان بدا. واتا ئێمە تێکرا لە بێکاری و بێ پارەییدا دەژیاین. پاشان لە ماوەی دوو مانگدا لە سێ رۆژنامەدا کارم کردو هەر سێ رۆژنامە بە پێی یاسای تەواری داخران. لەبەر ئەوە بەر دەرگای سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران هەمیشە پڕی بوو لە رۆژنامەنووس و نووسەری بێ کار.

ئەو رۆژنامانەی بەردەوامیش بوون ژمارەی کارمەندانی دووقات زیادیان کردو ژمارەی ئەو کەسانەی سەرەیان بۆ ئیشوکار گرتبوو لە دە کەس کەمتر نەبوون .

دوو مانگی تەواو بێکار دانیشتم. رۆژێکیان لە کۆمەڵەی رۆژنامەنووساندا دانیشتبووین، دۆستێکم گوتی:

-وەزیفەی هەڵچن لە رۆژنامەکەماندا بەتاڵە، تۆم بۆ ئەو وەزیفەیە پالاَوتووەو رەنگە دابمەزرێی ، زوو وەرە تا کەس بەم وەزیفەیەی نەزانیوە.

یەکێك لە چاکەکانی ئەو رۆژنامەیە ئەوەیە کاری زامنە و یاسای تەواری نایگرێتەوەو ..چونکە خاوەنی پەرلەمانتارەو سەر بە حزبی دەسەلاَتە.بۆیە ترسی داخستن و بێکاریمان نابێ.

کە لەو رۆژنامەیەدا دەست بەکار بووم خاوەنەکەی لە ئەورووپا بوو.خاوەن رۆژنامەکان بەگشتی زۆر رەزیل بوون. کەچی نەیانتووانی لەسەر پێ بوەستن و شوێنێك بۆخۆیان لە ژێر تیشکی خۆر بکەنەوە....تەنانەت زۆربەیان ناویان رەش بووەو لە بیرکران. هەر وەها نەیانتووانێ دەگەڵ گەشەکردن وبەرەو پێشچوون خۆیان ڕابێنن، کەچی هەرهەموویان بوونە خاوەن چەند ملیۆن لیرە.

لەبەر ئەوەی خاوەن رۆژنامە پیاوێکی قرچۆکە،تەنیا دوو هێڵی تەلەفۆنی راستەوخۆی راکێشاوە، یەکیان لە ژوورەکەی خۆیەتی و هی دووەم لە ژووری نووسەراندایە.من ئێواران لەو ژوورەدا کاردەکەم و لەمن بترازێ کەسی لێ نیەو بەتەك ژوورەکە ژووری ئێشکگری شەوانەیەو کە تەلەفۆنی بۆ دەکەن یەك دوو مست لە دیوار دەدەم و دەزانێ ئەویان دەوێ.

ئێشکگری شەوان گەنجێك بوو حەزی بە پێوەندیی بە ئافرەتانەوە دەکردو دۆستی زۆری لە سەماکەرو گۆرانیبێژو ئەکتەری مێینەی سینما هەبوون و شەوانە لانی کەم دەپازدە لەوانە پێوەندییان پێوە دەکردو هەرجارەی دەبوو مست لە دیوار بدەم و ئاگاداری بکەم، سەرەڕای ئەو تەلەفۆنانەیش زۆرجاریش ژن دەهاتنانە ژوورەکەی ،جا یا وەڵامی تەلەفۆنی نەدەدایەوە یا درانگ دەهات.

خۆشحاڵ بووم بەوەی کارێکم دۆزیەوەو زۆر دەترسام وەدەرم نێن و بێکار بم لەبەر ئەوە دڵی کەسم نەدەشکاندو دژایەتی کەسم نەدەکردو هەر چیەکیان دەگوت نەمدەگوت نا.ئەو دۆستەی کاری بۆ دۆزیمەوە هەمیشە پێی دەگوتم:

- لە خانمی مامۆستا بترازێ لەکەس مەترسە.ئەگەر لەگەڵ ئەو تێك نەدەی کەس ناتوانێ لێرەت وەدەرنێ.

-جا من چکارم بە خانمی مامۆستایە؟

-وا مەڵێ ..ژنە بەڵای خوایەو خۆی لە هەموو کارێك هەڵدەقورتێنێ.

تەواوی کارمەندانی رۆژنامە زەندەقیان لە خانمی سەرنووسەر چوبوو.. ناوی سەیرسەیریان لێی نابوو وەك شاژن،ئیمپراتۆر..کەسێکت لە رۆژنامە نەدەدۆزیەوە زراوی لە خانم نەچێ.

دووای سێ مانگ لە کارکردنم شەوێکیان خەریکی هەڵچنی هەندێ بابەتی بوێرانە بووم کە زەنگی تەلەفون لێیداو دەنگی ئافرەتێکم گوێ لێبوو.چەند جارێك مستم لە دیوارداو بەژنەم گوت: (یەك دەقیقە سەبرکە وا دێ)و تەلەفۆنم بەکراوەیی لە سەرمێزداناو خەریکی کاری خۆم بووم.کەتەواوم کرد بینیم تەلەفۆن کراوەتەوەو مانای ئەوەیە ئێشکگر لە ژووری خۆیدا نیە..تەلەفونم داخست کەچی یەکسەر زەنك لێیدایەوە:

-فەرموو خانم.

-کورە تۆ کێی؟

-لەو تووڕەتر قیژاندم:

-ئەی جەنابت کێی وا بەم شێوەیە دەئاخێوی؟

وامزانی ژنە یەك لەوانەیە شەوانە تەلەفۆن بۆ ئیشکگر دەکاو چوزانم خانمی مامۆستایە؟
ژنە گوتی:
-ئەی داوای ئێشکگری شەوانەم نەکرد؟
-بەڵێ بەندەیش مستم لە دیواردا..
-ئەی بۆ نەهات؟
-جا من چوزانم؟
-هەتیوە دێم و دەمت هەڵدەزڕێنم..
بە گاڵتەوە گوتم:
-لەسەرخۆ خانم..
ژنە دەستی بە جنێودان کرد،جنێوی وا کە لەرووم نایە بیانگێڕمەوە، گوتم:
-من وا پەردەکراوم نەتوانم وەلاٌمت بدەمەوە.
دەنگی زیاتر بەرزکردەوەو پتر جنێوی دامێ:
-کورە هەی شێت و وێت تۆ کەی پەروەرد کراوی؟ هەی بێ تەربیەت..
-دامت داخە ..تۆ خۆت بێ تەربیەتی.
-تۆ کەری...
-کەر تۆی..
-تۆ حەیوانی..
تەماشای ئەم ژنە شێتە! لە جنێودان ناکەوێ..هەرچەندەی منیش هەمان جنێوم پێدەداوەو دەمگوت خۆت.. دوواجار گوتی:
-با بێم ئەنجا تێت دەگەیێنم!
گوتم:
-وەرە بابزانین کێ کێ تێدەگەیێنێ!
-تفوو بێ ڕوشت..
-تفوو لە خۆت.. شێتی کوێرە چت لەمن دەوێ؟
-ئاخ خەریکە دەبووریمەوە..کورە ئەی داوای ئێشکگری شەوانەم نەکرد گوتت یەك دەقیقە خانم.. هەی کەرە..
وەك ڕەشاش دەتەقیەوەو بێ وەستان جنێوی دەداو منیش وەلاٌمی جنێوەکانیم دەدایەوە:

PDF 4 KURD

-تۆ..تۆ..تۆ.

-دەی بانگی ئێشککگری شەوانەم بۆ بکە..

-وس کچێ وس، من لای باوکت کرێگرتە نیم .. یەکێکی دیکە بدۆزەرەوە..

پاشان دووپێلاقەم خێواندنە دیوارو بەئانقەست هاوارم کرد تا ژنە گوێی لێ بێ:

-برا دەورە وەلاّمی ئەم تەلەفۆنە بدەرەوە،بزانە چ جۆرە ئافرەت دەناسی! ئەم بەلاّیە چیە؟

ئێشککگەر هات و دەستی دایە تەلەفۆن:

-فەرموو خانم..ئەمر دەکەن..چۆن؟ نا! چ دەڵێی؟..زۆر داوای لێبوردن دەکەم..ئێمە. بەڵێ..هەڵەچنەو تازە هاتووە..بەسەر چاو.. دڵنیابە..ریزم بو جەنابتانە خانم..

کورە تەلەفۆنی داخست و رەنگی بزرکاو گوتی:

-ئەوە تۆ چت کرد؟

-چم کرد؟

-جنێوت بەخانمی مامۆستا داوە.

هەروەختەبوو ببوورێمەوە،گوتم:

-لە رۆژنامە وەدرم دەنێن وانیە؟

ئێشککگر گوتی:

-مامۆستا ئێستا لە ئەوروپایە کە هاتەوە دەرت دەکا.

- ئەگەر لێشی بپاڕێمەوە؟داوای لێبووردن بکەم و بلێم هەڵەم کرد؟

- باوەڕ ناکەم قەبووڵ بکا..کابرا زۆر لە ژنی دەترسێ و لەترسان دەڵەرزێ و ئەوەی ژنی بلێ وا دەکا. کەواتا بێ پارەیی و بێ کاری خۆتان بگرن..لەم بیرۆکانەدابووم کە زەنگی تەلەفۆن لێیداو خانمی مامۆستا لەسەر هێل بوو.لە دڵی خۆمدا گوتم من هەر دەردەکرێم و با ئازایانە هەڵسوکەوت بکەم. بە تووڕەیی وەلاّمم دایەوەو گوتم:

-چیت دەوێ؟

دامنابوو دیسان هاوار بکاو هەرچیجنێوە حەوالّەی گۆڕی باوکمی بکا، کەچی زۆر لەسەرخۆ گوتی:

-پێش کەمێك بۆ وات قسە دەکرد؟ چیە منت نەناسی؟

-نەخێر دەمزانێ تۆ خانمی مامۆستایو وەك دڕندە وای.. بڕۆ وازم لێ بێنە نامەوێ قسەت لەگەڵدا بکەم..

PDF 4 KURD

زەقە چیراندی:

-چ دەڵێی؟ یانی دەتزانی ئەنجا وایشت دەگوت؟

-بەڵێ دەمزانی.. چت دەوێ؟

تەلەفۆنەم بەروویدا داخست.

تاکە تیشکێکی هیوا نابینم و بێگومان دەر دەکرێم..حەفتەیەك دووای ئـەو رووداوە مامۆسـتا لە گەشتی ئەوروپاوە گەڕایەوەو رۆژی دوواتر داوای منی مرد..کە چـوومە ژوورەوە بـیرم لـەوە دەکـردەوە چـۆن وا بکـەم بـەزەیی پێمـدا بێتـەوەو دەرم نـەکا.. مامۆسـتا جانەوەرێکـە بـۆ خۆی..دەستەکانم خستنە سەر زگم و لە بەرامبەریدا وەستام.گوتی:

-وەرە کورم دانیشە.

قسەی دەکردو پێدەکەنی..لەسەر کورسیی بەردەم مێزەکەیدا دانیشتم..گوتی:

-پیرۆزباییت لێدەکەم ..یاخواهەر بژی. بەندە تا ژیانم ماوە قەرزاری تۆم چونکە چاوت نوقاندن و دەمت لە ژنم کردەوە..براڤۆ.. ئافەرین..تۆڵەی هەژدە ساڵ خەموخەفەتی منت کردەوە.. ئەوە چۆن وێرای وا جنێوی بدەیتێ؟ باشت کرد..دەزانم چ جۆرە جنێوی لەدەم دێنەدەر.بڕۆ کـارگێڕیی نهۆمی ژێرەوە، پێم گوتوون پەنجا لیرە پاداشتت بدەنێ.. بڕۆ وەریان بگرە.

پەنجا لیرەم لە ژمێریار وەرگرت و هەر کە زەنگی تەلەفۆن لێیدا رامدەکرد

بە لکو خانم بێ‌و هەندێ جنێوی دیکەی بدەمێ و پەنجا لـیرە وەربگـرم بـەڵام دووای ئـەو رۆژە تەلەفۆنی نەکرد.ئێوارەیەکیان خۆی هاتە رۆژنامە و لێم وەژوور کەوت،،گوتی:

-تۆی هەڵچن؟

-بەڵێ..

-تۆ بوویت لە تەلەفۆن جنێوت پێدام؟

زانیم خانمی مامۆستا خۆیەتی. وەزعەکە گۆڕاو نەمتووانی دەم بکەمــەوەو تەنانـەت سەریشـم بەرز نەکردەوە. گوتی:

-پیرۆزباییت لێ دەکەم من ئەو کەسانەم خۆش دەوێن بەراشـکاوی هەسـتیان ناشـارنەوە..گوێ مەدەرێ من نەخۆشیی گەدەم هەیە بۆیە هەمیشە هەڵدەچـم. بـە و کـابرایم گوتـووە دووسـەد لیرەت پاداشت بداتێ وەرت گرتن؟

پەح..خانم فەرمانی داوە بەخشیشم بدەنێ.. ئەگەر ئەو ئەمری کردبێ مامۆستا بۆ تەنیا پـەنجا لیرەی دامێ؟

PDF 4 KURD

یاسین پرسیاری کرد:

-بۆ قسە ناکەی؟پارەکەت وەرگرت یانا؟ من دەزانم رەزیل و قرچۆکە..

هەڵساو چووە ژووری مێردی و شەڕ دەستی پێکرد.پاشان بەدووای منیان نارد، مامۆستا هەر ئەوەندەیە ناگری، گوتی:

-ئەو بەخشیشەی ئەمرم کرد بۆت سەرف بکەن کە مەبلەغی دووسەد لیرەیە وەرت نەگرت ؟

خانم چاوی زەق کردبوونەوەو دیقەتی منی دەداو بە تیکە چاوێکیش تەماشای مێردی دەکرد.

بیرم کردەوە چ بڵێم ..ئەگەر دەڵێم وەرم نەگرتووە مێردەکەی دەداتە بەر بابوج، ئەگەر بڵێم وەرم گرتووە ڕەنگە خۆم لێدان بخۆم!.

وەڵامی مامۆستام دایەوەو گوتم:

-گەورەم قستی یەکەمم وەرگرت کە بریتی بوو لە پەنجا لیرە، سەدوپەنجا لیرەکەی دیکەیش مانگانە بە قست وەریاندەگرم.

-بینیت رۆحەکەم؟ئێستا باوەڕت کرد؟

خانم رووی لەمن کردو گوتی:

-روڵە زووکە برۆ باقیی بە خشیشەکەت وەربگرە!!

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

خەونێکی مەترسیدار

پەخشی ئێزگەی ئیستانبوول کۆتایی هات.کەواتا رۆژێکمان بەڕی کردو داخیلی رۆژێکی نوێ بووین. دەبوو ئەو شەوە دوو دانە چیرۆك و وتارێك بنووسم و رای خۆم بۆ گۆڤارێك بەیان بکەم کە راپرسیی دەکا.هەروەها چاوێك بەو سێ گۆڤارانەدا بخشێنم کە ئەمڕۆ بە پۆستە گەیشتوونەتە دەستم.دەبێ موتاڵەی کتێبێکیش بکەم.کەچی لەو هەموو کارانە، تەنیا چیرۆکێکم بۆ نووسراو بێتاقەت بووم.

قەڵەم و کاغەزم لە بەردەمم دانان چیرۆکی دووەم بنووسم، بەڵام هەرچی بیرۆکەیە بە خەیاڵمدا نایە.کۆنە دەفتەرێکم کردەوە کە جاروبار بیرۆکەی چیرۆکی لێ تۆمار دەکەم، بەڵکو بەهانام دێ و بابەتی چیرۆکێکم پێ دەبەخشێ، کەچی هیچ یەك لە بابەتەکانم بەدڵ نەبوون.

هەستم بە برسێتی کرد،ئەمە حاڵی بەندەیە ،کە بابەتم نەبێ وخۆم بدزمەوە ، یا هەست بە برسیبوون دەکەم یا کرِو بێ دەنگ دەبم یا خۆم دەکوتمە ئاودەست .

وەك ئەگەر تێربخۆم رەنگە بیرۆکم بۆ بێ!چوومە ساڵۆن و ئەوەی دەنگ بێ نایەو هەموویان نوستوون.دەرگای مەتبەقم کردەوە.. برنج ساردە کێ گەرمی دەکاتەوە؟ ماسیی قوتوو پەنیرو تەماتەم خواردن و لەسەر مێز دانیشتم و کاغەز لەبەر دەممایەو سەرم خستە نێو هەردوودەستەکانم و بیرم کردەوە.لەو کاتەی کەبیرۆکەی جوان جوانم بۆ دەهاتن هەستم کرد خەو دەمباتەوە. تەماشای سەعاتم کرد کاتژمێر دە دەقیقەی دەوێ بۆ سێی بەیانی.هەروایە ئەگەر درانگ نان بخۆی خەو دەتباتەوە!

مرۆڤ لە کاتی نوستندا دەژی، بەڵام ئەو ژیانە چ سوودی هەیە؟خۆشیی ژیان لەوەدایە کە تۆ هەست دەکەی بەڕاستی دەژی!

دۆستێکم هەیە ئێستا لە بەندیخانەیە.. هەر خەوی لێ دەکەوت خەونی دەبینی.دەیگوت:

-کە خەون دەبینم هەست دەکەم تەمەنم درێژ دەبێ!

لەمانگی تشرینی یەکەمدا بووین.بەندە عادەتم بووە کردووە بەڕووتی بخەوم وپەنجەرەی ژووری نوستن بەکراوەیی جێ بهێڵم .وا هەست دەکەم ئەمشەو خەون دەبینم!

PDF 4 KURD

کەش و هەوا زۆر لە باربوو، زگیشم تێر.لەبەر ئەوەی نووسینەکانم تەواو نەکردبوون هەستم بە نارەحەتی دەکرد، کەواتا ئەو خەونەی ئەمشەو دەیبینم خەونێکی ترسناکە!

لەو بیرۆکانەدا بووم کەخەو بە تەواوەتی بردمیەوەو خەونێکم بینی خوا خێری بکا.

خۆم لە وولاتێکی دیکەدا بینیەوەو نەمدەزانی کوێیە.. ولاتێکە لە ئەمریکاو ئەلمانیا دەکا.بۆ ئاگاداری بەندە پێشتر نە ئەمریکام بینیوە نە ئەلمانیا،بەلام شتم لە بارەیانەوە لەو کەسانە گوێ لێبووە کە بینیویانە.خۆم لە سالۆنێکی پان وبەریندا بینیەوەو کە بانەکەی زۆر بەرز بوو.

نازانم ئێوەیش وان؟من کە خەون دەبینم دەزانم ئەوە خەونە!

لەو خەونەدا قسەم دەکرد.هەبێ و نەبێ ئەم شوێنە (کۆشکی سپی)یە.دەستیەك لەدەوری مێزێکی گەورە دانیشتوون و نەمتوانیبە هیچ شێوەیەك لێیان بپرسم(ئێرە کوێیە؟)..چونکە من بە ئەرکێکی فەرمی هاتوومەتە ئێرەو ئەگەر پرسیارە بکەم گالتەم پێدەکەن و دەلێن(کابرا نێوی ئەو شوێنەیش نازانێ والیێ دانیشتووە)!

کۆبوونەوەکە کۆبوونەوەی نێو دەولەتی بوو.منیش تاکە کەسم کە نوێنەرایەتی ولاتەکەی خۆم دەکەم.ئەوانی دیکە هەرهەموویان کەسانی گرنگ بوون. جل و بەرگیان رێکوپێك.یەکێکیان گوتی :

- زۆر بەخێر بێی.

- سپاست دەکەم.

- دەمانەوێ لە تۆوە وەزعی وولاتەکەتمان گوێ لێ بێ!

ترسم گەیشتێ.بەلام وەسەر خۆم نەهێنا.جا بۆ بترسم ئەی ئەمە خەون نیە؟..خەون بێ و خەون نەبێ، ئەی ئەگەر یەکێك لە برادەرانی خۆمان گوێی لە وەلامی من بێ؟ دەی ئەمە خەونە.. گوتم:

- فەرموون بەرێزان چ دەپرسن بپرسن، بە پێی زانیاریم وەلامتان دەدەمەوە.

یەکێکیان پرسیاری کرد:

- ولاتەکەی ئێوە لە ولاتە دوواکەوتووەکانە..وانیە؟

هەستم کرد شتێك لە ملم ئالاوەو دەمخنکێنێ..خوایە چ بکەم،چ بلێم؟ئەگەر دەلێم (بەلێ ولاتەکەم دوواکەوتووە)ئەوە باسی خراپەی خۆمان لەبەردەم بێگانە دەکەم و سزای ئەم قسەیە بەگوێرەی یاسای سزادان زۆر قورسە. ئەگەر بلێم نەخێر ولاتەکەم دوواکەوتوونیە ئەوە درۆ دەکەم. جا چ بلێم؟نەخێر راستی نالێم و تاوانێك ناکەم و وولاتەکەم ناشکێنم .قیری سیا درۆ دەکەم خۆ یاسا سزای درۆ نادا!

PDF 4 KURD

کابرای چاودێری دەکردم گوتی:

- بۆ قسە ناکەی؟

گوتم:

- ببوورە لە پرسیارەکەتان نەگەیشتم..

- وڵاتەکەتان دوواکەوتووە یا نا؟

قیژاندم:

- ئەمە کێ وای گوتووە؟ئەو کەسەی ئەم قسەی کردووە راستی دەشێوێنێ..

- هەموو کەس وا دەڵێن..ئێمەیش ئەوە دەزانین..

- بەڕێزان لەبیرتان نەچێ دوژمنمان زۆرن و ئێمەیان خۆش ناوێ..هەربۆیەش ئەم درۆیانەمان بۆ هەڵدەبەستن!!

تێکڕا سەرسام بوون و دەمیان وەك ئەشکەوت واڵا کردن و گوتیان:

- یا!!

یەکێکی دیکە گوتی:

- کەواتا ئەو زانیارانەی لەبەر دەستی ئێمەدان هەڵەن؟

- بەڵێ هەڵەن و پڕۆپاگەندن و ئامانجی ئیمپریالیزمیان لە پشتەوەیە.

یەکێکی دیکە گوتی:

- ئێستا تێگەیشتم!ئێوە گەلێکن شانازی بەخۆتانەوە دەکەن و ئەگەر بڵێن (وڵاتەکەتان دوواکەوتووە)تووڕە دەبن..بۆیە ئەمە دەگۆڕین و دەڵێین(دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو) رات چیە؟

- نەخێر ئەمە نابێ، ئێمە دەوڵەتی وا نین، ئێمە دەوڵەتی پێشکەوتووین،زۆریش پێشکەوتوو..

هەموویان لە کاردانەوەی من سەرسام بوون و لەنێوان خۆیاندا کردیانە چرپە چرپ.

- شاری بێ ئەلەکتریکتان هەیە؟

ئەگەر بڵێم ئا هەیە،ئەوە لەبەر دەم بێگانە بە خراپە باسی وڵاتەکەم دەکەم!

- لەتەواوی شارەکاندا کارەبا هەیە تەنانەت لە قەزاو گوندەکانیشدا..

- باشە باشە..زۆر باشە.

یەکێکی دیکە پرسیاری کرد:

- دەڵێن کارەبا لای ئێوە گرانە.. کیلۆواتی بەچەندە؟

- باسی کارەباتان کرد؟! گەورەم کیلۆوات بەلاشە. بۆ دەتانەوێ پارە بە کارەبایش بدەین؟

PDF 4 KURD

زۆر باشە..زۆر زۆر باشە..

کەیفم سازبووبەوەی توانیم بە باشی لەبەردەم بێگانەدا باسی وڵاتەکەم بکەم.ئەم قسانە لە رۆژنامەدا بڵاودەبنەوەو برادەرانی خۆمان کەیفیان بەم پرۆپاگەندەیە دێ!

- کرێی خانوو زۆر گرانەو قەیرانی نیشتجێبوونتان هەیە،خاوەن داهاتی سنووردار ئەگەر نیوەی مووچەیان نەدەنە کرێ ناتوانن خانوو پەیدا بکەن، وانیە؟

لە قووڵایی ناخمەوە دنگێکم گوێ لێدەبێ کە ڕاستی بڵێم و وەڵامی ئەو دەنگە دەدەمەوەو دەڵێم:(ئەگەر راستی بڵێم عەدەمم دەکەن!) دەنگەکە دەڵێ:(تۆ خەون دەبینی و ئەوان خەونەکەی تۆ نابینن و گوێشیان لە قسەکانی تۆنا بێ. ئەوان خەونی دیکە دەبینن، هەر نەبێ لە خەوندا راستی بڵێ)..

لەشم یەکپارچە ئارەقە بوو، نێوچەوانم سریەوەو دامە قاقای پێکەنین:

- هە..هە..هە..ئەمانە واباسی وڵاتەکەمان دەکەن؟ نەخێر هیچ ناڵێم و لەخوا دەپاڕێمەوە کە بە زووترین کات دوژمنانمان کوێر بکا..پاشان هاووڵاتی ئێمە وەکو هەموو هاووڵاتیانی دنیا تەنیا سەدا دەی باجی داهات دەدا!

-ئەی مووچە خۆر؟

- مووچەخۆر! مووچەخۆر چونکە ژمارەی خێزانیان زۆرە، لە خانووی پان و بەریندا دەژین! خانوو لە وولاتەکەی ئێمەدا ئەوەندە هەرزانە تا ئەو ئەندازەی ئێمە حەز بە دانیشتن نەکەین!

- بیستوومانە خاوەن خانوو خانووەکانیان بەکرێ نادەنە ئەو خێزانانەی منداڵیان هەیە؟

-تەهـ..تەهـ..تەهـ..کوێ ئەم بوختانانەی هەڵبەستووە؟کرێچی ئەسڵەن چارەی خاوەن خانوو نابینێ. ئێمە لە هەموو شارەوانییەکاندا دەستەی کرێمان هەیەو ئەگەر پێویستیمان بە خانوو بوو سەردانی ئەو دەستەیە دەکەین. بۆ نموونە دەڵێم:(خانووێکی پێنج ژووریم دەوێ. بەمەرجێك رەنگیبانیوێ شین بێ و رەنگی پەمەییم ناوێ چونکە ژنم حەز بەم رەنگە ناکا).

- بێگومان تۆ بە شێوەیەکی نایاب باس لە وڵاتەکەی خۆت دەکەی!

- دەڵێن ژیان لای ئێوە زەحمەتەو خاوەن داهاتی سنووردار لەدەستی دەناڵێنن و ژمارەی خاوەنی داهاتی ناوەنجی رۆژ بە دووای رۆژ بەرەو کەمبوون دەچن؟

- بزانە بزانە،چمان بۆ هەڵدەبەستن؟

دۆستانی ئازیز..بەر لەهەموو شت دەمەوێ ئەم راستییەتان پێ بڵێم..ئێمە لە کەسمان گوێ لێ نەبووە ژیانی هاووڵاتیەکانمان زەحمەت بێ تەنیا لە رۆژنامە بیانییەکانەوە نەبێ! لە راستیدا

ئێمە نەك هەر لەم بوارەدا بەڵكو لە هەموو بوارەكانـدا كێشـەمان نیـە. سـەبارەت بـە خـاوەن داهاتی ناوەنجییەوە ماشەڵلا هەر هەموویان لە خۆشیدا دەژین وبەر لەوەی بێمـە ئێـرە تكایـان كرد سلاَوی تایبەتییان بگەیێنمە ئێوەی بەرێز.. ئاگاتان لێ بێ هەندێ كەس لەزمانی ئەوانـەوە درۆ هەڵدەبەستن..

- بیستوومانە لای ئێوە ئاستی بێكاری بەرزەو مەرجی ژیان زەحمەتە بەتایبەتی سـەبارەت بـە كرێكارانەوەو دەست هەقیان لەژێر هێلی سوورەوەیە؟لە روویان تەقیمەوەو گوتم:

- ئێوە باوەڕ بەمن دەكەن یا بە تێكدەران و دوژمنانی ئێمە؟

- نەخێر باوەڕ بە تۆ دەكەین..

- باشە گوێ بگرن..كە ئێوە باس لە كرێكارانی ئێمـە دەكـەن ، ئەمـەیش روونكردنـەوە: ئـەو كرێكارانە لەو پەڕی خۆشیدا دەژین، تێگەیشتن؟ رۆژێكیش چیە گلەیان لە هیچ نەكردووەو ئـەو دەست هەقەی ئەوان وەری دەگرن هیچ كرێكارێكی دیكە وەریناگرێ. لەمـەیش زیـاتر دەتـوانم بەبەرێزتان بڵێم كە ئەو پارەیەی كرێكاری ئێمە سالانە پاشەكەوتی دەكـا بەشـی دروسـتكردنی كارخانەیەك دەكا ؟،بەلاَم ئەمە ناكا چونكە چاوی تێرە..

- وەی..وەی.. ئەوە چ وولاَتێكە؟

ئەگەر ئاژانسی دەنگوباسی ئەنادۆڵ ئەم قسانەی من دەگەڵ بێگانەی دەكەم بلاَوبكاتەوە، دەڵـێ چۆن ئەم هەموو شتانە دەربارەی ولاَت دەزانێ؟ئەو كاتە درۆكانم بە فیڕۆ ناچن.

- ئەی حالّی پەروەردە چۆنە؟ زانیومانە راژەی نەخوێندەواری لە سەدا هەشتایە؟

- پف..درۆیـان كردووە..ئەگـەر درۆ كلكـی هـەبێ ئەوانـە كلكدارن..ئەوەنـدە خوێنـەوار لـە وولاَتەكەی ئێمەدا هەن خەریكە خەلّكەكە لە نووسین و خوێندنەوە بێزار دەبن.

بۆ دەرمانیش نەخوێندەوارێك لە وولاَتی ئێمەدا نادۆزیـەوەو رادەی هـەر خوێنـدەوارێكی ئێمـە بەقەد سێكەسانە.ئەوەندە خوێندنگەمان هەن دەولّەت كە شەقامێك دروست دەكا ناچار دەبێ بیانروخێنێ. سەبارەت بە مامۆستاش ئەوەندە زۆرن بە هیچ شێوەیەك ژمارەیان نازاندرێ..هەر دەست هەڵبڕە بە دەموچاوی پەنجا مامۆسـتا دەكەوێ.هـەر چـەندەی داركاریـان بكـەی،فڕەیان بدەی، بیانرژێنیەوە ناتوانێ رەگیان لە ڕیشەوە هەڵتەكێنی و تەواویان بكەی.

یەكێك لە شوێنی خۆیەوە هەڵبەزی و گوتی:

- ئەمە راست نیە..ئێمە هەمیشە ئەو وتارانەی تۆ دەخوێنینەوە كە رۆژانـە لـە رۆژنامەكانـدا بلاَویان دەكەیتەوەو هەر هەموشیان باسی كەمیی قوتابخانەو مامۆستا دەكەن!

PDF 4 KURD

ئێوە باوەڕتان بەو قسانە کردووە؟باوەڕتان کـردووە وانیـە؟ مـن ئەمـە دەنووسـم چـونکە موعارەزەم.گەلی ئێمە تاسەر ئێسقانی موعارەزەیە.بۆیە من کە بابەتێك دەنووسـم راسـتیەکە ناڵێم بەڵکو ئەوە دەڵێم کە موعارەزە پێی خۆشە.بۆ نموونە دەڵـێین قوتابخانـە نیـە، بـۆ ئـەوەی رۆژنامە بفرۆشرێ!

ئەمە حاڵی راگەیاندنی ناوخۆییمانە، بەڵام راگەیاندنی دەرەوە ترسی لەسەر نیە!

- رێگەوبانتان کەمن،ئەوانەی هەشن تێکچوونە؟

زۆر تووڕە بووم و هەڵسامە سەر پێو گوتم:

- بەس بێ..بەس.. من دەڕۆم!

- بۆکوێ؟ تۆ ناتوانی بڕۆی چونکە خەون دەبینی..

کەواتا دەزانن خەونە!

- واز بێنن با بڕۆم.

- بۆ کوێ؟

- ئەڕۆمەوە وڵاتەکەی خۆم..

بەرەو دەرگا هەنگاوم نا تێکڕا هەڵسانە سەرپێ ومنیان لە گۆشەیەکدا عاسی کرد:

- وازم لێ بێنن..

- تۆ خەون دەبینی و ناتوانی بڕۆی.

رەنگە ئێوە هەمووتان خەونی پڕ لە ترستان بینیبێ! ئەگـەر بتانـەوێ رابکـەن نـاتوانن چـونکە قاچتان ناجوولێتەوەو ئەگەر هاوار بکەن دەنگتان دەرناچێ..منیش ئاوام بەسەرهات.

ئەوکاتە یەکێکیان گوتی:

- هێشتا پرسیارێکمان ماوە، ئازادیتان هەیە یا نا؟

لـەدڵی خۆمـدا دەمگـوت کـورە مەترسـە ئەمـە خەونە..بـەڵام خـۆ بەدەسـت مـن نیـە، دەترسم.لەهەمان کاتیشدا دەمگوت: ئیشاڵڵا خەونە..

ڤیژاندیان:

- قسە بکە، بلێ بزانین ئازادیتان هەیە؟

دووا جار گوێیان لێم بوو بە دەنگێکی بچڕ پچڕ دەمگوت:

- هەیە.. زۆریش هەیە.. پڕیەتی لە ئازادی..

- ئازادیتان هەیە؟

بسی کام ئازادی دەکەی؟

- ئازادیی رۆژنامە گەریتان هەیە؟

- بێگومان برالە هەمانە..هەموو شتێکمان هەیە..هەموو جۆرە ئازادیمان هەن و ئازادیی رۆژنامەوانیشمان هەیە..زۆرمان هەیە. بەرم دەن.

- ئازادیی رۆژنامەوانیتان هەیە؟

- ئەی نەمگوت هەمانە..بەڵێ هەمانە.

- باشە چۆن ئازادیی رۆژنامەوانیتان هەیە لە کاتێکدا کە هێشتا یاسای کۆنی چاپەمەنی جێبەجێ دەکرێ؟

بە غەیری فڕین نەبێ هیچ ڕێگە چارەیەکم نیە .زۆر جار خەڵك لە خەونیاندا دەفڕن.قۆڵ وباسکم وەك دوو جووتە باڵ کردنەوە،بەلاّم هەستم کرد قاچەکانم قورسن و وەعاردی نووساون.ئەگەر قاچەکانم بەرز دەبوونەوە ئەوە وەك چۆلەکە بە ئاسماندا دەفڕیم، ڕەنگە خەتای ئەو ژەمە بێ کە پێش نووستن خواردم!زۆرم هەولّدا نەمتوانی بفڕم.

- قسە بکە هێشتا یاسای کۆنی ڕۆژنامەگەری جێبەجێ دەکرێ ؟

- بۆچی دەڕواننە یاسای کۆنی چاپەمەنی کە هێشتا ماوە؟ بەڵێ ماوە بەلاّم جێبەجێ ناکرێ! ئێمە ئەو تۆپانەمان پاراستوون کە سولّتان محەمەد فاتیح ئیستانبوولّی پێ رزگارکردوون و بەکاریان ناهێنین، باشە لەناویان بەرین؟ ئێمە یاساکانی نا دیموکراتی تووڕ نادەین و بۆ ئەوەی هەمیشە لەبەر چاومان بن و پەندیان لێ وەربگرین و لەبیرمان بێ کە چەند بەدەستیانەوە نالاّندوومانە.پاشان ئێمە ئەوەندە ئازادیی ڕۆژنامەوانیمان هەیە لەدەستیان داماوین و نازانین چییان لێ بکەین!

- باری ئابووریتان زۆر خراوە،بودجەتان پڕیەتی لە کەم و کەسری،تۆ چ دەڵێی؟

- دەڵێم هەلاّ هەلاّ..دەتانەوێ چ بڵێم؟

لە ئارەقەدا غەرق ببووم . هاوارم کرد:

- خەون بەس نەبێ؟ بەئاگا نەیەمەوە؟

- ئەگەر راستی نەبێژی قەت لەم خەونە وەئاگا نابیەوە.

ئەگەر راستی بڵێم پرۆپاگەندەیە دژ بە وولاّتەکەم.خوایە ئەم بەلاّیە چیە؟

- باری ئابووریمان وانیە کە ئێوە دەیزانن.زۆر گەشەی کرووەو بودجەمان فیتە.

دەمویست زیاتر چنە لێ بدەم نەیانهێشت:

ئەگەر وابێ ئێوە پێویستیتان بە کۆمەك و یارمەتی نیە.تۆمان هێنایە ئێرە تا راستیەکەمان پێ بڵێی و ئەگەر پێویست بێ قەرزتان بدەینێ.بەلاّم کە کاروبارتان رێکوپێکە واتا پێویستیتان بە کومەکی ئێمە نیە.فەرموو خوات لە گەڵ.

-بو؟

پەح من نوێنەری ولاّتم هاتووم داوای یارمەتی بکەم!

- باشە بۆ لە هەوەڵەوە واتان نەگوت؟ئەو کاتە دەمزانی چ بڵێم!

- فەرموو خوا حافیزت بێ.

لەترسان دەگریام،بزانە چۆن ئەم هەلەم لە کیس چوو؟

هێشتا شەو بوو کە وەئاگا هاتمەوە.گلۆپم داگیرساندو لەسەر مێز دانیشتم و فرمێسکم سڕینەوەودەستم کردە خەون نووسینەوە..کەی بەیانی دەبێتەوە؟

لە راستیدا درێژترین شەوی تەمەنم بەسەر برد..!

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

دەمەتەقێی نۆرماڵ

ئەو دوو زاتە دەبینن وا لە بەرامبەری ئێمە دانیشتوون و وەك شەڕ بکەن قسە لەگەڵ یەکتر دەکەن؟ بەڵێ..لەوە دەچێ لێك حاڵی نەبن و لەنێوانیاندا جیاوازییەکی تەواو هەبێ..ئەمە لە دەموچاوی کرژو جوولەی دەستیانەوە دیارە. ئەگەر حەز بکەن دەتوانم هۆی ئەم هەرایەتان بۆ بەیان بکەم!

یەك لەو دوو کەسانە وا چاویلکەیەکی جام ئەستووری لە چاوە ، باسی (موختار)ی نووسەری بەناوبانگ دەکاو دەڵێ بابایەکی‌نەفامەو نەئاییینی هەیە نەشەرەف و نە ئەخلاق.ئەوەی تر کە لووتی هەر لە لووتی تەگە دەچێ، پەسنی (موختار)ی نووسەری بەناوبانگ دەکاو دەڵێ نووسەرێکی تێگەیشتووەو ئەگەر وادە بدا دەیگەیێنێە جێ و لۆمەی (باهیر)ی نووسەر دەکاو دەڵێ بابایەکی جاهیل و دووڕووەو بەدرۆو دەلەسە خۆی هەڵدەکێشێ.

واتا ئەو دوو کەسەی وا دەیانبینن و یەکیان چاویلکەیەکی شووشە ئەستووری لە چاوەو دووەمیان لووتی لە هی تەگە دەکا، باس لە هەردوو نووسەری ناودار(موختار) و(باهیر)دەکەن و خەریکە باسەکەیان شەڕو گێچەڵ و تێهەڵدانی لێ دەکەوێتەوە.

بەروخسەتی خۆتان با هۆی راستەقینەی ئەم دەمەقاڵێیەتان بۆباس بکەم:

نووسەری ناودار (موختار)لە ژێرناونیشانی(بەیانی..بەیانی)وتاری سیاسی لە رۆژنامەی(رێگەی راست)دا بلاۆدەکاتەوە.(باهیر)ی نووسەریش وتاری سیاسی لە ژێر ناونیشانی(بەمە چ بلێێن؟) لە رۆژنامەی (دووا هەواڵ) دا بلاۆدەکاتەوە.

یەك لەو دوو کەسەی بەرامبەرمان دانیشتوون (ئەوەی لووتی لە هی تەگە دەکا) ماوەی چەند ساڵە خوێنەری رۆژنامەی(رێگەی راست)ـە.ئەم رۆژنامەیە لە گۆشەی (واز لە هەموو شت بێنەو بەختت بخوێنەوە)دا هەواڵی بەخت و تاڵح و شانس بلاۆدەکاتەوە.

کابرای(خاوەن چاویلکەی شووشە ئەستوور)یش لەیەك رۆژنامە بترازێ توانای کڕینی نیەو چەند ساڵە تەنیا رۆژنامەی(دووا هەواڵ) دەکڕێ ،بەو پێیەی وشەی تێکهەڵکێشراوی لە هی رۆژنامەکانی دیکە ئاسانترەو رۆژنامە لایەنگری تیپی (فەنەر باخچە)یەو کابرایش هەر لە هەرەتی منداڵییەوە لایەنگری ئەو تیپەیەو مامی خوالێخۆشبوویشی هەر وا بوو.

شەوێکیان(موختار)ی نووسەری بەناوبانگ تا سپێدەی بەیان لەگەڵ دۆستێکی ئارەق دەنۆشێ و بەیانی کە لە خەو هەڵدەستێ هیچ بیرۆکەی بۆ نایە بینووسێ. بەڵام چونکە زیرەك و بەتوانایە هەر بیرۆکەیەکی دەستی بداتێ هەندێ فەلسەفەی تێکەڵاو دەکا و ئامانجی دەپێکێ، وتارێکی بەناونیشانی(سوودی فاسۆلیای وشککرایەو خراپەی نیسك) بڵاوکردەوەو وا دەستی پێکرد:

دنیای رۆژئاوای هاوچەرخ لە کانیاوی رۆژهەڵاتەوە سەرچاوەی گرتووەو سوودیان لە کتێبی(چاکەی فاسۆڵیای وشك)ی زانای مەزن(ئیبنولمەرتەبانی)

وەرگرتووە.. ئیدی زۆر وەستایانە باس لە فاسۆڵیا دەکا زانیاریی زۆر ورد لە بارەیەوە دەنووسێ.لە راستیشدا نە کتێبێك بە ناو(چاکەی فاسۆڵیای وشك) هەیەو نە زانایەکیش بە نێوی(ئیبنولمەرتەبانی) . کەچی موختاری نووسەری بەناوبانگ توانی بەو وتارە جوانەی سەرەنجی خوێنەران رابکێشێ .

لەوکاتەی ئەو وتارە لە رۆژنامەی(رێگەی راست)دا بڵاوبوەوە، باهیری نووسەر خاوەنی گۆشەی (بەمە چ بڵێین؟) دووچاری گرفت دەبێ،بەهۆی ئەو خوانەی دۆستێکی شەوی پێشوو بۆی رێك دەخاو تا سپێدەی بەیان خەو ناچێتە چاویەوەو ئەوەی بیرۆکەیە ئەو رۆژە بۆی نایە بیکاتە نێوئاخنی وتارییەوە. لەوکاتەی رۆژنامەی رێگەی ڕاستی هەڵگێرو وەرگێڕ دەکرد چاوی بە وتاری موختار دەکەوێ و هەوڵ دەدا شتێکی لێ بخوێنێتەوە، بەڵام یا تێی‌ناگا یانیش بێتاقەت و خەوالوو، بیردەکاتەوە:ئەوە ماوەی دوو حەفتەیە شەڕە قەڵەمی لەگەڵ کەسدا نەکردووە چونە ئەگەر شەڕێك بە موختار بفرۆشێ؟ ئاخر باهیر رۆژنامەنووسێکی بەهرەمەندو قەڵەم بەبڕشت و زۆربەی هەرە زۆری خوێنەرەکانی بە وتارکانی سەرسامن و دەمێکە حەز لە موختار ناکاو خۆشی ناوێ‌و بەدووای هەلێکەوە بوو ریسوای بکا. قەڵەمی دەرهێناو دەستی بە نووسین کرد:

(وتاری نووسەری مەزن و هاوکاری خۆشەویستم موختار لە رۆژنامەی رێگەی راست دا خوێندەوەو لە بڕگەیەکیدا باسی لە جۆرێك ئاژەڵی دەریا دەکا بە نێوی(ئەستێریدیا)و دەڵێ ئەم زیندەوەرەی دەریا لە ژێر فەرمانی مێینەدا دەژی..ئەم مرۆڤە کە ئەمەی نووسیوە هەڵەیەکی گەورەی کردووە. نووسیویەتی دەڵێ ئەم گیانلەبەرانە بەکۆمەڵ دژین و هەر کۆمەڵێك لە چل تا پەنجا پێکهاتووە .لەڕاستیدا وتاری مامۆستا مایەی گاڵتەجارییە، نەك هەر لەلایەن ئێمەی بەنی بەشەرەوە بگرە لەلای خودی ئەستێریداو هەمووگیانلەبەرو ئاژەڵە دەریاییەکانەوە! چونکە شتێکی زۆر سروشتییە ئەگەر لەناوچەی ئەستێریایادا گیانلەبەری تاك رەگەز بژی‌و هیچ جیاوازییەك لە نێوان نێرو مێدا نیە.مێیینەی ئەو گیانلەبەرە دەتوانێ وەك نێرخۆی ئاوس بکاو

PDF 4 KURD

یسن بگەڕێتەوە سەر ئەسڵی ڕەگەزی مێیینەی .نووسەری بەڕێزمان ئەم زانیارییە سادانە نازانێ کەچی خوێنەرانی دەرس دەداو باسی ئازادی و مافی مرۆڤیان بۆدەکا.نووسەری وا چۆن خوێنەرانی قەناعەت پێدێنێ؟ ئێمە قسە ناکەین و با خوێنەرە خۆشەویستکانمان دادوەر بن).
خوێنەرانی ڕۆژنامەی دوواهەواڵ هەقیان دایە ڕەخنەکانی مامۆستا باهیر،چونکە وتاری دوێنێی موختاری روژنامە نوسیان نەدیبوو.
موختار کە وتار دەخوێنێتەوە ئەوەندەی نامێنێ شێت بێ. قەڵەم دەگرێتە دەست و هێرشێکی وا دەکا تاکی نەبێ و تەنانەت باسی گیانلەبەریش ناکاو وتارێك بە نێوی(بەری خۆر مەگرن) دەنووسێ و دەڵێ:
(دوێنێ یەك لە نووسەرەکانی پارچە کاغەزی ناونراو بە (دووا هەواڵ) وتارێکی بڵاوکردووتەوە کە هەر لە هورێنە دەکاو دەڵێ: ساڵی ١٨٤٨لە کاتی شۆڕشی بڕوسیاو لە بەرەنگاربوونەوەی سپای شکسپێردا کریستوف کۆلۆمبس مردووە.لەیەکێ لە نووسینەکانیدا هاتووە(ئەی ئازادی ئای کە جوانی)واتا ئازادی خۆراکی ئەقڵە وەك چۆن نان خۆراکی زگەو موزیك خۆراکی روٚح).
(وتاری وا پڕ لە هەڵە چۆن ڕاستکەمەوە؟ بەندە پێموایە هەرچی بکەم بێ سوودە ، نووسەرێك کە شەرەفی وشەو بیر نەپارێزێ.ئەمساڵی ئەمانە فێرە مشتخۆریو قاپ لێسینەوە بووینەو شەڕ بە کەڵە پیاوی ئەم چەرخە دەفرۆشن.منیش بەڕاشکاوی پێتان دەڵێم کە ئێوە قەتاو قەت ناتوانن بەری تیشکی خۆر بگرن وروناکیی راستی هەمیشە درەوشاوەیە).
خوێنەرانی وتاری موختاری ڕۆژنامەنووس سەیریان بە جەهاڵەتی باهیری ڕۆژنامەنووس هات.باهیریش ئەم ئیهانەیەی قەبووڵ نەکردو ڕۆژی دوواتر لە هەمان گۆشەی(بەمە چ بڵێین؟)دا وتارێکی لەو ژێرناونیشانی(دەك شەرمەزاربن) بڵاوکردەوە:
(ئەم موختارە زوڵەی خۆهەڵکێش کە لە ڕۆژنامەی ڕێگەی راست دا دەنووسێ. دەیەوێ ڕاستییەکان زیند بەچاڵ بکا. کە نەیتوانی لەسەر بنچینەی زانست وەڵام بداتەوە هەوڵی داوە مەسەلەکە بکاتە شتێکی شەخسی،بۆ ئاگاداریتان تەنانەت ناتوانێ کار لە قاچیشم بکا، چونکە ئەوەی دەیڵێ پوختان و درۆو دەڵەسەیەو کەس باوەڕی پێ ناکا. ئێمە چاکی دەناسین، ئەو نەبوو جلشۆری لەماڵی شاعیری گەورە خوالێخۆشبوو سلێمان خستە ژێر پاڵتۆو دزی؟ ئەو کەسەی بەم قسەیە باوەڕناکا با لە پیاوی بەشەرەف خوالێخۆشبوو نەزمی بەگ پرسیاربکا کە ماوەیەکی دوورودرێژ بەڕێوەبەری پۆلیس بووە. هەروەها ڕۆمانی (نافوورەی شاخ)ی لە جان پۆڵ بییێر دزیوە.ئێمە تەنیا ئەو ڕووداوە دەگێڕینەوەو بۆ دوواجار هۆشیاریی

PDF 4 KURD

دەڵێی گە ئەگەر واز لەو بوختانانەی نەهێنێ ، ناچاردەبین هەرچی گووکاری ئەوە بڵاوبکەینەوەو ئەگەر هەر وازی نەهێنا ئەوە دادگا هەیە)!

خوێنەرانی رۆژنامەی(دوواهەواڵ) موختاری رۆژنامەنووسیان بە پیاوێکی چەپەڵ داناو ڕقیان لێی بۆوە.

بەیانیی رۆژی دوواتر، لە گۆشەی(بەیانی..بەیانی)دا کە موختاری رۆژنامەنوس دەینووسێ،رۆژنامەی(ڕێگەی راست) لە ژێرناونیشانی:(ماکینەی درۆ قوڕ فڕە دەدا) ئەمەی بلاۆکردەوە:

ئەو رۆژنامەیەی پێی دەڵێن(دووا هەواڵ) لە گۆشەی(چ بەمە بڵێین؟) نووسینێکی بەقەڵەمی نووسەری بە کرێگیراو(باهیر) بلاۆکردووتەوە.ئەو کەسە ڕێگەی چەوتی گرتووە و لە سەر داهاتی نا دیار دەژی.چۆن دەتوانێ لەفەرەنسییەوە وەرگێڕان بکا لە کاتێکدا کەحەشتەبای زمانی فەرەنسی نازانێ؟جارێکیان چەند وشەیەکی فەرەنسی ورگێڕابوو ئابڕووی دەقەکەی بردبوو،لەکاتێکدا کە قوتابی قۆناغی ئامادەیی لەو باشتر دەتوانن وەریگێڕن. دەبوو ئەو نەفامە داوای کۆمەك لە دۆست برادەران بکا. ئێمە نامانەوێ کێشەی زانستی بکەینە کێشەی شەخسی،هەرچەندەی دەزانین کە ئەم رۆژنامەنووسە ڕێگرە خەڵکی شاری ئازەربێجانەو باوکی دوکانی بەقاڵیی هەیەو شارەوانی سزای قورسی داوە لەبەر ئەوەی رۆنی خەشی فرۆشتووە.. ئەم رۆژنامەنووسە فێڵبازە لە ئەورووپاوە ماکینەیەکی تەراشی کارەبایی دێنێ و باجی گومرك نادا،هەروەها هەندێ شتی قاچاغیشی لە باوڵدا بووە.. زۆر شتی دیکە هەن بەلاّم شەرەفی پیشەی رۆژنامەنووسی ڕێگەم نادا هەموویان ئاشکرا بکەم..)

بەڕاشکاوی و بێ پەردە موختاری رۆژنامەنووس هەقیقەتی باهیری رۆژناموسی بۆ خوێنەران ئاشکرا کرد کە چەند پیاوێکی بەدفەڕو خراپە، هەرچەندەی باهیر خەڵکی شاری ئازەربێجان نیە،بەلاّم خوێنەرانی شاری ئازەربێجانی رۆژنامەی ڕێگەی راست داوایان کرد نازناوی ئازەربێجانی لێ بسێنرێتەوە.

پاشان باهیر ئەم ولاّمەی دایەوە:

(دەمەوێ حکومەت ئاگاداربکەمەوە کە چەپڕەوێك خەریکە دەلوورێنێ.. ئاگاتان لە مەترسی بێ..لەکاتێکدا کە وولاّتەکەمان بەرەنگاری بیری زیانبەخش دەدا، قەڵەمە چەپڕەوەکان لەپەنای شێوەو قاڵبی جۆراوجۆردا بەردەوامن لە هاندانی گەل و ژەهراویکردنی بیرورای..ئەم شێوە نەفرەت لێکراوانە دابونەریتی وولاّت تێکوپێك دەدەن تا زەمینە بۆ فرت و فێڵی ئەو گرووپانە

نوس بکەن. لەوانە خاوەنی قەڵەمی چەپەڵ، ئەوەی لە لاپەڕە زەردهەڵگەڕاوەکەی ناونراو بە ڕێگەی ڕاست دا دەنووسێ و هێرشی کردووتە سەر من بەلاّم ئەمجارەیش سەری دای لەبەردو ناچاری کردین هەقیقەتی ئاشکرا بکەین..)

وتار بەم جۆرە هێرشانەوە بەردوام بوون ، تا دادوەری گشتی بەمەی زانیو وتارەکانی موختاری رۆژنامەنووسی خستنە ژێر چاودێری.

پاشان موختار لە ژێرناونیشانی(هشت) وەلاّمی وتارێکی دایەوەو گوتی چیتر لەمەو دووا وەلاّم ناداتەوە.

ئەوەبوو باهیری رۆژنامەنووسیش لە ژێر ناونیشانی(وەلبە) وەلاّمی ئەم وتارەی دایەوەو دووا وەلاّم بوو.

ئەمە هۆی ئەوەیە کەئەم دووکەسەی وا لە بەرامبەرماندا دانیشتوون مشتومڕیانە..یەکیان لووتی لە لووتی تەگە دەکاو دووەمیان چاویلکەی شووشە ئەستووری لە چاوە.یەکێکیان تەنیا رۆژنامەی ڕێگەی ڕاست دەخوێنێتەوەو ئەوی تریان تەنیا روژنامەی دووا هەواڵ..هەر بۆیەش ناتوانن ڕێك کەون!!

من وەزعەکە باشتر دەزانم چونکە هەموو وتارەکانم خوێندوونەتەوەو ئاگاداری شەڕە قەڵەمی نێوانیان بووم. شتێکی دیکەیش دەزانم: لەوکاتەی ئەم دوو کەسە مشتومڕیان بوو ، خەریك بوون بە هۆی ئەو دوو رۆژنامەنووسەوە سەرو گوێلاکی یەکتر بشکێنن، هەردوو رۆژنامەنووس (موختر)و(باهیر) لەتەك یەکتردا لەسەر خوانی سەرەك وەزیران دانیشبوون و قاقای پێکەنینیان سەدە جووتێك دەنگی دەدایەوە. چونکە هەردووکیان مانای ئازادیی دەربڕین دەزانن، بۆیە ڕێزی یەکتر دەگرن ئەگەرچی بیروڕاشیان جیاواز بێ، ئاخر هەردووکیان رۆژنامەنووسی شارستانین!.

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

عەزیز نەسین لووتكەی داهێنان و هەڵوێستی جوامێرانە[*]

(١٩١٥-١٩٩٥)

پێموانیە نووسەرێكی دیكەی تورك(نازم حیكمەت[١] و یەشار كەماڵی[٢] لێدەرچن) بەقەد عەزیز نەسین لای خوێنەری كورد ناسراو بێ و شوێنی خۆی كردبێتەوە،هەرچەندە بەرهەمەكانی كەمیان كراونەتە كوردی[٣].

من وای بۆ دەچم كە هۆی ئەم نزیكبوونەوەیە بۆ شێوەی تایبەتیی نووسینەكانی نەسین بگەڕێتەوە، كە ناوەڕۆكیان لە جەرگەی كۆمەڵ
هەڵقوڵاون و ڕەنگدانەوەی واقیعی ژیانیەتی بە تاڵ و سوێرو شیرینیەوە.

كە كوردێك بەرهەمی نەسین دەخوێنێتەوە بەهیچ شێوەیەك هەست بە نامۆیی ناكات و ئەوەندە بیرماندووكردنی گەرگ نیە تا لە مەبەستی بگا. قارەمانەكانی چیرۆك و ڕۆمانەكانی (پۆلیس، فەرمانبەری دەوڵەت،بەڵێندەر،بێكار، ساختەچی و قوڵبڕ،سادەو ساكار..)خەڵكێكن خوێنەری كورد دەیانناسێ و لە زمانیان دەگا.

لە حەفتاكانی سەدەی ڕابردوودا لە كوڵانەیەكی تەنگەوە عەزیز نەسین لە خوێنەری كوردی باشوور وەژووركەوت ، دووای ئەوەی یەكدوو چیرۆكی كورتی لە زمانی فارسییەوە (نەك توركی)كرانە كوردی و یەكسەر شوورەتی پەیداكرد ، هەرچەندەی وەرگێڕە ئێرانیەكان-لەدەورانی شادا-بەئەمانەتەوە دەستیان نەدایە بەرهەمەكانی ئەوو بەپێچەوانەوە گەلێ شێواندنیان تێداكرد. لەم بارەیەوە نەسین دەڵێ:(لە توركیادا شەست و حەوت كتێبم چاپ كردووە، كەچی ئێرانیەكان حەفتا كتێبی منیان وەرگێڕاوە).. كە داواوی ڕوونكردنەوەی لێدەكەی بە پێكەنینەوە وەڵامت دەداتەوە:(ئەوان چاوەڕوانی من ناكەن زنجیرەی ڕۆمانی لە گۆڤار یا ڕۆژنامەدا بڵاودەكەمەوە، كۆتایی پێ بێنم و یەكسەر دەیكەنە كتێب).

ژمارەیەك وەرگێڕی ئێرانی بە بەرهەمەكانی عەزیز نەسینەوە شوورەتیان پەیدا كرد،ئەگەرچی كارەكانی زۆربەیان ساكارو بێ بایەخ بوون(وەرگێڕانی نا ئەمین و شێوەی درچوونی كتێب لە رووی فۆرمەوە)بەڵام چونكە خوێنەری زۆربوون ئەو لاوازییە پشتگوێ دەخرا.

بەیانیی ڕۆژێکی هەینی نیوەڕاستی مانگی گوڵانی ساڵی ١٩٩٠بەرەو شارۆچکەی (چاتاڵجا) کە دەکەوێتە دەوروبەری ئیستانبووڵ و، وەقفی نەسینی لێیەو چەند منداڵێکی هەتیوی بێ دایك و باوك بە خێودەکا بەڕێکەوتم.پێشتر ڕۆمانی(برایم زەبوك)و کۆمەڵە چیرۆکی(فس فس پاڵەوان)م بەچاپ گەیاندبوو کە هەردووکیان هی عەزیز نەسینن و بە هۆی ئەدیبی تورکمانی دۆستم(نەسرەت مەردان)ـەوە کەناسیاوی لەگەڵدا هەبوو لەوکاتەوە کە لە بالیۆزخانەی عێراق لە ئەنقەرەدا کاری دەکرد، دانەیەکم لە هەردووکیان بۆ ڕەوانە کردبوو[٤].

بەرلەوەی سواری پاس بم دۆستێکی عێراقی نیشتەجێی تورکیا کەبەر لەدوو ڕۆژان بەهۆی دۆستیکی دیکەوە ناسیاویمان پەیداکرد، کۆمەڵێ ئامۆژگاری کردم.(کاك عەلی) کە لە گەڵ دووبرای دیکەی نووسینگەی گۆڕینەوەی دراویان بەڕێوە دەبرد،باسی لە مەترسی گەڕان و سووڕانی بێگانەی کردو چۆن دەبنە قوربانیی پیاوی ساختەچی و قوڵبڕو فێڵیان لێ دەکرێ و پارەو پاسپۆرتیان دەدزرێ. گوتی: ئەگەر هەر بڕیارت داوە بچیتە (چاتاڵجا)لەرێگەدا نەفەرێك خواردن و نۆشینی پێشکەش کردی وەریان مەگرە، چونکە دوورنیە دەرمانی بێهۆشییان تێدابێ و خۆت لە خەڵکی دووربگرەو تێکەڵیان مەبە.

ئەو باسی کردەوەی فێڵبازو ساختەچییانی دەکرد، منیش نێوەرۆکی چیرۆکێکی نەسینم وەبیر دەهاتەوە..کوڕە دەیەوێ لە گوندەوە بۆ کار بچێتە ئیستانبووڵ، باوکی لێی دەقیژێنێ : چی چی؟ گەرەکتە بچیتە ئیستانبووڵ؟ شێت بووی؟ ڕۆڵەی شیرینم بڕۆ هیندستان بڕۆ سیندستان بەڵام مەچۆرە ئیستانبووڵ.. ڕۆڵەگیان ئەو ئیستانبوولیانە دەرپێت لەپێ دادەکەنن ئاگات لێ نابێ! پاشان بەسەر هاتێکی خۆی بۆ کوڕە دەگێڕێتەوە کەبەر لە بیست ساڵ هەڵە دەکا و هەندێ گاو گوێلەکە دەباتە بازاڕی ئەوێ و چۆن فێڵی لێ دەکەن و دەست لە گونان درێژتر دەگەڕێتەوە.

ئەوەی ڕاستی بێ هیچی وا تووشی من نەبوو.کە پاس لە ناوچەی (بایەزید)ـەوە بەڕێ کەوت نیمچە بەتاڵ بوو، دەیان جاریش لە ڕێگەدا وەستا نەفەر سواردەبوون و دادەبەزین و لە شانسی خۆمەوە تا گەیشتمە جێی مەبەست کەس لەتەکمەوە دانەنیشت.پاشان کە بۆ نەسینم گێڕایەوە لەئیستانبووڵەوە تا چاتاڵجا (دەیان کیلۆمیترە)مەبلەغی هەزاروسەت لیرەیان لێ سەندووم ،کەچی لە نێوبازاڕی چاتاڵجاوە تا دەزگاکەی ئەو ، کاکەی شۆفێری تاکسی چوارهەزار لیرەی وەرگرت، گەلێ پێکەنی.

لەو دیدارەدا باسی زۆرشتمان کرد(بە پێویستی نازانم دووبارەیان بکەمەوە) بەڵام لەوەدەچوو گەلێ لە دەزگاکانی بڵاوکردنەوی عەرەب بێزارو تووڕە بێ(بەتایبەتی کوێتی) کە شتی ئەو چاپ

PDF 4 KURD

دەدەن و یەك ڕانیشی نادەنێ بەپێچەوانەی ئەورپییەکان و بەرەی سۆشیالیزم کە پێشەکی ڕەزامەندی وەردەگرن و مافی وەرگێڕانی بۆ ڕەوانە دەکەن. دەیگوت لە کونگرەی داهاتووی نووسەرانی ئاسیاو ئەفریقادا شکات دەکەم. پرسیارم لێ نەکرد ئایا لە ئێمەیش نارازییە؟ چونکە ئاگاداری نێوەرۆکی نامەیەك بووم بۆ کاك (نەسرەت)ی ڕەوانە کردبوو، مافی ئەوەی دابووینێ بەخۆڕایی هەرچی بەرهەمی ئەوە بکەینە کوردی و هیچی ناوێ. بۆ؟ نووسیبووی: چونکە دەوڵەتیان نیە!

عەزیز نەسین کێیە؟

نووسەرێکە وولاتەکەی خۆی و جیهانی پتر لە نیو سەدە مەشغووڵ کردووە، ئەوەندەی چیرۆك و ڕۆمان و شیعر و شانۆنامەی بلاوکردووتەوە کە ئەگەر لەسەر یەك دابندرێن لە بالای خۆی بەرزترە: (بەرهەمەکانم لە بالام بەرزترن، کەچی هەندێ ناحەز هەن دەلێن عەزیز نەسین خۆی کورتە بالایە).

گالتەجارێکە بە مەلا مەشووری دووەم (خەواجە نەسرەددین) دادەنرێ.. گەورە بەرپرسانی ترك ئامۆژگاری یەکتر دەکەن و دەلێن: پیاوی چاك بن با عەزیز نەسین بەم مەسەلەیە نەزانێ ئەگینا دەیکاتە چیرۆك و ئابڕوومان دەبا..خوێنەرانی سەر بە دەزگا سیخوڕی یەکان و ئاسایش و پەرلەمانتارن، کەچی لە هەموو دەورانی حوکمڕانیدا لە گرتن و ڕاونان ڕزگاری نەبووە:

(عەزیز نەسین کەسایەتییەکی ئەدەبی یە مێژووی ئەدەب شانازی پێوە دەکاو لە نێو سێ چینی کۆمەڵدا خۆشەویستە،خێزانی خۆی و گەلی ترك بە هەمووچینەکانیەوەو پیاوانی دەزگا سیخوڕییەکان)[٥]

تەنانەت کە خەلاتی(دارخورمای زێڕین)یشی(لەیەکێ لە پێشبڕکی نێودەوڵەتییەکاندا پێ بڕابوو) پێشکەشی سپا کرد،یەکەم قوربانی کۆدەتا سەربازییەکەی ٢٧ی گولانی ١٩٦٠ بوو. دووای گەڕانەوەی لە بەشداری کردنی یادی سەدساڵەی لەدایکبوونی نووسەری گالتەجاڕی ئازەربایجانی(جەلیل محەمەد قولی زادە)لە باکوو ،بەتۆمەتی هێنانی دیوانەکانی نازم حیکمەت و نامەیەکی ئەوی ئاڕاستەی حزبی کۆمۆنیستی تورکیا، دەسگیرکرا.

بە لامەزەب وبێ ئایین تۆمەتبارکراوەو دەیان شکاتی لە دادگاکانی تورکیادا لێکراوە.. هەندێ پولدارو دەولەمەند خەلاتیان بە دۆلار بۆ ئەوکەسە تەرخان کردووە بیکوژێ.. چواردانە هەوڵی لەناوبردنی دراوەو دووا هەوڵ ئەوەبوو کە لەشاری (سیواس)دا درا.

PDF 4 KURD

نەسین دەڵی: (یەکەم هەوڵی کوشتنم ئـەوەبوو لەرێگـەی گەڕانـەوەم لـە ئیسـتانبوولەوە بـۆ چاتاڵجا روویدا.زۆرم میزدەهات، لە (بیووك چەکمەچە) لە پاس دابەزیم و خـۆم گەیاندە ژێـر ستونێکی کارەبا میز بکەم. لەناکاو ئاگر لە تەلەکانەوە بەرزبۆوە، وامزانـی کارەبـا شـۆرتی کرد.پاشان کەسانێك لێم نزیك کەوتنەوەو گوتیـان : نـەتزانی چـی بـوو؟ گوتم:نـا ! گوتیـان: کابرایەك تەقەی لێکردی!

هەوڵی دووەم لە چاتاڵجادا بوو، لەو عانەی لـە باخچـەی وەقفـدا پیاسـەم دەکـرد، ئۆتۆمبیلێـك بەخێرایی تێپەڕی و درامە بەرگولله. ئەگەر شارەزا نەدەبووم و ئەوەی لە سەربازیدا فێریـان ببـووم بەکارم نەهێنابا، بێگومان دەیانکوشتم.. بەڵام یەکسەر خۆم دایە عاردو هیچم بەسەرنەهات.

هەوڵی سێهەمیش هەر لە چاتاڵجادا بوو. بۆ خواردنی ئێوارە بانگ کرابووم شەو درانگ منیان هێنایەوە وەقف. گوتم کاتەکەی ناوەختەو با کەس وەئاگا نـەهێنم وبـە ئاسـپایی بخزمـە نێـو پێخەف. دەرگای دەرەوەی وەقفم کردەوەو کلیلم دەرهێنا دیقەتم دا دەرگای ژووری من لە ناوەوە گاڵەدراوە. بەڕێوەبەری وەقفم وەئاگا هێناو زانیمان هێرش هێنـەرەکان لـە پەنجـەرەوە چوونەتە ژوورەوەو دەرگایان داخستووە بۆئەوەی هـەر لـەنێو پێخـەف بمخنکێـنن، چـونکە شـریتی لـە دەمبەستن بەکاردێ، لێیان جێ مابوو).

بەڵام هەوڵی(سیواس) شێوەیەکی سیاسیی بەخۆیەوە گرتبووکە لـە ئـەنجامی ئاگربەردانـە ئـەو هۆتێلەی وا دیدارەکەی لێ بوو بە مردنی سی و حەوت کەس لە بەشدارانی دیـداری رۆشـنبیری کۆتایی هات، لەم بارەیەوە عەزیز نەسین دەڵێ:

(کە ئاگرکوژێنـەوەکان منیـان لـەنهۆمی سـێیەمی هۆتێلـەوە بـینی، وایـانزانی کۆمیسـەری ئاگرکوژێنەوەم و لەنێو بلێسـەی ئـاگردا ئابلۆقەدراوم.بەیـەکتر دەڵـێن بـا جـەنابی کۆمیسـەر رزگاربکەین.پەیژەیان بۆدرێژکردم. ئەگەر(لوتفی قەڵعەلی) نەبوایە لە نێو چڕە دووکەڵـدا هیچـم بۆنەدەکرا.ئەو منی لەپەنجەرەوە دەرهێناو ختمیە بان پەیژەو دابەزیم.هەر ئەوەندەو خەڵکەکـە منیان ناسی!هاواریان کرد: هیزە ئەمە خۆیەتی نەجاتی مەدەن! ئەمە کۆمیسەر نیـە شـەیتانە بیکوژن! شارەوان (ریشدارێك بوو) دەیقیژاندو خەڵکەکەی هاندەدا. پاشان ئاسنێکی لە دەست یەکێك وەرگرت و وەرگەڕایە لێدانم و لە بەرزایی چەند میترێکـەوە وەعـاردی کـەوتم و بێهـوش بووم. کە وەئاگاهاتمەوە خۆم لە نێو ئۆتۆمبیل و لە نێوان دوو پۆلیسـدا دۆزیـەوە . یەکـەمیان مسـتی دەخێوانـدمێ، هـی دووەم دەسـتی دەگـرت و نەیدەهێشـت دارکـاریم بکـا. هـی سێهەم(پێموایە لوتفی بوو) چاکێتەکەی کردە سەرین و لەژێر سەری دانام.

PDF 4 KURD

باشە عەزیز نەسین چی کردبوو وا هەزاران کەس لەخەڵکی سیواس بڕژێنە سەر شەقام و هاوار بکەن: (سیواس دەبێتە گۆڕستانی عەزیز نەسین؟)

وەڵام دەداتەوەو دەڵێ:

(لەو دیدارەدا قسەیەکی ئەوتۆم نەکردبوو ببێتە مایەی تووڕەبوونی کەس. بە پێچەوانەوە لە وتارەکەمدا پەسنی(پیر سوڵتان عەبداڵ)م کردبوو .گەلێ سەفەری سیواسم کردووەو لەسەر ئەوشارە خۆم حیساو دەکەم چونکە لەئەسڵدا (شەبین قەرە حەسار)یم کە سەر بەسیواسە. من بە بانگهێشتەی دەوڵەتەوە چوومە ئەوێ و والیش بەشداری دیدارە رۆشنبیرییەکەی دەکردو بەتەلەفۆن قسەم دەگەڵ (ئینۆنۆ)ی جێگری سەرەك وەزیراندا کردو چەند هاوکارێکیش هەر بەتەلەفۆن وەزیری ناوخۆیان لە هەراوهۆریای نێوشار ئاگادارکردەوە، بەڵام بەداخەوە کە لەبەرچاوی دەوڵەت سی و حەوت کەسی بێ تاوان لە چرقەی ئاگردا سووتان، بێ ئەوەی دەوڵەت فزە بکا.

ئەم رووداوە دووای دەرچوونی ئەو فەتوایە بوو کە تەهران بەتۆمەتی بڵاوکردنەوەی زنجیرەیەك لە وەرگێڕدراوی کتێبی(ئایاتی شەیتانی)ی سەلمان روشدی ، خوێنی عەزیز نەسینی پێ حەڵاڵ کردبوو. ئەوکات حزبی(رفاه)ی ئیسلامی لەهەڵبژاردنی شارەوانیدا چەند پۆستێکی وەدەست هێنابوو، لەوانەیش شارەوانیی سیواس.

تۆمەتی سەر بەچەپی خرایە پاڵ.. بە لایەنگری بەرەی سۆشیالیزم لەقەڵەم دراو بە سیخوڕی یەکێتیی سۆڤیەت زیندانی کراو دوورخرایەوە..بالیۆزخانەی دەوڵەتی ئینگلتڕاو میسرو ئێران لەدادگای تورکیادا شکاتیان لێ کردو شەش مانگی رەبەق لە زیندانیان پەست، چونکە لەسەر هەڵس و کەوتی ئەلیزابیسی کچی قڕالیچە بەریتانیاو خوشکی فاروقی مەلیکی میسرو وژنی شای ئێرانی ئەوکات نووسیبوو.. هەر ئەوە دەڵێ:

(سلێمان دەمیرێل- دووای مستەفا کەمال ئەتاتورك- گەورەترین سیاسەتمەدارو رەوانبێژو خاوەن بەلاغەتێکی لە بن نەهاتووە بەسەعات دەئاخێوێ و قسە دەکا ، بێ ئەوەی مرۆ هیچی لێ تێ بگا..باس لەمەسەلەی کوردی تورکیا دەکا بەڵام هیچ وادەی چارەسەرکردنی نادا. ئەو هێمای سیاسەتی دیماگۆگیی تورکە).

محەمەد نوسرەت عەزیز (کەئەمە ناوی راستەقینەیەتی) لەساڵی ۱۹۱٥دا لە دوورگەی- هەیبەلی-ی سەر بە ئیستانبووڵ لە خێزانێکی نیمچە هەژار لەدایك بووە(باوکی شێخی خاوەن تەریقەت بوو)بەمنداڵی لەبەرخوێندنی ئایینی دانراوە (فەقێ)،پاشان لە قوتابخانەی(داری

PDF 4 KURD

[illegible])دا كە تايبەت بە مندالّی هەتیوو كوڕە مسكێن و هەژار بوو، نێونووس كراوەولە پۆلی سێی سەرەتاییدا وەرگیراوە[٦]. سالّی ١٩٣٥ ئامادەیی تەواوكردووەو چوّتە كۆلیژی سەربازی بوّتە ئەفسەری ئەندازیارو سالّی١٩٤٤ لە سپا ئیستیعفای كردووەو لە روّژنامەی (قەرەگوّز) و گوّڤاری (یەدی گون) ی (سیدات سیماوی) یەوە داخیلی جیهانی روّژنامەنووسین بووە. كە حزبی گەلی كوّماری سالّی ١٩٤٥ هاتووتە حوكم ، گوّڤار ڕاگیراوەو عەزیز نەسین بیّ كار ماوتەوە.پاشان بەیەكەوە سالّی ١٩٤٦دەگەلّ (سەباحەددین عەلی)[٧] گوّڤاری(ماركوّ پاشا)یان دەركردووە كە ژمارەی تیراژی خوّی لە ٦٠-٧٠ هەزار دانە داوەو خوێنەر بە زەوقەوە گوّڤاریان دەكڕی و ئەودەست و ئەم دەستی دەكرد. دووای داخستنی گوّڤار، بە نێوی دیكەیان دەرهێناوە (مەعلووم پاشا، مەرحووم پاشا،بیزیم پاشا، حورِ ماركوّ پاشا، عەلی پاشا،عەلی بابا)و لەنێوان سالّانی ١٩٤٤-١٩٦٢ لە زوّربەی گوّڤار و روّژنامەكانی توركیادا بەرهەمی بلاّوكردووتەوە بە تایبەتی(قەرە گوّز،ئاق بابا،دوّلّمش، ئەقشام..)و سالّی ١٩٦٢ گوّڤاری (زبوك)ی گالّتەجاڕی دەرهێناوەو وەكو زوّربەی هەری زوّری ئەدیبانەوە بە شیعر دەستی پیّ كردووەو سیّ دانە دیوانی هەن یەكەمیان (لەكوّتاییەوە بوّ سەرەتا)یە:

(هەوەلّ شیعرم دەنووسی بەلاّم تێیدا سەركەوتوو نەبووم: كە لە سپادا بووم بە نێوی (وەدیعە نەسین)ـەوە شیعرم بلاّو دەكردەوە، تەنانەت(عومەر بەدرەددین و رەمزی ئوّغوز ئاریك) هەلّسەنگاندنێكی باشیان لەسەر شیعرەكانی وەدیعە لە گوّڤاری (گەل) كە لە ئەنقەرەدا دەریان دەهێنا، بلاّوكردەوەو پەسنیان كردبوو.پاشان بوّم دەركەوت بەكەلّكی شاعیری نایەم بەتایبەتی دووای چاوپێكەوتنم بە نازم حیكمەت، كە لە نەخوّشخانەی (جەڕڕاح پاشا)دا چارەسەر دەكرا.. ئەو كاتە گوّڤارێكی ئەدەبیاتم دەردەهێناوهەلّبەستم بلاّو دەكردنەوە بەلاّم نەك بە نێوی خوّم. نازم حیكمەت پرسیاری لێكردم: ئەم شیعرانە هی توّن؟ گوتم : بەلّیّ . گوتی: توّ چیروّكی خنجیلانەو رێكوپێك دەنووسی، شیعر مەنووسە. بێگومان درانگ هەستم كرد كە لاسایی نازم حیكمەتم دەكردەوەو قەتاو قەت لاسایی ناگاتە ئاستی ئەسلّ).

عەزیز نەسین روّلّێكی گرنگی لە سەندیكای نووسەرانی تورك دا گێڕاوەو لە زوّربەی هەلّبژاردنەكاندا دەنگی هێناوە بەتایبەتی دووای سالّی ١٩٧٦ كە بە سەروّكی سەندیكا هەلّبژێردراوەو ١٦ سالّ سەروّكی ئەوسەندیكایە بووە.بەر لەم تاریخە سەندیكا كە لە سالّی ١٩٧٠دا دامەزرا دانی بە ئەدیبایەتی عەزیز نەسین نەدەهێناو وەكو سیاسەتمەدارێكی دەروانی كە چیروّكی گالّتەجاڕی بوّ وەدیهێنانی ئامانجی سیاسی خوّیەوە دەنووسیّ و رەخنە لەدەولّەت

دیکتاتۆری و دژی ئیمپریالیزم خەبات دەکا.
گەلێ خەلاتی نێو دەولەتی وەدەست هێناوەو بایەخی بە رێکخستنی رۆشنبیری دەداو پێی وابوو هێزێکی کاریگەرە دژی رژێمی سەرکوتکەر کە رێگەی داهێنان دەگرێ و نایەلێ گەشە بسێنێ. تەنانەت کە لەدەرەوەی رێکخستنیشدا بوو نیوانی دەگەل دۆست و هاوکارەکانیدا خۆش بوو. ئەندامێکی چالاکی یانەی دانەرو پەخشێنەران بوو کە بەکورتکراوەی(پەن) ناسراوە تا ئەو کاتەی یانە بە فەرمانی سپا داخراوە.لەم بارەیەوە دەلێ:
(رێکخستن- هەر رێکخستنێك بێ- دووئەرکی سەرەکییان هەیە، یەکەمیان مرۆ لە گۆشەگیری رزگاردەکا، دووەمیان پالەپەستۆی دیموکراتی پتر دەکا.ئەگەر رێکخستن بۆ خەلکی هاکەزایی پێویست بێ، ئەوە بۆ رۆشنبیران دەبێ بەزۆرەملێ بێ).
درێژە بە قسەکەی دەداو دەلێ:
(لە ولاتە پێشکەوتووەکاندا رۆشنبیری بی رێکخستن نادۆزیتەوە.بەلام لێرەدا-تورکیا-دەولەت خەلکی بێ رێکخستنی دەوێ..بۆ ؟ چونکە خەلکانێکی بێ رێکخستن لێخوڕینیان ئاسانە. سەد کەسی رێکنەخراو تەنیا سەد دانە کەسن، بەلام سەد کەسی رێکخراو هێزیکن گالتەی پێناکرێ. بۆیە کە دەولەت ناتوانێ رێگەی رێکخستن بگرێ، هەولی پەیداکردنی رێکخستنی لاواز دەدا، وەك ئەوەی دەگەل سەندیکای نووسەران کرا)[٨].
بۆدابینکردنی نانی رۆژانەی، ناچاربووە هانا بەرێتە بەرگەلی پیشە.چونکە ناوەناوە بێ ئیشوکار دەبوو بەتایبەتی دووای دەرچوونیەوە لە زیندان. ئەوکاتە گۆڤارو رۆژنامەکان لە ترسی رژێم ناچار دەبوون وەدەری نێن و بەرهەمەکانی بلاونەکەنەوە:
(کە گۆڤارو رۆژنامە شتیان بۆم بلاونەدەکردەوە،خۆم گۆڤارو رۆژنامەم دەرهێناوە.کەچاپخانەکان نەوێراون شتم بۆ چاپ بکەن بەدەست روونووسم کردوون و فرۆشتوومن . کە بەڕێوەبەرایەتی گرتووخانە قەلەم و کاغەزیان لێ قەدەغە کردووم(بە پێچەوانەی یاساکان) بەرهەمی خۆم بە نهێنی گەیاندە دەرەوەی زیندان).
وێنەگری فۆتۆگرافی و نووسەری سیناریۆو رۆژنامە فرۆشی گەرۆکی کردووە، ئەنجا نووسەرێکی لێهاتووی کە بە پەنجە ئیشارەتی بۆ بکەن و بۆ کۆنگرە ئەدەبییەکان بانگ بکرێ و سالی ١٩٩٢کۆلیژی هونەرە بالاکانی زانکۆی دارمشتادی ئەلمانی پێشنیاری بەخشینی بڕوانامەی دکتۆرای (فەخری)لە فەلسەفەی بۆ بکاو، پاشان لێی پەشیمان بێتەوە[٩].. لە داوێکەوە بۆ داوێکی دیکە، زەمانی بەد بە خراوە باسی بکەن ..کەچی ئەم هەموو هەولانە کۆلیان پێ نەداوو

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

بڕوایان لەق نەکرد، بڕوا بە دژایەتی زوڵم و پرد دروستکردن لە نێوان قەوم و ڕەگەزو ئایینـەکان و وتووێژ دەگەڵ راو بۆچوونی جیاواز.

بۆیەك ساتیش چیە لەکار نەوەستاوە.. دەیگوت:(ئەوانەی وەکو مـن پیشـەیان نووسـینە نـابێ بوەستن). یوسف زیا ئۆرتاج دەڵێ: (عەزیز نەسین لە سەعاتی دیوار دەکا . وەستان نازانێ).

بەشان و بازوو ڕێگەی خۆی کردووتەوە ، بە خـەباتی سـەخت و گاڵتـەجاڕی وردی بـەرزەوە وەك (میهری بەللی)ی نووسەری ناسراو دەڵێ:(کەسایەتی نەسین لەوە بەدەردەکەوێ کـە لـە سەختترین هەلۆێستی ژیانیدا توانیویەتی خەڵکی بەپێکەنین بینێ،بۆیە هەقە بەتێکۆشـەری دەم بەخەندە ناوببردرێ).

دەیزانی کەلەپووری سوڵتانە عوسمانیەکان تا ئێستایش وەسـەر کۆمەڵـەوە زاڵـن، دەیگـوت : لێرەدا مرۆڤ نرخی نیە ! کەداوای هۆیەکەی دەکەی؟ دەڵێ:

(گوناهی کەلەپوورە.. بەتایبەتی ئەوەی لە سوڵتان محەمەد فاتیحەوە بـەمیرات ماوەتـەوە.کابرا ئاستێکی بەرزی ڕۆشنبیری بڕی بوو، گەلێ زیرەك بوو، چەند زمانیشی دەزانی و یەکەم حاکمـە ڕێگە بدا (بۆرتریێت)بکێشرێ، لەکاتێکدا کە وێنەی مرۆڤ بە کوفر دادەندراو وێنە تەنیا نەخش و جوانکاری لاپـەڕەکانی کتێـب بـوون بـە گـوڵ وگوڵزار..سـەرەڕای ئەمـەیش ئـەو سـوڵتانە چ بەیاخێکی بە مرۆڤ نەداوە.

فاتیح فەرمانی داوە نیگارسازی ئیتالی (بیللینی) بێتە کۆشکی ئەوو ژووری تایبەتی بۆتەرخان بکرێ ،(سینان)ی ئاندازیاری ڕەوانەی هەندەران کردووە لـە شـێوەکاریدا قـاڵ بێتـەوەو فێـری هونەرەکە ببێ. ڕۆژێکیان فاتیح سەردانی (بیللـینی) دەکـا، دەبینـێ وا وێنـەی ئـەوی وەبـان ئەسپەوە کردوە لەکاتی پەلدانی سەری یەکێك لەدوژمنەکانی. دیقەتی وێنە دەداو بـە بیللـینی دەڵێ: کەللەسەر واناکەوێتە بان عارد. بیلليني دەڵێ : مـن وافێربووم.هەرئەوکاتـە فـاتیح لـە نۆبەتدارێکی رادەخوڕێ زەلامێکی بۆ بێنن و یەکسەر کەللەسەری بەشیر دەپەڕێنن و بە بیلليني دەڵێ : بزانە کەللەی سەری بنیادم وا دەکەوێتە سەر زەوی!

دووای ئەم ڕووداوە بیلليني کلۆڵ بە هێمنی تورکیا جێ دەهێڵێ و دەگەڕێتەوە ئیتالیا.

سوڵتان محەمەد فاتیح بۆ تەختی سەڵتەنەت برای خۆی کوشتووە! ئەوەنـدەی نـەمابوو ئێمـەیش شتێکی وامان بەسەربێ.

پاش کودەتای ئەیلولیسـاڵی ١٩٥٥ لەگرتووخانـەیان پەسـتاین. ژمارەمـان لـە نێـوان٦٠-٧٠ نووسەر دەبوو. ڕۆژێکیان (والا نووروددین-ئەوبوو خێزانی بوو؟ وەبیرم نەماوە)سەردانی ئێمـەی

مردو به برادەرێکی گوتبوو کە لە سەرچاوەیەکی باوەرپێکراوەوە بیستوویەتی کە سپا لە سێدارەمان دەدا. کە هەوالمان بیست ئەو رۆژە تائێوارە پێکەنین بەری نەداین و هەوالمان بە گاڵتەو جەفەنگ زانی.بەلام دووای حەوت ساڵان چاوم بە عەقیدێك کەوت کە ئەوکاتە ئەندامی دادگای سپا بوو، گەلێ رووداوی دڵتەزێنی ئەوکاتی بۆ گێرامەوە وەك زیندە بەچاڵکردنی بێ دادگاو جۆرەها ئەشکەنجە دژی گرتووەکان. گوتی: ئەمرمان لە فەرماندەی ئیستانبووڵەوە -نوورەددین ئەفنوز پاشا- بۆ هات کە حوکمی لەسێدارەدانتان بدەین و لە گۆڕەپانی(ئەمین ئینۆنۆ)دا جێ بەجێ بکرێ. نەسین دەڵێ: نازانم هۆی چبوو ئەو حوکمە جێ بەجێ نەکرا ،بەلام ئەو هەواڵەی کاتی خۆی - والا - بیستبووی ڕاست بوو(١٠).

ساڵی ١٩٧٠ عەزیز نەسین لە ناوچەی(چاتالجا ÇATALCA) پارچە عاردێکی کڕی و دەستی کردە دامەزرندنی وەقف و ساڵی١٩٧٤ نزیکەی بیست و پێنج هەتیوی بێ دایك و باوکی وەرگرت و لەوکاتەوە خۆیشی هەر لەو دەزگایەدا دەژی و بۆ ئەوەی لەنزیکەوە ئاگای لە باری گوزەران وپەروەردەی ئەو مندالانە بێ، ژوورێکی بۆ نووسین و خەوتنی خۆی تەرخان کردووە،. بۆ نموونە ساڵی١٩٩٣ کۆی مندالانی نێو وەقف ٢١ کوڕو ١٥کچ بوون گەورەکەیان تەمەنی بیست و دووساڵ و بچوکەکەیان نۆ ساڵ بوو،هەموویان خەریکی خوێندن بوون لە سەرەتایی و ناوەندی و کۆلیژو تا ئەو کاتە ٦٠ کەسیان بڕوانامەیان وەدەست هێنابوو.

وەقفی نەسین لەپارەی قازانجی نووسینەکانی عەزیز نەسینەوە (چ وەرگێڕان بێ و چ ئەو رۆمان و چیرۆکانەی دەکرێنە فیلم)مەسرف دەکرێ. توانیویەتی ئۆتۆمبیلێکی بۆ هاتوچوی مندالان بکڕێ و پارچە زەوی یەکی دیکەیش لە ناوچەیەکی دیکەی دەوروبەری ئیستانبووڵدا زامن بکاو بینای ئێستاکەیش سێ نهۆمەو هۆڵی سەعی کردن و چێشتخانەو ژووری نووستنی تێدایەو حاڵی حازر دکتۆر عەلی نەسینی کوڕی وەقف بەڕێوە دەبا.

دەربارەی ئامانجەکانی ئەو دەزگا خێرخوازەوە، عەزیز نەسین دەڵێ:

(بەندە لە کتێبی-ترسان لە ترس-دا باسی ئامانجەکانی وەقفم کردووە، بەلام ئایا هیچمان بەهیچ کردووە؟ نەخێر، چونکە لەلایەك پارەمان کەمەو لە لایەکی دیکەوە زۆر زەحمەتە خەڵکی وا پەیدا بکەین ئەو ئامانجانەمان بۆ بهێنێتە دی.

لێرەدا چمان مەبەستە؟ گەرەکمانە مندال پەروەردە بکەین. تاکە ئامانجمان ئەوە نیە مندال بڕوانامەی فێرگەی تەکنیکی یا پیشەسازی وەدەست بێنێ و ئیشوکار پەیدا بکا.ئەمە خۆی لەخۆیەوە گرنگە بەلام دەمانەوێ هەندێ خەڵك پەروەردە بکەین کە وولات پێویستی پێیانە.

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

چونکە ژمارەی کەسانی وا لە تورکیادا ئەمڕۆ زۆر کەمن.من لاﻓی ئەوە لێنادەم کـە گـەرەکمان تورکیا رزگار بکەین، بیرۆکەی وامان نیەو شتی وا ئەسڵەن نابێ .ئێرە وەقفێکی ئەوتۆنیە کاری وا گەورەی پێ بکرێ. دەمانەوێ شتی دیکـە بکـەین.. سیاسـەتی پـەروەدو رۆشـنبیری تـورك سیاسەتێکی وابەستەی رژێمە و خەڵکی نائخۆر پەیدا دەکا. ئێمە شـتێکی بـە پێچـەوانەی ئـەم سیاسەتەمان دەوێ.

ناشمەوێ منداڵانی ئێرە ببنـە بەرهـەمهێنـەری ماکینـەیی، چـونکە خـەڵکی دەرەوەی ئێمـە وا بیرناکەنەوە. قوتابخانەو بازاڕیش وانیە.

پێویستە سیاسەتی تورکیـا لەسـەر بناغـەی پـەروەردەکردنی مـرۆی بەرهەمهێنـەر بێ.بـێ ئـەم سیاسەتە لە بواری پیشەسازی و کشتوکاڵیدا تورکیا لەو قەیرانەی تێی کەوتووە ، رزگاری نابێ.

دووەم، گەرەکمان خـەڵکی وا پـەروەردە بکـەین بـە ئـازادی بـیر بکەنەوە.ئێمـە تـا ئێسـتا فێرنەبووین بە ئازادی بیربکەینەوە، چونکە ئەوانەی داخـوازی شـتی وا دەکـەن خـودی خۆیـان نایەنەوێ. داوی مافی ئافرەت دەکەن کەچی ئـەم مافـە بـەکار نـاهێنن. هەنـدێ تـابلۆ وەسـەر دەرگای ماڵاندا هەن ، ژنە نێوی مێردی دەنووسێ ونێوی خۆی وەلاوە دەنێ!

سێهەم، کە زۆر گرنگە، دەمانەوێ خەڵکانێك پەروەردە بکەین کە بە چـاوی رەخنـەوە دیقـەتی دنیا بدەن و سەر لە نوێ راستی بدۆزنەوە)

لە وەڵامی پرسیارێکدا کە ئایا وەقف لەلایان دەوڵەتەوە کۆمەك دکرێ؟ عەزیز نەسین دەڵێ:

(حەشتەبامان نادەنێ.. بەپێچەوانەوە ئێمە پارە دەدەینە دەوڵەت! کـە وەقفمـان دانـا دەوڵـەت ساڵانە یەك ملیۆن لیرە باجی خستینە سەر.ئێستا ملیۆنێك لێـرە هـیچ نیـە بـەڵام ئـەو کـات مەبلەغێك بوو گاڵتەی پێ نەدەکرا.هەوڵمداوە لە کاتو ساتی خۆیدا پارەکە نەدەم . زۆر جار بـە شکات و شکاتکاری ودادگا ئەنجا پارەمـان داوە، بـۆ ؟ چـونکە لـیرەی تـورکی رۆژ لـە دووای رۆژەوە بێ نرخ دەبێ و با سوود لەو برە پارەیەی ئێمە وەرنەگرن.

ئەم راستیەم بە پشکێنەرەکانی دارایش گوتووە.. گوتوومە ئەو(خـەراج)ــەی لـە ئێمـەی دەسێنن حەرامە.

لە دەورانی (کەنعان ئێڤرەن)دا هەوڵیاندا تووشی گێچەڵمان بکەن و بە تۆمەت و بەهانە وەقـف داخەن. پشکێنەریان رەوانەی ئێرەکرد، لەحیسابمان وردبوونەوە، بەڵام چونکە هیچ سەرپێچـیان نەدۆزیەوە، زەفەریان پێ نەبردین.

بەڵێ یارمەتیمان بۆ دێ، بەڵام زۆرکەم .خوێنەرانی بەرهەمی من خەڵکی رەشورووت وهەژارن.

PDF 4 KURD

دەتوانم کۆمەگ و یارمەتی کۆبکەمەوە، بەڵام لەو ترسەی نەبادا دۆستێك لەیەکێ لە چێشتخانەکاندا دەعوەتی نانی نیوەڕۆ بکەم ، یەکێك ببینێ و بڵێ: فەرموو ئێمە کۆمەکی وەقف دەکەین، کەچی عەزیز نەسین پارەی ئێمە دەداتە دەعوت ودەعوەتکاری!بۆیە داوای یارمەتی لە کەس ناکەم[11].

عەزیز نەسین و مەسەلەی کورد

لە باروودۆخێکی تەماوی وسەرپۆشکردندا سەبارەت بە زەوتکردنی مافی نەتەوەیی ڕەوای گەلی کورد لە تورکیادا، نووسەری پێشکەوتنخوازی تورك لەتەك چەند رۆشنبیرێکی دیکە ، لەریزی پێشەوەی بەرگری کردن لەو مافانە وەستاوە.

زەوتکردنی مافی گەلی کورد لە ڕادەبەدەرە.تەنانەت مێژوویان شێواندووەو کتێبیان داناوە هەر بۆ ئەوەی بسەلمێنن کە خەڵکانێك لە تورکیادا نین بە نێوی کوردو ئەوانەی واخۆیان بەکورد لەقەڵەم دەدەن تورکی شاخن! هەموو ئەو راپەڕین و شۆڕشانەی دژی زوڵم ستەمی فەرمانڕواکانی ئەوێ پەرپابوونە، بە یاخی بوونی عەشایەری لەقەڵەم دەدەن ودژ بە شارستانیەت وپێشکەوتنی دەزانن .تەنانەت کەسانێکی رەگەز پەرست، کورد تاوانبار دەکەن بەوەی تورك کەرکووکیان لەدەست چووە، بەبێ گوێدانە هیچ راستییەکی مێژوویی!

رەنگە هەر ئەم بەرچاوتەنگییە بێ کە نەوەی تورکی پێ پەوردە دەکەن، وا ئەم وڵاتە گۆشەگیر بێ و هەر چی گۆڕانکارییە -لەرووی بیرەوە- ئەوان مانای نەزانن و هۆی سەرەکیی هەرەس هێنانی بێ لەوەی کەچەند ساڵە هەوڵی چوونە نێو خێزانی ئەورووپی دەدا. لەلایەك بەرژەوەندی خۆی لە نێو ئەو خێزانەدا دەبینێ و لەلایەکی دیکەیشەوە ئامادە نیە مەرجەکانی جێ بەجێ بکا، لەوانەیش دانان بە مافی کورد.

وەزع بگاتە ئەو ڕادەیەی پزیشکێکی تورك (کە سوێندی خواردبێ دڵسوزی پیشەکەی بێ) چارەسەری نەخۆش نەکا چونکە تورکی نەزانیوەو بەکوردی باسی لەدەردی خۆی کردووە! لەگەڵ ئەمەشدا گرووپی سیاسی وا هەن حەز لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد بکەن، بەڵام دەسەڵاتیان بەسەر سپادا ناشکێ و بەرگەی چاوسوورکردنەوەی گرووپە رەگەز پەرستەکان ناگرن، بۆیە دەبینین هەنگاوەکانیان لەسەرخۆکزەو زووزوویش ناچار دەبن لە هەڵویستیان پەشیمان ببنەوە[12].

نموونەیەکی رەگەزپەرستانەی هەندێ لایەنی سیاسی تورك بەروونی لە هەڵوێستێکی (حزبی بزووتنەوەی نەتەوەییMHP) دا دەردەکەوێ کە چۆن داخوازی پێشکەش بە دادگای

دەستوور کرد و داوای کرد حوکمی لەسێدارەدان بگەڕێتەوە، دووای ئەوەی وەگ مەرجێکی یەکێتی ئەورپا لابردرا.بۆ؟ چونکە دەست بەجێ تورکیایان قەبووڵ نەکرد و مەسەلەیان بۆ کاتێکی دیکە!

ئەو هەوڵانەی دەوڵەتیش بۆ رازی کردنی کوردی دەدا،هەولّی نەزۆك وبێ ئەنجامن،چونکە هەنگاوێکی ئەوتۆیان دەگەڵدا نیە ناوچەکانیان پێ ئاوەدان بکرێتەوەو بەرەو پێشیان ببا.رۆژنامەکانی تورك دەڵێن بەشی مرۆی کورد لە سەرمایەی پیشەسازی ١٠٪و بەشی لە سەرمایەی بازرگانی ٢٪ونەخۆشخانەو فێرگە تەنیا لە مەڵبەندی شارەکاندا هەن و ئاستی بێکاری ٢٠٪کە لە ناوەند بەرزترەو ئەوانەی زمانی تورکی بەڵەد نین ٨٠٪ی کورد پێك دێنن،سەرەڕای نەبوونی خزمەتگوزاری کارەباو ئاوو رێگەوبان[١٣]

حکوومەتی تورکیا لە رووی گەشەکردن بەدەوام جیاوازی لە نێوان ناوچەکاندا دەکا. ئەو راپۆرتەی ساڵی ١٩٩٧ (دەستەی نەخشەکێشانی دەوڵەتDPT) بڵاوی کردەوە بووە مایەی سەرسوڕمانی هەموو گروپە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی تورك .راپۆرت دەڵێ ئەو پارێزگایانەی لەهەموو روویەکەوە پێشکەوتوون،ئەوانەن وا دەکەونە بەشی رۆژئاوای وڵات کە تورکی لێ نیشتەجێن.ئەو بەشە هەموو دەزگاو دامەزراوە پیشەسازی و بازرگانی بەخۆیەوە دەگرێ و دڵی ئابووری تورکن و٨٠٪ئەو ئابوورییە سەرچاوەی بەرهەمەکەی ئەوێیە، بە نەوت و بەنزینەوە. کەچی پارێزگاکانی کوردی لێ نیشتەجێن لەدامێنی هەرە خوارووی لیستەکە دێن وئەوەی پێی بگوترێ پرۆژەی پیشەسازی یا بازرگانی نابیندرێن. دەسکەوتی ساڵانەی کەسێکی لە رۆژئاوای تورکیا دادەنیشێ مەبلەغی ٥٩٢٤ دۆلاری ئەمریکییە، کەچی دەسکەوتی ساڵانەی یەکێکی خەڵکی شاری ئاگری تەنیا ٥١٤ دۆلارە![١٤] چەند راستییەکی تاڵ دووای بوومەلەرزەی ساڵی ١٩٩٩ بەدەرکەوتن و بەڵگەی ئەو ستەمەن کە لە کوردی دەکەن. دەرکەوت کە بە هەزاران دامەزراوی پیشەسازی ئۆتۆمبیل و شووشەو هی تر دەکەونە ناوچەی دەریای مەرمەرە کە لە بوومەلەرزە زەرەرمەند بوو(ئیستانبووڵ، ئیزمیت، سەقاریا، بورسە، بۆلو، یەلەوا، ئەسکی شەهیر)و٢،٤٥٪ی تێکڕای دامەزراوی پیشەسازی تورك پێك دێنێ.سەرەڕای چەند کارخانەیەکی پیشەسازی سەر بە کۆمپانیا بیانییەکانی وەك(تۆیۆتاو هیۆندای وجۆدییرو مانسمان و لاقارچ..) و بە پێی مەزەندە سەرەتاییەکانەوە زیانی بوومەلەرزەی لەو ناوچەیە کەوت نزیکەی ٤٠ ملیار دۆلاربوو.

تەنانەت کە ژووری بازرگانی تورك پێشنیازی گوازتنەوەی نزیکەی ٢٠٠ کارخانەی پیشەسازی

PDF 4 KURD

بۆ باشوور کرد، بەتایبەتی کارخانەی کاغەزو لاستیك و ئۆتۆمبیل و بۆیە، سەرەك کۆماری پێشوو-سلێمان دەمیرێل- قایل نەبوو بەبەهانەی ئەوەی: هیچ شوێنێکی تورکیا لە بوومەلەرزە سەلامەت نیەو ۹۸٪ی دەکەوێتە سەرهێلی لێکترازان..پاشان بوومەلەرزە سەد ساڵ جارێك لە تورکیا دەدا! گوتیشی : بۆیە ئەوکارخانانە لەم ناوچەیەن چونکە ئەم بەشەی وڵات رێگەوبان وکۆگای هەن بەتایبەتی هێلی دەریا.

دووای ئەو ناوچەیە (لەرووی پێشکەوتنەوە) ناوچەی دەوروبەری (دەریای ئیجە) دێ ئەنجا ئەنادۆڵی نیوەڕاست و دەوروبەری دەریای سپی، لەکاتێکدا کە تێکڕای ئەو ناوچانەی رۆژهەڵاتی باشوور و رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ کە ٤٤ پارێزگا بەخۆیانەوە دەگرن لەئەسڵی٧٦ پارێزگا، دەکەونە ژێر هێلی پێشکەوتنەوە [١٥]..

لە ئەنجامی ئەو سیاسەتە ئابوورییەی بە بەرنامە دارێژراوی ئاستەنگ لەبەردەم پێشکەوتنی ناوچەی کوردستاندا،پارێزگاکانی باشوورو رۆژهەڵات ١٠-٥٠٪ی خەڵکەکەی لەبەر نەداری وبێکاری و یاسا سەرکوتکەرەکانەوە کۆچ دەکەن.بۆ نموونە شاری(تۆنجەلی)چارەگی دانیشتوانی بەرەو شارە گەورەکان یا ناوچە بازرگانیەکان بە دووای تیکەی نان کۆچیان کردووە.

لەم نێوەدا کەڵە نووسەرێکی وەك عەزیز نەسین دژی ئەم مێشکە ژەنگاویانە بوەستێ،کارێکە گاڵتەی پێناکرێ و بەشێکە لە دڵسۆزیی ئەو جوامێرە بۆ نەتەوەیەك کە سەدان ساڵە لەپاڵ گەلی ئەودا دەژی. ئەم هەڵوێستە بوێرانەی نەسین نامۆ نیە، هەرئەوە رۆشنبیرانی تورك بە ترسنۆك لە قەڵەم دەدا کە چۆن ملکەچی رژێمن و کتێبێکی لەم بارەیەوە داناوەو نێوی ناوە (ئاخ لە ئێمەی رۆشنبیرانی ترسنۆك). لە وەڵامی پرسیارێکدا دەڵێ:

(شەرم دەکەم خۆم بە یەکێك لەو رۆشنبیرانە بزانم..مەترسی هەرەگەورەیش لەوترسەی رۆشنبیران لەوەدایە کە دەسەڵات بەو پێیە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکا کە ترسنۆکن.ئەگەر وانیە، دەیانتوانی عەدنان مەندەرێس لەسێدارە رزگار بکەن).

لە پێشەکی کتێبی (تورکی بولگارستان، کوردی تورکیا) ولەژێر ناونیشانی (کێشەی کورد[١٦] (KÜRT SORUNU نەسین دەڵێ:

(لە مانگی ئابی١٩٨٧بەتەلەفۆن لەگۆڤاری (E DOĞRU ٢٠٠٠)ـە وە پێوەندییان پێکردم و گوتیان دۆسیەی کێشەی کوردیان لەبەر دەست دایەو ڕای منیان لەم بارەیەوە ویست.وەڵامم دانەوەو گوتم: لەسایەی ئەم یاسایانەی هەنوکە هەن باسکردنی ئەم مەسەلەیە بێ سوودە.یەکەم شتی پێویستە بکرێ ئەوەیە ئەم یاسایانە بگۆڕدرێن تا مرۆ بتوانێ بە سەربەستی لەم کێشەیە

PDF 4 KURD

بدوێ و وتووێژی لەبارەیەوە بکا.خەڵکانێك بە رۆژی رووناك تووشی ئازار دەبن و تورك کورد بکوژێ و کورد تورك بکوژێ و ئەوکارانەی سپا پێیهەڵدەستێ چارەسەری کێشە ناکەن . مانەوە لەنێو بازنەی ئەو شڕە یاسا کۆنانە کە تاریخ و کەلەپووری خەڵکانێك دسڕێتەوە، گەورەترین هەڵەیەو هەمان هەڵوێستە کە لە بولگارستاندا رووبەرووبمان بۆوەو گوتیان رەگەزی تورك لەم وولاتەدا نیە. ئێمە هەمان رۆڵە دووبارەی دەکەینەوە بەوەی کە رەگەز بۆ مرۆڤ دەستنیشان دەکەین ودەڵێین: تۆ لە فلانە رەگەزی!

من بە راشکاوی دەڵێم گەلێك هەیەو کوردی ناوەوخاوەن کەلەپوورێکی تایبەتەو دەگەڵ سەربەخۆیی سیاسیدا نیم.ئەم گفتم تەنیا لەبەرژوەندیی تورك نیە،بەڵکو لە بەرژەوەندیی کوردیشە چونکە بارودۆخی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە رۆژهەلات لەبارنیە. ئەمەی ئەمڕۆ لەتورکیادا روودەدا هەر لە گەمەی (ئەتاری)دەکاو هێزی دەرەکی هەن ئامانجی سیاسییان هەیە ئەم گەمەیە بەڕێوە دەبەن،لە قەیرانی یونانستانەوەو کێشەی ئەرمەن و سەربەخۆیی کوردو کێشەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست و قسەی نابەجێی هەندێ کەس بەوەی مافمان لە مووسڵ وکەرکووکدا هەیە..ئەمانە پلانی گەمەی ئەتارین و بەگوێرەی هەندێ مەرجی دیاریکراو بەڕێوە دەچێ.لەبەر ئەوە من دەگەڵ گۆڕینی یاساکانم کە دان بەمافی گەلی کورد دەنێن و باوەڕیشم بە هەندێ داوای کوردان نیە کەداوای سەربەخۆیی دەکەن.

چاوەڕواتی هیچ سوودێك لە تیرۆر ناکرێ و تیرۆر دژی تیرۆریش بێ سوودەو کێشەکە چارەسەرناکا. دەوڵەتی تورکیا مەبەستی نیە رێگەچارە بدۆزێتەوە چونکە یاسای هەڵە جێ بە جێ دەکا کە چەندانساڵە دانراون و کێشەیان دروست کردووە.زەقترین هەڵە ئەمەیە بگوترێ:(کورد نین، تورکن)هیچ نیشتمانپەروەریی پێ ناگوترێ ئەوکەسەی نەتەوە لەسەر مرۆڤ فەرزدەکا،چونکە مرۆڤ ئازادە خۆی بەکامە نەتەوە بزانێ.

ئەگەر حکومەتی تورك لەرۆژهەلاتدا بەئەرکی سەرشانی خۆی هەڵدەستا، خەڵکی ئەوێ هەستیان بە گیروگرفت نەدەکرد..ئەگەر ناوچەکەی لەرووی ئابووری یەوە گەشە پێدەداو مافی رۆشنبیری خەڵکەکەی دابین دەکرد، ئەوە هیچ رووی نەدەدا.

خالێکی گرنگی دیکەیش هەیە،ئەوەیە کە حکومەت چارەسەری کێشەی بۆ ناکرێ چونکە حکومەتێکی هوشیار نیەو کێشەکەیش کۆنە.من پێموایە هێزی دەرەکی دەستی تێوەردەدەن و بەرژەوەندی یان لەوەدایە کە تورکیا ببێتە دەوڵەتێکی ئیمپریالیزم و سپاکەی پیاوکوژو جەردە.بۆیە لەقازانجی کوردو تورکانە کە بە ئەقڵ بیربکەنەوە. خەباتی سەربەخۆیی لەوەدانیە

PDF 4 KURD

مەسەلی نێو بێشکە بکوژرێ یا پیرەمێردێکی بەسالاچوو.ئەم کارانە هەستی تورکان دەبزوێنێ و کورد دەخاتە نێو دووفاق.چارەسەر لە لێك تێگەیشتن و ژیان بەیەکەوەی نێو نیشتماندایە).
کە گۆڤاری(E DOĞRU٢٠٠٠) بە دۆسیەی کوردەوە کەوتە بازاڕ، وەزارەتی ناوخۆ بەپەلە نووسراوی بۆ وەزارەتی داد رەوانەکردو داوای وەرگرتنی پێویستی کرد.وەزارەتیش لە رۆژی ١٩٨٧/٨/١٩دا فەرمانی دایە دەستەی دادوەری گشتیی دادگای ئاسایشی دەوڵەت لە ئیستانبووڵ شکات لە گۆڤار بکا.دەستە دانەیەکی گۆڤاری بۆ پرۆفیسۆر(کەیهان ئیچەل)ی مامۆستای وانەی سزا لە کۆلیژی یاسای زانکۆی ئیستانبووڵ رەوانەکرد بۆ ئەوەی لایەنی یاسایی دۆسیەکە هەڵسەنگێنێ و راپۆرتێك لەم بارەیەوە پێشکەش بکا.ناوبراو راپۆرتی ئامادەکردو دەسنیشانی شوێنە گرنگەکانی قسەی نێو تەلەفۆنی عەزیزنسین ووتاری محەمەد عەلی ئایباری کردو بەڵگەی یاسایی هێنایەوە کە تاوانبارن، یەکەمیان داوای گۆڕینی یاسا دەکاو دووەم پەسنی کوردە جیاخوازەکان دەکا کە لەپێناو کوردستانێکی سەربەخۆدا دەکۆشن، ئەمەیش بەپێچەوانەی یاساکانە.
لە رۆژی ٣٠حەزیرانی ١٩٨٨ عەزیز نەسین لەبەردەم دادگای ئاسایشی ئیستانبووڵدا وەستا نەك تەنیا بۆ بەرگری لە خودی خۆی بەڵکو بۆ بەرگری لە نەتەوەی کوردو ئەمانەی خوارەوە بەشێکن لەو بەرگری یە:
(سەرۆکی دادگا
ئەندامانی بەرێز
گۆڤاری İKİBİNE DOĞRU بە تەلەفۆن رای منیان لەبارەی مەسەلەی کوردەوە وەرگرت و لەژمارەی ٩-١٥ی١٩٨٧دا بلاوکرایەوە.لێرەدا بڕبڕەیەك لەپێشەکی دۆسیەکە دێنمەوە کە دەڵێ: گرنگترین کێشەیە رووبەرووی تورکیا دەبێتەوە..من دان بەوە دەنێم کە کێشەی کورد گرنگترین کێشەی تورکیایە،گرنگییەکەی لەوەدایە کە دادگایەکی پسپۆڕی وەکو دادگای ئاسایشی ئیستانبووڵ بەدەستەی بەرزیەوە ئەمڕۆ دادگایی ئێمە دەکا.
(بالاترین و گرنگترین دەزگای هەر دەوڵەتێك سەرۆکایەتی ئەرکانی گشتییە، لەبەر ئەوە بە دەگمەن ئەندامانی ئەو دەستەیە وێنەیان لە رۆژنامەکاندا بلاودەکرێنەوە یا لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن دەبیندرێن. پێم باشە هەڵوێستێکی ئەو سەرۆکایەتیە تان بۆ بەیان بکەم.
لە ١٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠و بەر لەم تاریخەیش سەرۆکایەتی ئەرکانی تورکیا بایەخی بە مەسەلەی کورد دەداو ئەفسەری ڕەوانەی گۆشەکانی ولات دەکرد لە بارەی ئەم مەسەلەیە بۆ

خەڵکەکە بدوێن و راستییان بۆ شی بکەنەوە. لەو ئەفسەرانەی ئەم کارانـەیان پـێ سـپێردرابوو (رائیدی روکن ئۆغوز) بوو.نـاوبراو لـە ئـەرزەڕۆم و بەرامبـەر ۱۲۰ هـەزار هـاوڵاتی لەپشـت میکرۆفـــۆن وەســـتاو دووکتـــێبی بەدەســـتەوە بـــوون یەکەمیان(مێـــژووی وارتـــۆ) و دووەمیان(تورکەکانی لەدەوربەری دەریاچەی وان و روباری فرات دا دەژین)کە بەهەزاران دانەیان لێ چاپکراوەو چەند جاریش چاپکراونەتەوە .لە مەســەلەیەکی گرنگــی وەك مەسـەلەی کـورد، رائید روکن فەرموی:

(گەلی برادەران..بەشێك لە تورکە هەژارو نەدارەکان لە شاخە بەفراویەکانـدا دەژیان.رۆژێکیـان ئافرەتێك لەبان تەختە سەهۆڵێکەوە دەرۆیشت کە لەناکاو سەهۆڵ لەژێر پێیەوە شکاو دەنگێکی وەك(کـارد-کـورد)ی گـوێ لێ بوو،ئیـدی لـەو رۆژەوە ئـەو مسـکێنە تورکانـەی لـە ناوچـە شاخاوییەکاندا دەژین نێویان نرا کورد)!!.

(سەرۆك و ئەندامانی بەرێزی دادگا

من ئێستاکێ لەبەرامبەرتان وەستاوم بەتۆمەتی بەرگری کردن لـە کەلـەپووری هاونیشـتمانانی کوردو بەهۆی باوەڕ نەکردنی هەڵبستراوی ئەرکان کە تورکە هەژارەکانی شاخ پێیان بە سـەهۆڵ کەوت و دەنگی (کارد-کورد)یان گوێ لێ بووو نێویان نرا کورد.. زێـدەرۆیی نیـە ئەگـەر بێـژم نەك تەنیا منی نووسەری چیرۆکی گاڵتەجاڕی ، بگرە هەموو نووسەرەکانی جیهـانیش نـاتوانین چیرۆکێکی کۆمێدی وەك چیرۆکی رائید روکن ئۆغوزی نێردراوی سـەرۆکایەتی ئـەرکانی سـپای ترك رێك بخەین!)

(جەنابی سەرۆك و ئەندامانی بەرێز

جارێکی دیکەیش دەڵێم ئەم شکاتەی لە ئێمە کراوە شکاتێکی سیاسی یەو لەوانەی کردوویانەو لە ئێوەیش مەعلوومە. من پێموایە هێزێکی دیکە وەزارەتی ناوخۆو وەزارەتـی دادی هانـداوە. لەسەردانێکمدا بۆ بەرێزان دادوەرە گشتییەکان بە تایبەتی بەرێز (یەشار گون ئایدن) تێگەیشتم کە دەستەی دادوەر بەر لەوەی فەرمانی وەزارەتیان بۆ بێ بە سێ رۆژ گۆڤاریان بینیبوو هیچـی وایان تێدا نەدیبوو کە پێویست بکا شکاتمان لێ بکەن. من ئـەم کـارەی ئێسـتاکێ دژی ئێمـە دەکرێ بە ئاسایی نازانم، چونکە تورکیا لە (نەعامە) دەکا، سەری لەنێو لم و زیخ دەنێ و ئاگای لە دەوربەری نیە!هەمووومان دەزانـین دەزگـای سـیخوڕیی (MİT) لـە دووای مەسـەلەیەو لـە ئەزمونی خۆمەوە دەزانم ئەو ئەمری فەرموەە بدرێینە دادگا).

(بانقی کار تـەواوی دانیشـتنە نهێنییـەکانی ئەنجومـەنی نەماینـدەکانی- پەرلـەمان-لەچاپ

PDF 4 KURD

داونەوە(چوار جلّدن و بۆجاری سێهەم لەچاپدراونەتەوە)هەرچی ئاخاوتنی ئەتاتۆرکە لەبارەی کوردەوە دەریهێناون.پاشان گۆڤارێکی دیکە ئاخاوتنەکانی بلاوکردووتەوەو بە هەزاران خوێنەر چاویان پێی کەوتووە. نیسبەت بە ئێمەیش بە هەزاران خوێنەر گۆڤاریان بینیوە کەچی تازە بەتازە دادگایی دەکرێین، واتا دووای سالێك).

(جێگری دادوەری گشتی (بولبان ئاقباش)دلێ زمانی رەسمی تورکیا تورکی یەو فێربوونی هەرزمانێکی دیکە هەولی شێواندنی وەزعی ولات و نائارامی یەتی.من حەز دەکەم جەنابی بفەرموێ خۆی کەی لە ولاتێکی دوورەوە هاتووتە تورکیا؟ ئایا نازانێ چەندین زمانی بێگانەی وەك ئیتالی، ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەلمانی..لە ئامادەیی و کۆلیژ و ئامۆژگاکاندا دەخوێندرێن؟ نازانێ دەولەمەندو پولدارەکانی تورك مندالەکانیان رەوانەی ئەو کۆلیژانە دەکەن کە وانەکانی تورکی نین؟

مژدەتان دەدەمێ کە نیازوایە کۆلیژێکی ئەلمانی و یەکی عەرەبی و یەکی ئینگلیزی بکرێنەوە. ئایا بۆ دەبێ تەنیا زمانی کوردی هۆی ئاژاوە بێو مەترسی لەسەر سەربەخۆیی نیشتمان پەیدا بکاو قەدەغە بێ؟).

(جێگری دادوەری گشتی و مامۆستای وانەی سزا لە کۆلیژی یاسای زانکۆی ئیستانبوول دەلێن: زمانی رەسمی تورکیا تورکی یە؟ باشە کێ بە پێچەوانەی گوتووە؟ تێکرای ئەو رۆشنبیرە کوردانەی من دەیانناسم، چ لە ئاخاوتنیاندا و چ لە نووسینەکانیاندا، کە داوای فێربوون بە زمانی کوردی دەکەن شتی وایان نەگوتووە..ئەوان نالێن با زمانی رەسمی تورکی نەبێ.. ئەمە درۆیە).

(ئەوانەی لە رۆژهەلات و باشووری رۆژهەلاتی ئەنادۆل ژیاون شایەتی دەدەن- رەنگە ئێوەیش- کە خەلکانێکی زۆر بە تایبەتی دەستەی ژنان چونکە کوردن تورکی نازانن و کە ئیشیان بکەوێتە بنکەی جاندرمەو دادگاو دەزگاکانی دەولەت وەرگێریان بۆ دێنن. لەم حالەتەدا فایدەی چی بگوترێ :کورد لە تورکیادا نین؟)!!

لەم دووایییەدا دادوەری گشتیی دادگای ئاسایشی ئیستانبوول داوای ١٥ سال حوکمی بۆ عەزیز نەسین و محەمەد عەلی ئایبار[١٧] و فاتیمە یازیچی کردبوو،بەلام چونکە هیچیان لەسەر ئیسپات نەبوو حوکم نەدران.

لەژێر ناونیشانی(تاوانێکی رۆشنبیری لە باشووری رۆژهەلاتی ئەنادۆلدا) رۆژنامەنووس (یۆکسەل سەلەك) چاوپێکەوتنێکی دەگەل عەزیز نەسین کردو لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٩دا

PDF 4 KURD

بارۆی کردەوە، نەسین باس لە پرۆژەی باشووری ئەنادۆڵ دەکا کە بە GAP ناسراوەو رووبەرێکی یەکجار فراوانی عاردی کشتوکاڵی دەخاتە ژێر ئاوو چەندین گوندو شارۆچکە وون دەبن، لەوانە شارۆچکەی(حەسەن کەیف)کە چەندین ئاسەواری تاریخی لێیە وەك قەڵاو منارەو گومبەزو ئەشکەوت . سڕینەوەی ئەم شوێنەوارانە بە تاوان دژی گەلی کورد دادەنێ و داوا دەکا(یۆنسکۆ) پارێزگاریی لەو شوێنەوارانە بکا.

بەرگری نەسین لە گەلی کورد تەنیا کوردی تورکیا ناگرێتەوە بەڵکو وەك نەتەوە بەرگرییان لێ دەکا. کاتێ کە نوێنەری رۆژنامەی(جیهانی کرێکار) داوای لێ دەکا هەڵوێستی حکومەتی تورك هەڵسەنگێنێ بەوەی ۷۰هەزار کوردی عیراقی قەبووڵ کرد داخیلی تورکیا بن، لە کاتێکدا کە هەر ئەو حکومەتە هێرشی دەبردە سەر گوندی ئەو کوردانە بە بەهانەی ئەوەی یاخی بووان داڵدە دەدەن..عەزیز نەسین دڵێ:

(نەخێر راست نیە بگوترێ حکومەت ئەوانەی لە خۆشیی خۆیەوە قەبووڵ کرد. حکومەت ناچاربوو قەبووڵیان بکا.ئەمە خاڵێکی گرنگە . هەڵەیەکی زەقە بڵێین حکومەت هەڵوێستی مرۆڤانەی نواندووە.کوردی عێراق کەوتبوونە نێوان دوو ئاگرەوە، تەقەیان لەدووا بوو ، ناچار سنووری تورکیایان بزاند.ئەگەر تورکیا سنووری داخستبا کارەساتێکی گەورە رووی دەدا. ئێستاکێ لە تەلەفزیۆنەوە گوێ بیستی قسەو قسەلۆکی سەیر دەبین،کەسانێك دەڵێن ئەمانە پێشمەرگەن نەدەبوو حکومەت بهێڵێ بێنە تورکیاو با وەدەریان نێ.باشە ئەوە پێشمەرگە بوون! ئەمانە کوردن، چۆن لە تورکیادا کورد هەن ،لەعێراقیش کورد هەن.

رۆژنیە بە سەدان درۆمان گوێ لێ نەبێ کە دەوڵەتی تورك وای بۆ کردوون و وا دەکا!!دەوڵەتی تورك هاونیشتمانیی خۆی پشتگوێ خستووە، چۆن باوەڕ بکەین یارمەتی ئەو پەناهەندانە دەدا؟ لەهەموویش ناخۆشتر تورکیا یارمەتیی دەرەوەیان لێ قەدەغە دەکا. وەکو بزانم شتومەکێکی یەجگار زۆریان لە ئەورووپا بۆ کۆکراوەتەو بە تایبەتی لە ئەڵمانیاو هۆڵەندا کەچی حکومەت ئاستەنگەو نایەڵێ بەدەستیان بگا[١٨]

ئەوەندە ماوە بڵێین عەزیز نەسینی کەڵە نووسەرو مرۆڤ بەو بەرهەمە زۆرانەو بەو هەڵوێستە جوامێرانەی پلەی سێهەم لە ئەنسکلۆپێدیای تورك پێك دەهێنێ(دووای ئەتاتورك و نازم حیکمەت)و بەقەد ئەوەی گاڵتەجاربوو، ئەوەندەیش دۆستی گەلی کوردبوو

لە رۆژی ٥ ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٩٥داو دووای بە شداریکردن لە ئیمزاکردنی کتێب لە شاری (چەشمە) کۆچی دوایی کردو تا دنیا ماوە کورد مەردایەتی ئەو جوامێرە فەرامۆش ناکەن.

PDF 4 KURD

سەرچاوە و پەراوێز:

(*) ئەم وتارەم بەزمانی عەرەبی لە ژمارە ١٣١ کانوونی یەکەمی ٢٠٠٣ی گۆڤاری (مـەتین) دا کە لـە دهـۆك دەردەچێ بەناونیشـانی(سـلطان السـخرية التركـی نصـير الشـعب الكـردی) بڵاوکردەوە..پاشان بەزمانی کوردی لە ژمارە (١٤) ی ساڵی ٢٠٠٣ی گۆڤـاری(بـاریش) کـە وەزارەتی رۆشنبیری هەرێمی

کوردستان دەری دەکا، بڵاوبۆوە.

(١) شاعیری مەزنی تورکیا لە ١٥ ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٠٢ لە شـاری (سـەلانیك)داو لەخێزانێکی ناودار لە دایك بووە. باوکی (حیکمەت نازم) کوڕی شـاعیر(نـازم حیکمـەت)ی یەکەمەو ماوەیەك والی دەبێ. دایکی(جەلیلە خـانم) کچـی فەریـد ئـەنوەر پاشـای یـاوەری سوڵتان عەبدولحەمیدە. جەلیلە لەسەر دەستی (فاوستۆ زۆنارۆ)ی هونەرمەندی تایبەتیی سوڵتان فێرە شێوەکاری بووەو بە یەکەم شێوەکاری ئافرەت لە دەورانی سوڵتانەکاندا دادەنرێ.

نازم ئامادەیی دەریاوانی تەواو دەکاو لە سوپای حەمیدیـە دەبێتـە ئەفسـەر بـەڵام بـە هـۆی نەخۆشییەوە لە سپا دادەبڕێو یەکەم هەڵبەستی ئەو کاتە بڵاودەکاتـەوە. لـە قونـاغی جـەنگی رزگاریدا روو لە ئەنەدوڵ دەکات و دەبێتە مامۆسـتا. پاشـان دەچـێتە مۆسـکوو لـە زانکـۆی کۆمونیستی رۆژهەڵات دا نێونووس دەکرێو وانەی سیاسەت و ئابووری دەخوێنێ.

ساڵی ١٩٢٤ دەگەڕێتەوە تورکیا لە رۆژنامەی(ئایـدینلیك) دا شـیعرو نووسـین بڵاودەکاتـەوەو لەسەر ئەو نووسینانەی دادوەری گشتی داوای پێنج ساڵ زیندانی بۆ دەکـاو جـارێکی دیکـەیش پەنا دەباتەوە بەر یەکێتیی سـۆڤیەت و سـاڵی ١٩٢٨ دەگەڕێتـەوە وواڵت و سـود لـە یاسـای لێبوردن وەردەگرێ و لە گۆڤاری فەرمی دەوڵەتدا (ئای) دەست بەکار دەبـێ. سـاڵی ١٩٣٢ بـە چوار ساڵ مەحکووم دەکرێ ونیوەی حوکمەکە لە گرتووخانەدا بەسەر دەباو نیوەی دیکەی بـەر لێبوردن دەکەوێ و لە بواری رۆژنامە گەری و سینەمادا کـار دەکا.سـاڵی ١٩٣٨ بـە تۆمـەتی هاندانی یاخیبوون بیست و هەشـت سـاڵ و چـوار مـانگ حـوکم دەدرێو لـە گرتووخانـەکانی (چانکیری)و(ئەسکۆدار) و (بوورسا) حوکم بەسەر دەبا. ساڵی ١٩٥٠ بەر لێبـوردن دەکـەوێ ودەچێتە رۆمانیا وپاشان مۆسکۆ.

ساڵی ١٩٥١ دەوڵەتی تورکیا رەگەزنامەی لێ دەسێنێتەوە.

ییبێ ژنی هێناوە (نوزهەت، لینا، پیرایە ، مونەووەر، ڤیرا) کوڕێکی لە مونەوەر هەیەو نێوی محەمەدە ولەگەڵ دایکیدا لە فەرەنسا دەژیا.دووا ژنیشی (ڤیرا)یەو لەرەگەزی رووسەو لە سەرەتای ساڵانی ٢٠٠٠ دا کۆچی کردووەو.
نازم لە ٣ ی حەزیرانی ساڵی ١٩٦٣ دا و لە ئەنجامی قەیرانی دڵ لە مۆسکۆ کوچی دووایی دەکاو لە گۆڕستانی(نۆڤۆدە ڤیچیە) دا بەخاك دەسپێردرێ.
(٢) ساڵی١٩٢٣ لە (عوسمانیە)ی سەربە ویلایەتی (ئەدەنا) لە خێزانێکی کورد لە دایك بووە. دایکی نێوی (نیگارخانم) وباوکی جوتیار بووە بە نێوی (سادق)و لە مزگەوتی گوندو لەبەر چاوی یەشاری کوڕیدا (ئەو کاتەی منداڵ دەبێ) دەکوژرێ.بەهۆی بینینی رووداوی کوشتنی باوکییەوە یەشار چاوێکی نیمچە کوێر دەبێ.
لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا ودووای تەواوکردنی قوتابخانەی ناوەندی لە ساڵی ١٩٤٠ دا شیعرەکانی لە گۆڤاری (چیغ) دا بلاودەکاتەوە پاشان لە هەر یەك لە گۆڤارەکانی (ئولکە)، (میللەت) ،(کوڤان)،(بێش پنار) دا **بلاودەکاتەوە هەر لەو کاتانەیشدا تێکەڵ** بە دنیای سیاسەت دەبێ و ساڵی ١٩٥٠ بە پێی ماددەی ١٤٢زیندانی دەکرێ.
ساڵی ١٩٥١ دەبێتە پەیامنێری رۆژنامەی(جومهورییەت)و ریپۆرتاژ ئامادە دەکاو ناوە ناوەیش وتار دەنووسێو تا ساڵی ١٩٦٣ لەم کارەیدا بەردەوام دەبێ.
ساڵی١٩٦٢ پێوەندیی بە پارتی کرێکارانی تورکیاوە دەکا و دەبێتە ئەندامی ئەو حزبە .
ساڵی١٩٦٧گۆڤاری(ئانت) دەردەکا و بە هۆی وتارێکەوە ١٨ مانگ حوکم دەدرێ بەلام جێ بە جێ ناکرێ و بە هۆی نووسینێکی دیکەوە لە گۆڤاری (دێرشپیگل) ئەڵمانیدا بیست مانگ حوکم دەدرێ بەلام ئەویش جێ بە جێ ناکرێ.
ساڵی ١٩٥٥ رۆمانی (ئینجە مەمەت) ی خستە بازاڕەوەو بەیەکێ لە هەرە رۆمانە سەرکوتووەکانی ئەدەبیاتی تورکیا دادەنرێ و خەلاتی لەسەر وەردەگرێ .
بەرهەمەکانی وەرگێڕدراونەتەوە سەر زیاتر لە سی زمانی زیندووی دنیاو گەلێ خەلاتی جۆراو جۆری پێ براوە لەوانە خەلاتی فەرەنسی لەمەڕ(باشترین رۆمانی بێگانە).
ژنی نێوی(تیڵدا) بوو کە بەڕەگەز ئەسپانی بوو لە دایکبووی ساڵی١٩٢٣ بوو چاکەکەیەکی زۆری لە سەر یەشار کەماڵ هەیە بەوەی ١٧ کتێبی ئەوی کردوونەتە ئینگلیزی و هەر ئەویش وای کردووە بەرهەمەکانی بکرێنە ئیسپانی و فەرەنسی و لە رۆژئاوادا شۆرەت پەیدا بکا. تیڵدا لە شوباتی ساڵی ٢٠٠١داو لە تەمەنی ٧٨ ساڵی لە ئیستانبوولدا کۆچی دووایی کردووە.

PDF 4 KURD

یەشار بەرهەمێکی زۆرو زەوەندی لە بواری رۆمان و شانۆنامەو ریپۆرتاژو وتارو رەخنەدا هەیەو یەکێ بوو لە پالێوراوانی خەلاتی نۆبل و جێگایەکی دیارو تایبەتیی لە ئەدەبیاتی تورکیادا هەیە .

مامۆستا عبداللە حسن زادە (ئینجە مەمەتی) یەشار کەمالی لە فارسییەوە بە نێوی (حەمەدۆك)ـەوە کردووتە کوردی و لە لایەن دەزگای رۆشنبیریو بلاوکردنەوەی کوردی یەوە لە بەغدا چاپ کراوە.

(٣) دوو رۆمانی کراونەتە کوردی-گێلە پیاو-و- برایم زەبوك-لەگەڵ چەند دانە چیرۆکێکی کورت کە لە دە کتێب تێپەڕ ناکەن.

(٤) نەسرت مەردان گێڕایەوە وگوتی :وەزارەتی راگەیاندنی عیراق سالی١٩٧٥ عەزیز نەسینی دەعوەت کردو سەردانی بەغداو کەربەلاو کەرکووکی کرد. دیارە لەو سەردانەیدا راستیی رژێمی عیراقی بۆ دەرکەوتووە،کە گەڕایەوە زنجیرەیەك وتاری دژی رژێم نووسی. رۆژێکیان بالیۆز بانگی کردم و نارەزایی حکومەتی لە وتارەکانی عەزیزنەسین دەربڕی، بەو پێیەی من دەستم بووە لەو دەعوەتە. کابرا ڕای وابوو یا بەبڕی پارە یا بە گەف و تۆقاندن دەمکوتی بکەین.گوتم :عەزیز نەسین رەخنە لە حکومەتی خۆی دەگرێ و جنێو بە سەرەك کۆمار دەداو باکی نیە، لە چاوسورکردنەوەی سەفارەتێکی بێگانە دەترسێ؟ (وتارەکانی لە توی کتێبێکدا کۆکردەوە نێوی نا

-Dünya Kazan Ben Kepçe-ئـ-عیراق و میسر).

(٥) نووسەری راستڕەوی تورك قادرجان قافلی-جانەوەری تۆرۆس-پێشەکی د. ابراهیم داقوقلی- وەزارەتی راگەیاندن- کوێت ١٩٨٦.

(٦) نەسین دەلێ بیرۆکەی دامەزرانی هەتیوگەم ئەو کاتە بۆهات کە لەو قوتابخانەیەدا دەمخوێند.

(٧) شاعیروچیروك نووسێکی تورکی بلیمەتە . لە ٢٥ی شوباتی سالی ١٩٠٧ لە گوندی (ئەگریدەرە)ی سەربەقەزای(گوملجینە)ی سەر سنووری نێوان تورکیاو یونانستان لە دایك بووە.خوێندنی لە بالیکشەهیرو ئیستانبوولدا تەواو کردووەو بۆتە ماموستای زمانی ئەلمانی. لەسەر حسێبی دەولەت رەوانەی ئەلمانیا کراوەو لەهەردوو شاری پۆتسدام و بەرلین دەرسی مامۆستایی خوێندووەو گەڕاوەتەوە تورکیاو سەرەڕایپیشەی مامۆستایەتی، دەستی بە نووسین کردووەو ودرامای بۆ شانۆ نوسیووە. سالی ١٩٣١ بە تۆمەتی پرۆپاگەندە دژی دەولەت ٣مانگ گیراوە.دووای ماوەیەکی کورت دیسان گیراوەو حوکم کراوەو بەبۆنەی یادی دەسالەی

PDF 4 KURD

دامەزراندنی کۆمار بەر لێبوردن کەوتووە و ئازاد کراوە. تا ساڵی ١٩٤٥ بێ ئیشوکاربووەو لەو ساڵەدا بەیەکەوە لەگەڵ عەزیز نەسین گۆڤاری گاڵتەجاڕی (مـارکۆ پاشـا)یان دەرکـردووە، کـە تیراژی لە ٦٠-٧٠ هەزار دانە تیپەڕی دەکرد.

بەهۆی نووسینە ڕەخنەئامێزەکانی لە گۆڤاری بڵاودەکردنەوەو بە تۆمەتی ناوزڕاندنی دەوڵەت جارێکی دیکەیش گیرا. پاش ئازادبوونی هەوڵ دەدا تورکیا جێ بهێڵێ و پـەنا بباتە بەر ئەڵمانیاو لە ٢ی نیسانی ساڵی ١٩٤٨ دا لە نێودارستانەکانی سـەر سـنووری تورکیـاو بولگارستاندا بە دەستی نەتەوەپرستێکی تورکی توندڕۆ (علی ئەرتـەکین) ناوێـك کـوژراو. دەڵـێن ئەو علیيە پیاوی دەزگای (میت)بووە و بە فیتی ئەو دەزگایە صباحەددینی گوشتووە.

گەلێ ڕۆمان و چیرۆك و شانۆنامەو وتاری ڕخنەیی بڵاوکردوونەتەوەو بە دامەزرێنـەری ئـەدەبی نوێی تورکیا دەژمێردرێو ١٠ دانە بەرهەمی چاپکراوی هەیە. مامۆستا هەژار ئەوە کاتەی بـۆ چارەسەری نەخۆشیی ساڵی ١٩٥٧دەچێتە لوبنان ، لە ڕۆژنامەیەکی ئـەوێ چیرۆکێکی کـورتی وەرگێڕدراوی سەر زمانی عەرەبی دەخوێنێتەوە و کـاری تێـدەکا نـاوەرۆکی چیرۆك بـە شـیعر دادەڕێژێتەوەو نێوی دەنێ(بەیتی سەرە مەڕ) یا (کۆشکی بەللووری) کـە بـە شـاکارێکی نـەمر دەژمێردرێو لە دیوانی (بۆ کوردستان) دا هەیە.

(٨) چـاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەنووسـیی ڕەخنـەگری نـاودار (دۆغـان هیـزلان) لـە گۆڤاری(گۆستێری)دا بڵاوکراوەتەوە. بڕوانە- خاکی نەفرەت لێکراو-کۆمەڵە چیرۆك-وەرگێڕانـی سعید یحیی ١٩٩٨.

(٩) دووای ڕوخانی دیواری بەرلین و یەکگرتنـەوەی ئـەڵمانیا سـاڵی ١٩٩١ ویستـیان (ئـەریك هۆنیکەر)ی سەرۆکی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات بە تۆمەتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤەوە بدەنە دادگاو هیچ باڵیۆزخانەیەك قایل نەبوو داڵدەی بدا. ئەوکاتە عـەزیز نەسـین نامـەی بـۆ سـەرانی دنیـا نووسـی و داوای لێکـردن هۆنیکـەر بـە پەناهەنـدە وەربگـرن. بەمـەیش نەوەسـتا داوای لـە کاربەدەستانی تورکیا کرد ڕێگەی بدەن بێتە تورکیاو لە وەقفی نەسین دا بژێ. ئەم هەڵوێستـەی بووە هۆی ئەوەی زانکۆی ئەڵمان پەشیمان ببێتەوەو دکتۆراکەی نەداتێ.

(10) Demirtaş Ceyhun– ASİLACAK ADAM AZİZ NESİN-AD Yayıncılık A-Ş Eylül 1994

(11) AZİZ NESİN –ONURSAL DUKTORA OLMAMANIN BÜYÜK ONURU-ADAM YAYINLARI 1993

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

(١٢) بولّەنت ئەجەویتی سەرەك وەزیرانی پێشوو وادەی دا بەرنامەی كوردی لە كەناڵێكی دەوڵەتەوە TRT پەخش بكرێ كەچی ئەو وادەیە لە حوكمڕانی ئەودا جێ بەجێ نەكرا.

(١٣) مەسەلەی كورد لە راپۆرتی دەوڵەتە زلەكانەوە.ژمارە ٦٩ ی ١٩٩٧ی گۆڤاری مەتین.

(١٤) عەزیز نەسین باسی كارگەیەكی (هەتیو)ی پیلاو دەكا لەسەر رێگەی (ماردین) دا بەرچاوی كەوتووە كە چۆن هێزەكانی ئاسایش دەستیان بەسەردا گرتووەو كردوویانەتە شوێنی لێكۆڵینەوەو ئەشكەنجەدان.

(١٥) یوسف ئیبراهیم ئەلجەهمانی- بوومەلەرزەی توركیا- دەزگای چاپەمەنیی حۆران- سوریا-٢٠٠٠.

(16) BULGARİSTAN' DA TÜRKLER TÜRKİYE' DA KÜRTLER– ADAM YAYINLARI – Beşinci Basım 1989

(١٧) سیاسەتمەدارو و نووسەرێكی چەپڕەوە كوڕی عەقید تەحسینەو پورزای نازم حیكمەتەو بەتەمەن لەو بچووكترە . زنجیرەیەك رۆژنامەی سەربەخۆی بڵاوكردووتەوەو بەیەكەوە دەگەڵ نازم گیراون . ساڵی ١٩٦٠ (حزبی كارگەرانی توركیا)ی بیر سۆشیالیزمی دامەزراندووەو خۆیشی سكرتێری بووە. دژی دەست تێوەردانی یەكێتیی سوڤیەت بووە لە چیكۆسلۆڤاكیادا. زۆربەی ئەندامانی حزبەكەی سەر بە سەندیكای كرێكاران بوون. ساڵی ١٩٦٢ بەشدار كەمال بوو بە ئەندامی ئەو حزبە.

(١٨) işçi Dünyasi تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٨.

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

فیل حەمدی چۆن دەسگیرکرا؟

لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ئیستانبوولەوە ئەم بروسکەیە بۆ تەواوی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی شارەکانی دیکە رەوانە کرا:

(تەمەن سی وپێنج ساڵ،بالآبەرز، دووسەد کیلۆ کێش، سێ دانە ددانی کەم،ددانێکی چەناگەی ژووری پڕکراوەتەوە،کارێژەی ژێری لای چەپ لە زێڕگیراوە، قاتێکی خەتخەتی قاوەیی دەبەر، قژی تا ئەندازەیەك رووتاوەتەوە،دەموچاو ئەبڵەق،چاو قاوەیی رەنگ،فیل حەمدی ناوە،خاوەن رابردووەکی پڕلە تاوان، سێ شەوو سێ رۆژ دوو پۆلیس بێ چاونوقاندن نۆبەتیان لێ گرتووە ،بەلآم خەویان لێ کەوتووەوئەویش فرسەتی هێناوەو ڕای کردووە.بەپێی لێکولینەوەمان فیل حەمدی خۆی گەیاندووتە یەکێ لە ویلایەتەکانی ئێوە. تکایە هەوڵ بدەن بەزووترین کات دەسگیری بکەن وزۆر بە وردی لە گرتووخانەدا چاودێری بکەن،یا پۆلیسی بەگەڵ بدەن و رەوانەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ئیستانبوولی بکەن. تکایە بەزووترین کات ئەم کارە بکەن. لەگەڵ بروسکەماندا وێنەیەکی فۆتۆگرافی فیل حەمدیتان بۆ رەوانە دەکەین)

* * * *

لەیەکێ لە ویلایەتەکانی دەرەوە، دوو پۆلیس لە وێزگەی شەمەندەفەردا وا دەئاخاوتن:

- رەمەزانی برام، ئەو کابرایەی وا سەلەپ(*) دەنۆشێ کتومت فیل حەمدی یە.

-هاااا..لەو دەچێ.. وێنەی دەربێنە با تەماشایەکی بکەین.

وێنەیەك دەردێنێ و نیشانی هاوڕێکەی دەدا.

-رەمەزان ئەمە خۆی نیە.ئەمە وێنەی خۆتە!

-هاااا..لەجەژن گرتوومە، چۆنە؟

- باشە، بەلآم پێکەنینەکەت زۆر ناحەزە! وێنەی فیل حەمدی بدۆزەوە.

رەمەزان لە گیرفانیەوە وێنەیەك دەردێنێ و دەڵێ:

ئەمە وێنەی کوڕمە، یادگاریی سەربازییە.. ئەرێ ئەمە کێیە مەحموود؟

[illegible]؟ هینە..عەلی یە دووکەڵی قاچاغچی حەشیشـەیە.ئەمەیش مشـکی هـۆتێلان سـوبحی یە.. وێنەکان بە یەکترییەوە نووساون. وێنەی فیل حەمدی بدۆزەرەوە رەمەزان!

مەحموودو رەمەزان خەریکن وێنەکان جیا دەکەنەوەو بەدووای وێنەی فیل حەمدین.

-مەحموود زووکە، کابرا سالپی خواردەوەو رادەکا.

- تەماشا، چۆن ئاوڕ لەولاو لەم لا دەداتەوە؟

- دۆزیمەوە، ئەمە وێنە ، تەواو لەو دەچێ!

بەرەولای کابرا دەچن:

- کابرا بوەستە.

تەماشای کابراو دیقەتی وێنە دەدەن :

باش بوەستە بزانم.

- ئاخ !رەمەزان لەو ناچێ!

-مەحموود، با بیبەینە پۆلیسخانە، کۆمیسێریش بیبینێ.

-کابرا پێشمان کەوە.

*　　*　　*　　*

لە ویلایەتیکی دیکەدا دوو پۆلیس لە بازاڕدا دەخولانەوە:

- کاکە شوکری، شوورەییە، لەبەیانیەوە تا ئێوارە خولاینەوە ،ئەم فیل حەمدیەمان دەسگیر نەکرد؟

-ئەم کابرایە خۆی نەبێ؟

- رەنگە هەوبێ، با پرسیاری لێ بکەین.

لە کابرا نزیك دەکەونوە:

- برا ،تۆ ناوت چیە؟

-موستەفا.

لەبناگوێ یەکتری:

-دەڵێ موستەفا..

-ئەی خۆ ناڵێ حەمدی؟ ناوی خۆی دگۆڕێ..

-بەهەموو ئەقلی خۆی ئێمە هەڵدەخەڵەتێنێ!

- فەرموو پێشمان کەوە..

*　　*　　*　　*

PDF 4 KURD

لە ویلایەتێکی دیکەدا دوو پۆلیس لە چایخانەدا دانیشتوون و قسە دەکەن:

-دوێنێ بەندە سێ دانە فیل حەمدیم دەسگیرکردن، کۆمیسێر هیچ کامیانی بەگەن نەکرد.

- ئەم کۆمیسێرەی ئێمەش بەڵایە ها..

-هششش! لەسەرخۆ، دەنگ هەڵمەبرە.. تەماشای چاوی ئەو کابرایە بکە وا چای دەنۆشێ ، هەر لەو دەچێ.

-بەڵام لەنووسراوەکەدا کابرا قەڵەوە.ئەمە لاوازە دەڵێی پەیکەرە ئێسقانە!

- لاوازبووە. بۆچی قاچاخچییەتی ئاسانە؟

- راستە.. بەڵام ئەمە رەشتاڵەیە.. فیل حەمدی گەنم ڕەنگە!

- ئەوەندەی بەشاخاندا هەڵگەڕی ڕەشبووە.

-راست دەکەی.. بەڵام ئەم کابرایە قژی رەشە، کەچی لە بروسکەکەدا نووسراوە فیل حەمدی تووکی بەسەرنەماوە!

-کاکە زۆر زەحمەت نیە، کابرا بارۆکەی لەسەرناوە تا نەیناسنەوە.

-چ دەڵێی ، بیگرین؟

لە کابرا نزیك دەکەونەوە:

- ناوت چیە؟

-حەمدی..

پۆلیس تەماشای یەکتر دەکەن و پێدەکەنن.

- پێشمان کەوە.

-بۆ؟ چ بووە؟

-زۆر پرسیارمەکە! لەپۆلیسخانەدا تێدەگەیەنین!

* * * *

لە ویلایەتێکی دیکەی دەرەوە، وەکو هەموو ویلایەتەکان دوو پۆلیس کابرایەك لەدەوروبەری شاردا دەسگیر دەکەن:

-دەمەت بکەرەوە!

- هیچم لەدەمدا نیە.

-کە هیچت لەدەمدا نیە ،بیکەرەوە.

کابرا دەمی دەکاتەوە.هەردوو پۆلیس تەماشای نێو دەمی کابرا دەکەن. یەکێکیان بە هەواڵەکەی دەڵێ:

- تەماشای نووسراوە بکە، بزانە چەند ددانی کەمن؟

پۆلیس نووسراو دەخوێنێتەوە:

-سێ دانە ددانی کەمن،ددانێکی چەناگەی ژووری پڕکراوەتەوە، کارێژەی ژێری لای چەپ لە زێڕگیراوە.

پۆلیس ددانەکانی کابرا دەژمێرێ:

-یەك،دوو،سێ..چوار..کورە مەبزووە سەرت.لێشێواندم .یەك،دوو،سێ،چوار .پێنج..بیست و چوار..بیست و چوار ددانی هەیە.

-بیست و چوارە؟چەندی کەمن؟ کابرا تۆ چەند ددانت نەماون؟ نازانی؟

- هەشت..

- دەریهێناون. تا بەڵگە بەدەستەوە نەدات.

- ددانەکانی من دەسکردن، تاقمن. هیچ ددانم نەماون، تەنانەت چواردانەیان لە چەرز خواردن شکاون.

-نووسراو باسی ددانی تاقم دەکا؟

-نەخێر باس ناکات.لە بیریان چووە. کوڕە ئەمە خۆیەتی،ئەوە نیە کارێژەی ژێری لە زێڕ گیراوە؟ برا فەرموو بەگەڵمان کەوە.

-بۆکوێ؟

-پۆلیسخانە!

❊ ❊ ❊ ❊

بەسەدان بروسکە لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ویلایەتەکانی دەرەوە دەگەیشتنە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ئیستانبووڵ

(نیشانە بە بروسکەی ژمارە ئەوندەی ڕۆژی ئەوەندە :لەسنووری ویلایەتەکەماندا بیست ودوو فیل حەمدیمان دەسگیرکردووە.چواردەیان جل و بەرگی قاوەیی خەتخەتیان دەبەرەو هەشتیشیان کارێژەیان لەزێڕ گیراوە .تکایە ئاگادارمان بفەرموون فیل حەمدی دیکە بگرین یا ئەوەندە بەسە؟)

❊ ❊ ❊ ❊

PDF 4 KURD

[illegible] وەڵامی فلانە بروسکەتانە:

لە سنووری ویلایەتەکەماندا لە نێوان ١٨٠ کیلۆو ٢٢٠ کیلۆدا دوو دەرزەن فیل حەمدی دەسگیرکراون وهیچ شوێنێك کە گومانی لێ بکرێ نەماوە نەیپشکنین و بەم نزیکانە هەموویان ڕەوانەی لاتان دەکەین. هەندیکیش ڕایانکردووە،بەڵام ئێمە زۆر بەدیقەت چاودێرییان دەکەین وبەم زوانە ئەوانیش دەسگیر دەکرێن و ڕەوانەیان دەکەین، لەگەڵ ڕێزماندا)

لەبەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ئیستانبوولەوە ئەم بروسکەیە ڕەوانەی تەواوی ویلایەتەکان کرا:

(لەبەر ئەوەی جێگە نەماوە، حاڵی حازر ئەو فیل حەمدییانەی گرتووتانە بەسن. تا فەرمانێکی دیکەتان بۆ دێ تکامان وایە کەس ڕەوانە مەکەن)

تێبینی: کاتیی ئەم بروسکەیە ڕەوانەکرا ،فیل حەمدیی ڕاکردوو، دەمێك بوو دەسگیرکرابوو!!

----------------- ------------------

(*) سەلەپ:سەحلەپ: گیایەکە گوڵی جوانەو چەند جۆری هەیە.لە جۆرێکیان نۆشابەیەکی وەك چای لێ دروست دەکرێ و تامی شیرینەو لەگەڵ شیردا دەنۆشرێ(وەرگێڕ).

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

کامە حزب دەباتەوە؟

گوتیان:

- مراد ئاغا هەموو شتێك دەزانیٚ!

کە تازە هاتبوومە ئەم ناوچەیە چەند رۆژێك میوانی ماڵی مراد ئاغا بووم. ئاغام لە چایخانەدا دۆزیەوە:

- مراد ئاغا، دەڵێن جەنابت هەموو شتێك دەزانی و سەرت لە ئیشان دەردەچیٚ، پێم ناڵێی لەم هەڵبژاردنەدا کامە حزب دەباتەوە ؟

مراد ئاغا گوتی:

- هیچ مەعلووم نیە.

گوتم:

- کامە حزب بە تواناو لایەنگر بیٚ ئەو هەڵبژاردن دەباتەوە.

گوتی:

- نەخێر. مەعلووم نیە.ئەنجامی هەڵبژاردنی ئاق قوێنلوو قەرە قوێنلو دەزاندرا بەلاٚم ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەم شارۆچکەیە نازاندریٚ و لە هەر کیٚ بپرسی ، هیچی لیٚ نازانیٚ. دەزانی بۆ نازانن؟با بۆت باس بکەم..

چوار مەشقی لێی دانیشت و پێی چەپی خستە بان پێی راستی و ئاگری لە جگەرە بەرداو گوتی:

- جاریٚ لەم شارۆچکەی ئێمەدا حزب و میزب نیە.. ئەگەر هەبێش هەر ناوەو کەس ئاگای لە حزب نیە. جاران حزبمان بە دەوڵەت دەزانی. بینایەکی پان و بەرین و فراوان کە هی حکوومەت بوو. پاشان حزبێکی دیکە دامەزراو بوو بە هەڵلا. کامیل بەرگدروو هاتە لام و گوتی : مراد ئاغا وەرە با بەیەکەوە هۆبەیکی حزبی تازە دامەزراو لەم شارۆچکەیەدا بکەینەوە. گوتم : کوڕە کامیل کوڕی خۆم هۆبەی حزب دوکانی بەقاڵی نیە، بڕۆ ئیشت. رەزای پاریزەر نامەی بۆ کاربەدەستانی ئەو حزبە ڕەوانە کردبوو، هاتە لام و گوتی: خەڵکی ئەم ناوچەیە بە قسەی تۆ دەکەن وەرە با هۆبەی حزب بکەینەوە. گوتم: کوڕە ئێوە سەرئێشە بۆخۆتان پەیدا دەکەن ، ئەم

[illegible]ەتە بە کەڵکی حزبایەتی نایە. گوتیان: زەمانە گۆڕاوەو ئێستا لە ئەمریکاشدا قانوونە دەبێ مرۆ لە حزبێکدا بێ.

درێژەی نەدەمێ، حزبمان دانا. لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵ ، هەرچی ئەندامانی حزبەکەی دیکە هەن ڕژانە سەرمان. نووسەری حزب فریاناکەوێ ناو تۆمار بکا.ترسم گەیشتێ، کوڕە چ لەم هەموو ئەندامانە بکەین؟ بە ڕەزای پارێزەری سەرۆکی هۆبەی حزبم گوت: وەرە پیاوی چاك بە با تۆمارگە داخەین ئیدی کەس وەرنەگرین با تووشی بەڵایەك نەبین. گوتی : تووشی هیچ نابین، حزب لایەنگرو ئەندامی زۆر بن باشترە. دەبێ ئەنجام بە چ بگا، ئەوانەی لە حزبەکەی دیکەوە هاتوون حزب و میزب نازانن و کوڵەوارن؟

هەرچەندەی هاوارم کرد بێ سوود بوو. مەڵبەندی حزب سپاسنامەیەکی بۆ ڕەزای پارێزەر ڕەوانە کرد. زۆری نەخایاند گوتیان سەرۆکی گشتیی حزب تەشریف دێنێ. ئیدی دارو بەرد ڕژایە شارۆچکەو دەرزیت فڕەی ئاسمان بدابا وەعاردی نەدەکەوت.ئێمە پێمان وابوو ڕەزای پارێزەر وتاربێژی چاکە ، بەڵام ئەم سەرۆکی گشتییەی حزب ڕەزای چی و مەزای چی! وای دەهۆنایەوە خەڵکەکەی بەجارێ جۆش دەدا. وەك کۆنترۆڵی لە دەست ئەو بێ، بای دەدا خەڵکەکە دەگریان، بۆ لای دیکەی بادەدا، تێکڕا پێدەکەنین.

وتار تەواو، سەرۆکی گشتی هاتە بارەگای حزب. لە ڕەزای پارێزەری پرسیارکرد:

- سەرجەم دانیشتووانی ئەم شارۆچکەیە چەند دەبن؟

- بیست و چوار هەزار کەس.

سەرۆکی گشتی گوتی:

- ئەوانەی لە هەڵبژاردندا مافی دەنگدانیان نیە حیساو مەکە.

- ئەوانی مافی دەنگدانیان نیەو یا نایەن، بەزیادەوە یازدە هەزار نابن.

- چەند کەس لە حزبەکەی ئێوەدا نێو نووس کراون؟

- نۆ هەزار.

سەرۆکی گشتی گوتی:

- کەواتا لەم شارۆچکەیەدا هەڵبژاردنمان بردەوە.

دووا بەدووای ڕۆیشتنی سەرۆکی گشتی حزبی ئێمە، حزبەکەی دیکە کەوتنە خۆیان و ترسیان گەیشتێ و سەرۆکی گشتیی ئەوانیش هات و وتارێکی خوێندەوە، چ وتارێ!!.. بەڕاستی وتار وادەبێ..لە کۆتایی دا گوتی:

هاووڵاتییە خۆشەویستەکان.. ئەگەر حزبی ئێمە بێتە سەرحوکم ،ئەوە هەر دانیشتوویەکی گوند هەزار لیرە سلفەی بانقی دەدەینێ.

وای سلفە! ئیدی هەر ئەندامی ئێمەیەو بەڕاکردن لە حزبەکەی دیکەدا خۆی نێونووس دەکا.

ڕۆژی دوواتر ڕەزای پارێزەرم بینی، دەستی لە ژێر چەناگەی بوو.گوتم:

- کاکە ڕەزا خێرە، دەڵێی کارێژەت ژان دەکا؟

گوتی:

- ددانەکانی من تاخمن، شوکر ژان ناکەن. بەڵام لەمەیش بەدتر ، هەرچی ئەندامان هەبوون هەمووویان چوونە ریزی حزبەکەی دیکە.

- کەسمان نەما؟

- هەموو ئەم قەرزەی بانق وای کرد.

گوتم:

- هەڵسە با ئێمەیش بڕۆین خۆمان نێو نووس بکەین، دەترسم پاشان وەرمان نەگرن!

گوتی :

- جارێ بوەستە. تەلەفۆنم بۆ مەڵبەند کردووە بزانم چم وەڵام دەدەنەوە؟

ئیدی یەك کڕین و فرۆشتن لە شارۆچکەدا دەستی پێکرد هەر مەپرسە.. خەڵك پارەیان دەوێ.دەمگوت:

-کورە ئەمە چ وەزعێکە، خۆ پارەتان لە کوچەو کۆڵان نەدۆزیتەوە؟

دەیانگوت:

- هەزار لیرە سلفە بەرێوەیە!

ڕەزای پاریزەر بە هەردوو چەپۆکی وەردەگەڕایە سەری و بە نووزەوە دەیگوت:

- هەڵبژاردنمان دۆڕاند..

وا دەپاڕایەوە بەردی نەرم دەکرد.

جاریکی دیکەیش سەرۆکی گشتیی حزب فریاکەوت. هێشتا هەر پێیەکی لە نێو ئۆتۆمبیل بوو کە وتاریکی وای پێشکەش کرد خەڵکەکەی بەجارێ هەژاند. جارێ وشەی لەدەم دەرنەهاتووە ، خەڵك دەستیان بە گریە کرد،کە نوتقی کرد تێکڕا دایایانە قاقای پێکەنین. وتار وا دەبێ.فەرمووی:

- هاووڵاتیانی ئازیز.. لەدووای منەوە یەکێك هاتووتە لاتان وادەی هەزار لیرە سلفەی بانقی

PDF 4 KURD

پێیداون. من وادەتان دەدەمێ ئێمە دووهەزار لیرە سلفەی بەنك بدەینە هە خێزانێك.

هەر ئەو رۆژە بووینەوە حزبی دەسەڵاتدار.. هەر خەڵكەو دووبارە خۆی نێو نـووس دەكاتـەوەو بە هەزاران رژانە ئەم ناوە. رەزای پارێزەر گوتی:

-ئەمجارە هەڵبژاردنمان مسۆگەر كرد.

نەك هەر رەزا ، بەڵكو ئەمە رای هەموو كەسێك بوو.

دیسان كڕین و فرۆشتنێكی بێ حیساب دەستی پێ كردووە..

- كورە دیسانەكێ ئەمەتان لە چی؟

دەیانگوت:

- ئەو هەزار لیرەیەی حزبەكەی دیكەمان خواردو تەواو ، نۆرەی سلفەی ئێوەیە بیخۆین!

وای لەم عەقڵەی خەڵكی شارۆچكەی ئێمە هەیانە! هێشتا پارەیان نەچووتە گیرفان سەرفی دەكەن..!

ئەمجارە سەرۆكی حزبەكەی دیكە هاتەوە:

- بە دووهەزار لیرە سلفە ئێوەیان تەفرە داوە! ئێمە نەك بۆ هە خێزانێك، بگرە هـەر سـەرو دوو هەزار لیرەی دەدەینێ..

كابرا وتاری تەواو نەكردبوو، كە بـەراكردن خەڵكەكـە دووبـارە لـە حزبەكـەی ئـەو خۆیـان نێونووس دەكرد.

منیش بریارم دابوو پێوەندی بە حزبەكەی دیكەوە بكەم. حزب سەرو دوو هـەزار لـیرە سـلفە دەدا ، هـەر بابایـەو پسـوولەی مـارەیی بـڕین و دەفتـەر نفـووس دەردێنـێ و نـاوی وەهمـی دادەنێن..كە پرسیارت لە یەكێك دەكردو دەتگوت بۆ وا دەكەی؟دەیگوت:

- نیشتمان رۆڵەی دەوێ.

سەرۆكی گشتیی حزبەكـەی ئێمـە پەیـدا بـوو، باشیشـی كـرد ئـەگینا ئەنـدامان نـەدەمان .. مامۆستا دووای وتارێكی گەرم و گوڕ، گوتی:

- هاووڵاتییە خۆشەویسـتەكان.حزبەكەی دیكـە وادەی دووهـەزار لـیرەی پێـداون.. ئێمـە دوو هەزاركەیش دەدەین و قازانجی سلفەیش لەكەس وەرناگرینەوە.

خەڵكەكە ئەمجارە رژانە ناو حزبەكەی ئێمە..گوتم:

- بۆ خاتری خوا كاكـە رەزا هەڵبـژاردن ئەوەنـدەی نـەماوە، ئەگـەر لـەم ماوەیـەدا سـەرۆكی حزبەكەی دیكە هات ، چارمان چیە؟

هەروایش دەرچوو، سەرۆكی حزبی دیكە خۆی گەیاندێ:

PDF 4 KURD

هاوولاتییه بەڕێزەكان.. جا وەرنەگرتنەوەی قازانجی سلفە چیە؟ئێمە قـازانج وەرنـاگرین ولـە هەموو كۆنە قەرزەكانی پێشووشتانیش خۆش دەبین.

كابرا ئەمەی گوت و ڕۆیشت و وەك بـارووت بخاتـە نێـو ئاگر،بـەدووای خۆیـەوە قیامـەتی بەرپاكردو ڕۆیشت..

- كاكە ڕەزا چمان بەسەرهات؟

ڕەزای پارێزەر وەڵامی دامەوەو گوتی:

- سوتاین مراد ئاغا، ئاگرمان تێبەربوو ..حزب قـەت كەسـی تێـدا نـەما هـەموویان چـوونە حزبەكەی دیكە.

- كوڕە با ئێمەیش بچین.

- سەبركە، نامەم بۆ سەرۆكی گشتی نووسیوە، بـابزانین سـەرباری لەقـەرزخۆش بـوون ، وادەی چیتر دەدا ؟

هەڵبـــژاردنیش ئەوەنـــدەی نـــەماوە، پڕوپاگەنـــدەیش قەدەغـــە كـــراوە. بۆخـــاتری خـــوا دوواكەوتین،سەددانە كەس لەحزبەكەی ئێمەدا نـەماون، حزبەكـەی دیكـەیش كـۆی ئەنـدامانی گەیشتە هەژدە هەزار كەس.

- باشە كاكە ڕەزا لەشارۆچكەكەی ئێمەدا ئەوەندە دەنگدەر نین ، ئەم خەڵكە لە كوێ هاتوون؟

- مەسەلە سلفەی بانقە.. هەریەكەو خۆی بە دووكەس نووسیوە.

- ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە چەند كەس دەبن؟

- دووازە هەزار.

- كاك ڕەزا بەخوام سپاردی، دەڕۆمە ناو حزبەكەی دیكە.

باشە؟منیش لەوێدا خۆم نێو نووس كرد.

مراد ئاغا داوای قاوەیەكی دیكەی كردو پێی ڕاستی خستە بان هی چەپ و گوتی :

- ئێستا تۆ بڵێ، حزبێك هەژدە هەزار لایەنگرو ئەندامی هەبێ، ئەوی دیكـە بـە حـاڵ بگاتـە هەزار ، بڵێ بزانم كامە حزب دەباتەوە؟

- توخوا مراد ئاغا ئەمەیش بوو بە پرسیار؟ ئەڵبەت ئەو حزبەی هەژدە هەزارلایەنگری هەن.

- برازا نەتزانی..نەخێر نەتپێكا..ئەو حزبەی من لێی دەرچووم هەر ئـەو بردیـەوە.. مـن خـۆم دەنگم دایە ئەو حزبەو نەمدایە حزبی تازە..چونە؟كاكە ئیشـی ئێمـە مـەعلووم نیـە. یـەكێك دووهەزار دەدا، خەڵكەكە خۆیان تور دەدەن، ئەوی تر سـێ هـەزار، جـارێكی دیكـە خەڵكەكـە

دەڕژێتە ناوی.بەڵام گوێ مەدەرێ، هەرکاتەی وادەی هەڵبژاردن هات هەر کەسەو ڕاوتەگبیری خۆی دەکا.

گوتم:

- باشە بۆ وایە؟

- مەسەلە پارەو وادەیە. بەڵام کە هاتە سەر دەنگدان، خەڵکەکە لە هەوەڵەوە کامە حزبی هەڵبژارد بێ دەنگی خۆی دەداتێ.بۆیە ئەنجام مەعلووم نابێ. هەرکەسێك پێی گوتی دەنگت دەدەمێ باوەڕی پێ مەکە.کە پێلاوی لە پێ کرد ئەو کاتە مەعلووم دەبێ!

برازا ، قاوەیەکی دیکە ناخۆیتەوە؟

PDF 4 KURD

کەر لە وولاٌتەکەی خۆتاندا نیە؟

وەك ددانی ژان بکا، دەستێکی لەسەر چەناگەی داناوەو بەدەستەکەی تر لە رووی خۆی دەدا:

- تفوو، بزانە چۆن رەزیل بووین !

سەرسام بووم . کابرا پیاوێکی ماقووڵە کەچی هەر لە دەرگاوەوە ئەم قسانە دەکا! گوتم:

- فەرموو فەرموو، بەخێر بێن،فەرموو دانیشە.

- رەزیل بووین ، رەزیل.

- چۆنی؟

- چۆن بم،چۆن و مۆن ما؟ ئەوە نیە رەزیل بووین؟ تفوو.

وا تێگەیشتم قەزاو بەلایەکی بەسەرهاتووە، خوانەخواستە ژنی ، منداڵێکی، تووشی فەلاکەت بووە.

- بەتەواوەتی شکاینەوە ، بووینە دوو پارچە.

- بۆ، چی بووە؟

- هێشتا پێی دەوێ، پیرەکەرێکمان بە دووهەزارو پێنج سەد لیرە فرۆشتە کابرا.

کەمێك لێی دوورکەوتمەوەو دیقەتێکم دایە، خۆ شێت نەبووە؟ مەسەلەم گۆڕی:

-قاوەیەکت بۆ بێنم؟

گوتی:

- جارێ واز لە قاوە بێنە،رەزیل بووین.پیرەکەرێکی پەککەوتەی بێ نـاڵ دووهـەزاروپێنج سـەد لیرە دەێنێ ؟

- بەخوا هیچ لەکڕین و فرۆشتنی کەر نازانم.

- بۆ پێت وایە من جامبازی کەرانم؟ بەلاٌم دەزانم کەرێك دووهەزارو پێنج سەد لیرە ناکا.

- جا هەر لەبەر ئەوە تووڕەی؟

- ئەی چۆن، من تووڕە نەبم کێ تووڕە دەبێ؟تۆ هیچ بیستووتە کەرێك دووهـەزارو پێـنج سـەد لیرە بێنێ؟

- بیست ساڵ زیاترە کەرم نەدیوە.

PDF 4 KURD

من پرسیاری ئەوەت لێ دەکەم ئاخۆ پیرەکەرێك دووهەزارو پێنج سەد لیرە دەکا؟

- بڵێم چی، نازانم..کەرێکی بە مەعریفەت بەڵکو ئەمە نرخی بێ!- بەمەعریفەتی چی؟کەرە کەر.سەرەرای ئەمەیش گوڕو و پیر، بەدووهەزارو پێنج سەدلیرەیان فرۆشتە کابرا. لەهەموویشی بەدتر من لە نێوان ئەم کرین و فرۆشتنەدا بووم.

- نا؟ چۆن؟

- منیش هاتووم باسی ئەمەت بۆ بکەم. لەسەر داوەتنامەی لەئەمریکاوە بۆ زانکۆی ئیستانبووڵەوە هاتبوو، خۆم و ژنم ساڵێك لە ئەمریکا ماینەوە. دەزانی وانیە؟

- دەزانم.

- لەئەمریکادا پرۆفیسۆرێکم ناسی و بووینە دۆست و زۆری یارمەتی دام و چاکەی لەسەرم بوو، کەگەڕامەوە تورکیاش نامەمان لەیەکتر نەبڕی. دۆستی تورکیا بوو ، تورکیشی خۆشدەویستن. لە یەکێ لە نامەکانیدا باس لە برادەرێکی خۆی دەکا کە پسپۆرە لە مافوور و دەیەوێ بێتە تورکیا. کابرا بەدووای کۆنە مافورو شتی ئەنتیکەیەو خەریکە کتێبێك دادەنێ. نامەی دابووە کابرا.

پسپۆرلە مانگی تەممووزدا پەیدابوو.ئەدرەس و ژمارەی تەلەفۆنی منی لایەو رۆژێکیان تەلەفۆنی کردو یەکسەر چوومە ئەو هۆتێلەی لێی دابەزیوە.کابرا هەر لە جنۆکەی دەکرد، ئەمریکییەکی بە ئەسڵ ئەڵەمان، وابزام جوولەکەی ئەڵەمانەو چۆتە ئەمریکا. چوار باوڵی پڕ لە مافووری پێ بوو کە بەرلەوەی بێتە تورکیا لە وولاتانی دیکەی کڕیبوون.باوڵەکانی کردنەوەو ئەنتیکەکانی نیشانی من دا.کۆنە مافوور،بەڕە،توورەگە.دیارە زۆر بە کۆکردنەوەی ئەم شتانە کەیف سازبوو.دەیگوت ئەمانە خەزێنەنە..ئەم دەپارچە مافوورانە لانی کەم سێ هەزار دۆلار نرخیانە.کەچی ئەو لە یەکێ لە دێهاتەکانی ئێراندا بەیەك دۆلاری کڕیون. سەرەڕای ئەوەش کابرای ئێرانی کە دۆلاری وەرگرتووە و بینیویەتی لە پارەی خۆیان ناکا، دۆلاری توڕداوەو نەیویستووە.

پرسیاری ئەوەم لێ کرد بۆچی ئەم پارچە مافوورە کۆنانە پارە دەکەن؟ گوتی: چونکە لە هەر سانتیمیترێکدا هەشتا تەقەڵ هەن، ئەمانە شاکارن.

ئەو بەزەوقەوە باسی مافووری دەکردو زانیاریی لە بارەیەوە هەڵدەرشت. دەیگوت :شاکارترین مافوور سەد گرێی لە هەر سانتیمیترێکیدا هەیە، ئەویش مافوورێکی دیوارە و نازانم لە کام مۆزەخانەدایە.

لبادێکی نیشان دام،ئەمەم بە پەنجا سێنت کڕیوە ..لەکەیفان حریت حریت پێدەکەنی: ئەم لبادەیش لانی کەم پێنج هەزار دۆلار دەکا.

گوتم: باشە چۆن ئەم شتە گرانبەهایانە وا بە هەرزان دەکڕی؟گوتی: چل ساڵە ئەمە پیشەی منە. ئەوەندە لە بارەی ئەنتیکەو وکۆنە مافوور دووا، هیچم پێ نەما بە غەیری ئەوەی سەرسام و واقی وڕبم.سێ دانە کتێبی لە سەر مافوور داناوەو خۆیشی یەکێکە لەوکەسانەی بە خاوەن گەنجینەی مافوور دەژمێردرێن.

بەرەو ئەنادۆل بەرێ کەوتین .ناوچە ناوچە ،قەزا قەزا دەگەڕاین.وێنەی فۆتۆگرافی مافووری دەردەهێناو لە گەڵ مافووری مزگەوتەکانی بەراورد دەکردن و تێبینی تۆمار دەکرد.چەند پارچە کۆنە مافوورو بەرەو لبادیشی کڕی. بەقسەی خۆی ئەو شتانەی لێرەی کڕین هیچی وانیە بەرامبەر ئەوشتانەی لە هیندستان وئەفگانستان وچین وترکمانستان و ئێراندا کڕیونی: - مافووری زۆر بە قیمەت لە ترکیادا هەن،بەڵام تەسادوفی ناکەین.

چووینە ناوچەیەك دوو دەستەی ئەمریکی و ئەڵەمانی بەدووای ئاسەوار عەردیان هەڵدەکەنی.لە پانتایی پێنج دە کیلۆمیتر چادریان هەڵدابوو.خاکیان سەراوبن کردبوو.چیا، گرد، وەك پەمۆێ هەللاج پەڕەیان کردبوو.خۆلیان لە گردەکان داماڵیبوو.ئێرە بەر لە حەزرەتی عیسا ئاوەداون بووەو لەژێر خاکدا شوێنەواری خانوو و گۆڕستانیان دۆزیوەتەو.

لەبەر ئەوەی شوێنێکی کۆن و مێژوویی یە، ئەوانەی هەوەسی شتی کۆن دەکەن پەیتا پەیتا دەرژێنە ئەم ناوەو لە هەر سێ چوارکیلۆمیتردا دەیان توریست دەبینی.خەڵکی دیهاتیش پڕی ئەم ناون و ئەو پارچە گۆزانەی لەژێر خاکی دەدۆزنەوە دەیفرۆشنەوە ئەو خەڵکە بیانیانەی وا گەشت و گوزار دەکەن.ئەوانیش دەیقۆزنەوە. منداڵە دێهاتی پەیتا پەیتا دەخولێنەوەو ئەو شتانەی لەژێر خاکیان دۆزیونەتەوە دەیفرۆشنەوە: تاشەبەردی هەڵکەندراو،گوڵدانی شکاو.کوڕو کچی بچکۆلانە هەرایانە: وان دۆلارو بەرەوپیلی گەشتوگەوزارگەران رادەکەن .

لەدڵی خۆمدا گوتم با منیش شتێك بۆ یادگاری بکڕم.قوڵپی گوڵدانێکم وەدەست کیژوولەیەکی قژزەردی دە ساڵان بینی و تەپلە سەرێکیش لە بەردی شین تاشراو بە دەست کوڕیژگەیەك بوو. وای بۆچووم کە ڕەنگە بەردەکە لەو بەردە بەنرخانە بێ کە دەگەڵ زێڕوئەڵماسی بکاردێنن.گوتم:

- منالینە ئەمانە بایی چەندن؟

کچە داوای چل لیرەی کردو کوڕە پازدە لیرە.گوتم با هەرزانتری بکڕم:

- ئۆی ، گرانە.

کوڕەو کچە لە چەشنی مرۆڤی بەساڵا چوو، دەستیان بە شەرح کردنی شتەکانی خۆیان

[illegible] گوتیان باوکمان چەند ڕۆژ خەریك بووە تا لە ژێر قووڵایی پێنج میتر زەوی ئەم شتانەی دۆزیوەتەوە.
لێم کڕین ، بەڵام دۆستی ئەمریکیم ئەم شتانەی نە بە مێژوویی و نە بە ئاسەوار دانا.گوتی :خەڵکی ئێرەیش وەکو خەڵکی تەواوی ڕۆژهەڵات ئەم شتە تەخلیتانە دەفرۆشنەوە بێگانە.هەرچی لە ماڵەکانیاندا هەن ژنانەو پیاوانە ،قۆڵی بیگانەی پێ دەبرن.ئەوەندە لە تەخلیت کردن زیرەکەن ، کە ئەگەر شوێنەوارناسی بەڕاستی نەبێ دەرکی پێ ناکا.بۆ نموونە ئەو قوڵپە مەرکانەی دەست گێژۆلەو کەللەسەری لەبردی شین تاشراوی دەست کوڕێژگە هونەر نیە ؟تەنانەت ئەوگوندنشینانە ئێسقانی سەگێکیان فرۆشتبۆوە کابرایەکی ئەمریکی بەو حسێبەی ئێسقانی مەلیکێکی مۆمیا کراوەو حریت حریت پێدەکەنین.
بە سواری جیب بە ڕێگەی قیرنەکراودا دەڕۆیشتین و دنیاش زۆر گەرم بوو.دووسێ درەختی چنارمان لە نزیك گوندێکەوە بەر چاوکەوت، لاماندا ژێر درەختەکان ژەمی نیوەڕۆ بخۆین. پیرە پیاوێك لەو ناوە دانیشتبوو، کەمێك دوورتریش کەرێکی بەستبۆوە.سڵاومان لە کابرا کردو دەستمان بەقسە کردو قسەکانم بە ئینگلیزی لە دۆستە ئەمریکیەکەم دەگەیاند.
- ئەم گوندە کام بەرهەمی لە هەمووان پترە؟
گوتی:
- هیچ بەرهەمێکی نیە.جاران تۆومۆ دەکراو دەخڵ و دان هەبوو.بەڵام لەوەتەی دەست بە هەڵکەندنی شوێنەوار کراوە، بیست ساڵیش دەبێ هیچ ناچاندرێ.
کابرای ئەمریکی گوتی:
- لە جێگەی دیکەیشدا هەر هەمان شتە.
گوتم:
-ئەی باشە ئەم خەڵکە بە چ دەژین؟
- پارچە گۆزەو بەردو کۆنە شتی ژیر خاك بوو بە مۆدە. خەڵکی وازیان لە زەراعەت وئاژەڵ بەخێوکردن هێناوەو کەوتوونەتە دووای زەوی هەڵکەندن و ئەو شتانەی دەدۆزنەوە دیانفرۆشنە بیانیان و پێی دەژین.
کابرای ئەمریکی:
-لە جێگەی دیکەیشدا هەمان شتە.
پیرە پیاو گوتی:
- خەڵکی ئێرە زۆر نارەسەن وهیچ و پووچن.هەرچی گەنجینەی ئەم وڵاتە هەیە بە بیگانەیان

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

توریست.هەرچی لە ژێرخاکـەوە دەریـان هێنـا هـەرزان فـرۆش کـران و بـەخۆڕایی لەناویانـدا.
هەموویان دزن.باش بوو حکوومەت فریاکەوت ،ئێستا نایەڵێ کـەس هـیچ دەربێنـێ و ئەگـەر
بێگانە شت بکڕن ئەوە لە حکوومەتی دەکڕن.

کابرای ئەمریکی گوتی:

-ڕاستە، لە جێگەی دیکەیشدا هەر هەمان شتە.

گوتم :

- باشە خەڵکی گوند بە چ دەژین؟

-ئەم ناوچەیە شەش گوندی لێ یە، بڕۆ ماڵەکانیان هەرچی شتە نایدۆزیەوە، ئەوەی قیمەت بکا نەماوە.پەرداغ، گوڵدان،سنی..هەموویان خاوە ن ماڵێکی چۆڵ وبەتاڵ.

- بۆ؟

- بۆ؟ چونکە فرۆشتوویانە توریستان، هیچیان لە ماڵدا نەماوە.هەرچیان هـەبێ بـە ئەنتیکـەو ئاسەواری دەفرۆشن. داب و نەریتی خەڵکی ئێرە بە جـارێ شـێواوە.دوێنێ تەماشـا دەکـەم وا مێرد منداڵێك خەریکە مۆرو لە ملی کەرەکەی من دەکاتەوەو دەیدزێ.کەدزیشی دەیبا لە ژێـر خاکی دەشارێتەوەو پاشان دەریدەهێنێ کە بەڵێ ئاسەواری دۆزیتەوە! تێگەیشتن چـۆنە؟ بارگـەو بووکێنی کچەکانی گوندیش نەمان، هەموویان بە ئەنتیکەو ئاسەوار فرۆشت،بەردێکی لە پەنجە درێژتر شتێکی لێ دروست دەکەن.نالی کەر دەکەنە میدالیاو کۆنە پارە.

کابرای ئەمریکی:

- نەمگوت؟ لە جێگاکانی دیکەیشدا هەرهەمان شتە.

پرسیارم لە پیرەپیاو کرد:

- ئەی تۆ بەچ دەژی؟ چکارەی؟

گوتی:

- کەر دەکڕم و دەفرۆشم.

پاشان ئەو برە ئاوەی لە گوند هێنابووی لەبەردەم کەری دانا، کەر خەریکی ئاوخواردنەوە بـوو ، کابرای ئەمریکی هەڵسایە سەرپێ و بەرەو لای کەر ڕۆیشت.ئێمەیش خەریکی قسان بووین:

- جا بازرگانیی کەر خێری هەیە؟

- لەخوا بەزیاد بێ، پێنج ساڵە ئەم کارە دەکەم.

- باشە چەند قازانج دەکەی؟

- مەعلووم نیە، بەگوێرەی کەرە.

PDF 4 KURD

بەچەند ساتە وەخت كەرێك دەفرۆشی؟

مەعلووم نیە.جاری وا دەبینی سێ مانگ،پێنج مانگ كەر نافرۆشرێ.. جاری وایش هەیە لە رۆژێكدا پێنج دانە كەر بەجارێك دەفرۆشرێن.

كابرای ئەمریكی لێم نزیك كەوتەوەو گوتی:

- پارچە مافوورێك وەبان كەرەكەیەو هەیە،هەر مەپرسە!

تەماشام كرد، پارچە مافوورێكی لەقوڕ وەردراوە..گوتم:

- ئەم پارچە پیسە؟

گوتی:

- ئەمان، ئەمە شاكارە.ئێوە خەریكی قسان بوون من پارچە مافوورم هەڵگێڕو وەرگێڕ كرد.. رەنگی ،هەرمەپرسە .لەهەر سانتیمیترێكیدا سەدو بیست گرێ هەیە. شتی وا عەجایەب لەم دنیادا نیە.دەگمەنە.

گوتم:

ئەگەر بیفرۆشێ كریاری؟

- بەڵێ كڕیارم.بەڵام با كابرا نەزانێ كڕیاری مافوورم.من ئەمانە چاك دەناسم،شتێك فرێی بدەن ،كەتۆ ویستت بیكڕی یەكسەر خۆیان گران دەكەن و دڵێن دیارە بەقیمەتەو ئەنتیكەیەو داوای پارەیەكی یەجگار زۆر دەكەن.چاویشیان تێر نابێ هەرچەندەی بیاندەیێ لایان وایە كەمە. بۆیە با كابرا تێ نەگا.

كابرای دێهاتی بە جواب هات:

- ئەم گاورە چ فینكە فینگیەتی؟

گوتم:

- هیچ ، ئێرەی زۆر بە دڵە.

- جا ئێرە چی لێیە بەدڵی بێ؟ گردێكی رووت و قووت.

كابرای ئەمریكی:

- پێم نەگوتوی ؟ رێگەی ئاسان هەیە شت بە هەرزان بكڕم. ئێستا ئەو رێگەیە بەكاردێنم.

- چۆن؟

- هەوڵ خۆمان لە مافوور نادەین ،كەرەكەی لێ دەكڕین . كابرای دەشتەكی بیری بۆ نرخی مافوور ناچێ. كەپێكهاتین پارچە مافوور لە سەرپشتی كەر دەبێ ، ئینجا ئەویشی بە نرخێكی

ـەرران لیّ دەكڕین. تۆ ئیّستا مامەڵەی كەری لەگەڵدا بكە.

بە كابرای پیرەم گوت:

- جەنابت كەر دەفرۆشی، وانیە"

گوتی :

- بەڵێ.

- باشە ئەم كەرە بە چەند دەدەی"

- دەمیّنتە سەر كڕیار چەندی پیّ دەدا.

- ئەگەر ئیّمە كڕیار بین؟

كابرا پیّكەنی:

-پیّم رادەبویّرن؟پیاوی وەك ئیّوە ئەفەندی و پۆشتە كەرتان بۆچیە؟

-تۆ هەقت چیە، ئیّمە دەیكڕین. بەچەندی دەدەی؟

-كڕیار دەزانێ. تۆ دەیكڕی یا ئەم گاورە؟

-ئەو دەیكڕێ.

- چ میللەتە؟

-ئەمریكییە.

- همممم..بیانی نیە، لەخۆمانە. برا ئەم پیرەكەرە بەكەڵكی ئەو نایە.

لەكابرای ئەمریكیم گەیاند،گوتی:

-زۆر باشە، كەواتا هەرزانی دەدا.

بە پیرەمیّردم گوت:

- پیرە كەریش بێ،ئەو رازیە.

- كاكە شوورەییيە. دەچیّتەوە ئەمریكاو گلەمان لیّ دەكاو دەڵێ تورك قۆڵیان بڕیم.

لە دۆستی ئەمریكیم گەیاند، گوتی:

- دیّهاتی تورك زۆر دڵسافن. راستگۆنە.لە شویّنیّكی دیكە بووایە ئەسڵەن نەیاندەفرۆشت.

مادام ئەوەندە پیاویّكی دڵسافە منیش پارەی چاكی دەدەمێ.

گوتم:

- ئەمریكی رازیە.

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

باشە ،بەلاّم بەگم ئەم کەرە ناگاتە ئەمریکا، لە ڕێگەدا دەتۆپێ! ئەم کەرە گوڕوە.

-بەتۆ چی برا؟ کابرا دەیەوێ.

- هەللا هەللا..برا خۆ ئەمە جاشەکەر نیە ئیشێکی بۆ بکا، چ لەم کەرە گوڕوە دکا؟

-تۆ هەقت چیە؟ تۆ پارەی خۆت وەربگرە. . ئێستا بەچەندی دەدەی؟

- دێهاتی گوتی:

- وەللاهی زۆرم مەراقە.بەم مامۆستایە ئەمریکی یە بلێ: کەر لە ولاّتەکەی خۆیاندا نیە؟

پرسیارم لێ کرد

- کەر لە ولاّتەکەی خۆتاندا نیە؟

گوتی:

- هەیە بەلاّم وەکو ئەمە نین.

لەکابرای دێهاتیم گەیاند.گوتی:

- هممم..دیارە ئەمریکی مەراقی کەری تورکانە! چبکەم ئۆبالّ بە ئەستۆی خۆی . مـن تـەواوی عەیبەکانی کەرم پێگوت. ئێستاش بۆ کەرێك دلّی دۆستێکی بێگانە ناشکێنم. با بیفرۆشین.

-بەچەند؟

- بۆ ئێوە بە یازدە هەزار.

-چی؟ کابرا تۆ شێتی؟ ڕەسەنترین ئەسپی عەرەبی بە دوو سێ هەزار لیرەیە..

-کەواتا کەرتان بۆچیە؟ بڕۆن ئەسپی ڕەسەن بکڕن.

لە ئەمریکیم گەیاند..گوتی:

-چیم گوت؟ کە کڕیار بووی داوای پارەی زۆر دەکەن . ئەگەر مامەڵەی مافووری سەرپشـتیمان بکردابا ڕەنگە داوای سەد هەزار لیرەی کردبا! ئێسـتا مـن دە هـەزار لـیرەی پـێ دەدەم بـەلاّم یەکسەر ڕازی بم داوای پەنجا هەزار دەکا. با مامەڵەی لەگەڵدا بکەین.

-بە مامە پیرەم گوت:

-ڕاستم پێ بێژە، تۆ ئەم کەرەت بە چەند کڕیوە؟

-من درۆم لانیە.دەسنوێژم هەیەو درۆ ناکەم.ئەم کەرەم بە پێنج لیرە کڕیوە. چاوەڕێ بووم ئەمڕۆ سبەی بتۆپێ و کەولّی بکەم. لەمە زیاتر بەکەڵکی هیچ نایە.

-کوڕە ویژدان..کەرێکت بە پێنج لیرە کڕیوە، چۆن داوای یازدە هەزار لیرە دەکەی؟

-برا خۆ من فرۆشـیار نـەبووم، ئێـوە خۆتـان کڕیـارن.دەلێم پیرە..دەلـێن قەیـدی ناکـا.دەلێم

PDF 4 KURD

ـوڕوه.دەڵێن رازین.دەڵـێم جاشـەکەرنیە هـەر رازی بوون.ناگاتـە ئـەمریکاو دەتۆپێ.گوتتـان باشە.ئێستا پێتان دەڵێم کەر قاچێکیشی شەلە.

-قەیدی ناکا.

-بزانە؟دیارە کەرێکی بە قیمەتەو من نازانم.ئەگینا ئەم ئەمریکی یە گاورە ئەم نێرەکەرە شـەل و پیرو گورووەی بۆچیە؟ لە دەهەزار لیرە کەمتری نادەم.

بە دۆستی ئەمریکیم گوت:

-نایەتە خوارەوە.دەهەزاری بدەینێ؟

دوو سەعاتی تەواو مامەڵەمان کـرد.وەك نیمچـە پێـك نـەهاتنێکیش دوور کەوتینـەوە. پاشان گەڕاینەوە.

کابرا گوتی:

-دەمزانی دێنەوە؟

گوتم:

-چۆنت زانی؟

گوتی:

-چۆن نازانم؟ بیر لە کەڕینی پیرە کەرێکی وا بکەنەوە،نارۆن.

شۆفێرمان تێگەیاند لەجادەی قیرتاو چاوەڕوانمان بێ، پاشان کەر سواری جیب دەکەین.

قوربان، هەرچۆنێکی بێ ،کەرمان بە دووهـەزارو پێـنج سـەد لـیرە لێ کڕی.پارەمـان ژمـاردو دامانێ.ئەویش رەشمەی لە دەستمان نا وگوتی:

-دەی خێری لێ ببێنن.

دووابەدووای ئەم قسەیەی گوتی:

-بەهەرحاڵ پیرە کەرەکەمان هەرزان فرۆشت. دەی پیرۆزتان بێ.

پسپۆری ئەمریکی چاوی بڕیوەتە پارچە مافووری دەست کابرا..گوتی:

-با کابرامان تێ نەگا. کەر کەمێك لێدەخوڕین و دوور دەکەوینەوەو دەگەڕێینـەوەو دەڵێین،ئـەم پارچە بەڕەمان بدەرێ لەسەر پشتی دانێین گەرمایە. با تێنەگا پارچە مافوور بە قیمەتە.

جڵەوی کەرمان گرت و دوور کەوتینەوە. من لە پێشەوەو پەت رادەکێشم و ئەمریکی لـەدوواوە پاڵ بەکەر وەدەنێ. بەهەزار ناڵی عەلی بیست سی پێ رۆیشتین کە لـە ناکـاو کـابرای دێهـاتی بانگی کردین:

PDF 4 KURD

بوەستن بوەستن ، شتێکتان لەبیرکرد!

وای لەم کەیفە ! کابرا پارچە مافوورمان بۆ دێنێ! بەڕاکردن هاتە لامان:

-کوڕینە، سککەتان لە بیرکرد.تا دەگەنە ئەمریکا کەر لەچ دەبەستنەوە؟ کەس کەری بێ سککە دەکڕێ.چیە ئێوە خەشیمن؟

سککەی ئاسنیشمان لێ وەرگرت.

دۆستی ئەمریکیم گوتی:

-دەی کاتی هاتووە، داوای پارچە مافوور بکەو بڵێ ئەم پارچە بەرە پیسەش بێنە بە کابرای دێهاتیم گوت:

-ئەم کەرە زۆر لاوازە بەرگەی گەرما ناگرێ. پارچە بەڕێکی کۆنی پیسی لەسەر پشت بوو ، بێنە بادایبێینەوە.

گوتی:

-نا..مافوور نادەم. ئێوە کەرتان لەمن کڕیوە نەك مافوور.

-بەڵێ کەرمان کڕیوە .بەلام ئەم پارچە مافوورەی لەسەرپشت بوو. پاشان ئەم پارچە کۆنە پیسە بۆچی باشە؟

- راست دەکەی کۆنە، پیسیشە، پارەیش ناکا،بەلام نایدەم.

- بۆ؟

- قوربان نایدەم .ئەمە یادگاریی باوکمە .لەباپیرەمەوە بۆی ماوەتەوە چۆن دەیدەم؟ نایدەم.

بە کابرای ئەمریکیم گوت:

- دەڵێ نایدەم، یادگاری باوکمە.

گوتی:

- پێی بلی بەکەڵکی چی دێ؟

کە بەکابرای دێهاتیم گوت..ئەویش وای وەڵام دامەوە:

- بەکەڵکی چیم دێ؟ دەچم پیرە کەرێکی گوڕوی دیکە پەیدا دەکەم، بە هیممەتی خوا یەکێکی وەکو جەنابتان دالغەی لێ بداو بیەوێ ،ئەوە دیفرۆشمەوەو دووعانەی لێ قازانج دەکەم .ئەم مافوورە بەنرخە نرخ . سککەی ئاسنم بەخۆڕایی نەدانێ؟ هیچم لێتان ویست؟

- دەبا پارچە مافووریشت بە دوو قرۆش لێ بکڕین و کەری بەسەزمانی پێ داپۆشین.

- ئەوە فرۆشتم.ئەی پاشان چۆن کەر بفرۆشم؟ شەش ساڵە بەم مافوورەوە پیرە کەری گوڕو

PDF 4 KURD

دەفرۆشم..دەی خوا حافیزتان بیٚ، خیٚری لیٚ ببیٚنن.

کابرا چەند هەنگاویٚك دوورکەوتەوەو گوتی:

- دەزانم کەر جیٚ دەهیٚلّن. جا بۆخۆتان ماندوو دەکەن؟ هەر ئیٚستا جیٚی بهیٚلّن.

پسپۆری مافوور گوتی:

- لە شویٚنی دیکەدا شتی وانیە.قەت شتی وام بەسەر نەهاتووە.

کەرمان جیٚهیٚشت و بەرەو جیب رۆیشتین و سوار بووین. ئەمریکی سککە ئاسنی بەدەستەوە گرتووەو فڕەی نادا.گوتم:

- ئەم قازوخە ئاسنەت بۆچیە؟

گوتی:

- بۆ یادگاری لەگەلّ مافوورەکانی دیکەی هەلّدەگرم.قازوخیٚکی بە نرخە بەدووهەزارو پیٚنج سەد لیرە زۆر هەرزانە!

برادەرەکەم بەمست وەرگەڕایە دەموچاوی خۆی وگوتی: ئای چۆن رەزیل و سەفیل بووین!!

تیٚبینی

ئەم چیرۆکەو ئەوانی لە دووای ئەو دیٚن، کاتی خۆی لە گۆڤاری(باریش)ی سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری هەریٚمی کوردستان دا بلاٌوکراونەتەوە .

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

کۆمپانیای کەرستەی یەدەگ

کاتێکی زۆرم بێ ئیشوکار بەسەربرد..ڕۆژێکیان لەوکاتەی وەبان پەردێکدا دەپەڕیمەوە بیرۆکەی خۆ کوشتنم بۆ هات.. لەبەر خۆمەوەو بە دەنگێکی بەرز دەمگوت ئایا خۆکوشتن ئازایەتییە یا کاری ترسنۆکانە؟ کە لەناکاو یەکێك توند مەچەکی گرتم و گوتی:

-ئەوە شێت بووی نووری؟

کۆنە برادەرێکی قوتابخانەبوو، ناوەکەیشیم وەبیر نەماوە:

-بەخوا نازانم ، شێتم..ئاقڵم..

بەدەم ڕێگاوە پرسیاری لێکردم:

-ئێ، ئێستا خەریکی چی؟

-هیچ .. عەتتاڵ بەتتاڵ.. دووساڵی ڕەبەقە هەموو بەیانیان کاتژمێر هەشت لە ماڵەوە دەردەچم و تا نۆی ئێوارە بەدووای دۆزینەوی کارم ..

-کارکردن زەحمەتە..

-زەحمەت بێ ئاسان بێ، پێویستم بەکارکردنە . سەردانی تەواوی دایەرەکانی ئیستانبووڵ هی حکوومەت و کەرتی تایبەتم کردووە. وەڵامیان هەر ئەوەبووە: ناوو ئەدرەست جێ بهێڵە پاشان خۆمان ئاگادارت دەکەینەوە ..

-مانگانە سێ سەد لیرە باشە؟

-گاڵتەم پێدەکەی؟

-پێشم کەوە..

سواری تەکسی بووین و لەبەردەم بینایەکی گەورە دابەزین ، لەبان شووشە نوسرابوو(نووسینگەی فرۆشتنی سپێر پارت) و لە نووسینگەیەکی فراوانی نهۆمی بانەوە وەژوور کەوتین.

دۆستەکەم گوتی:

PDF 4 KURD

دەزانی سەیرم بە حالی تۆ دێ.. تۆ تەمەڵترین قوتابی بـووی و ئـەوەی ئەرکـە جێبـە جێـت نەدەکردن و دواناوەندیت بە زەحمەت تەواو کردو نەچوویتە زانکۆ، سەرە ڕای ئەوەی کە زۆریـش دەبەنگ بووی، کەچی بەم هەموو سیفەتانەوە نەبوویتە خاوەن کار!

گوتم:

-بەخوا بلێم چی، لەوانەیە کەموکورتی لە درەستبوونمدا هەبێ!

-ئەم دوکانەی کەلوپەلی یەدەگ ملکی خۆمە.

-کەلوپەلی یەدەگ یانی چی؟

-کورتکراوەی کۆمپانیایەکی تورکیی پشکدارە.

-جا شەریکت هەن؟

-نەخێر .بەلاّم بۆ ئەوەی ببێتە کۆمپانیا دەبێ پشکدار بێ بۆیە ناوی ژنم و خوشـکەکەیم تێـدا نووسیوە.خۆت دەزانی خەلّك زیاتر متمانە بـە کۆمپانیـا دەکـەن نـەك بـە دوکان..مەسـەلەی باجیش ئەوە هەندێ ئاسانکاری هەیە، پاشان خوت لێیان تێدەگەی.

گوتم:

- باشە چ دەفرۆشن؟

- هیچ!

- چۆن؟

- دیارە هیچ نافرۆشین..تەماشای ڕەفەکانی ئەم نووسینگە پان و بەرینە بکە هیچیان لەسەرە؟ لەراستیدا هیچیان لەسەر نەبوو.لەم هۆڵی وا زەلام تەنیا هەندێ گوڵی گەلاّپانی نێو مەرکانم بینین.

-ئەم کۆمپانیایەی من پێنج دانە لقی لە ئەدەنـەو قۆنیاومـەلاتیاوئیزمیرو ئەنقـەرەدا هەیـە. ئەگەر ئامادەی کـارێکی وادەکـەم ببێتـە بەرێوەبـەری یـەك لـەو لقـە نوێیانـەی تـەمام وایـە بیانکەمەوە.جارێ وەك سەرەتا مووچەت سێ سەد لیرە دەبێ و بەرە بەرە زیا دەکـا تـا دەگاتـە هەزار لیرە.

-جا کاری من چ دەبێ؟

لە یەکێ لە چەکمەکانەوە دەفتەرێکی گەورەی دەرهێنا:

- لەم دەفتەرەدا نێوو نرخی هەموو سپێرپارتەکان دیاری کراوە.

دیقەتی یەکەم لاپەڕەمدا، نووسرابوو: کابرێتە، میلی سەرەکی، قایشی ماکینە، خەرماشە، گاردن..)

- دەتوانی هەر لە ئێستاوە دەست بەکار بی.

PDF 4 KURD

دابەزینە نهۆمی یەکەم، کابرایەك وەبان مێزێکی دارگوێزی ڕێکوپێك وەستا بوو:

-سایم.. ئەمە کاکە نوورییە.

دووای تەوقەکردن وچاك وچۆنی، پێی گوت:

-نووری لای ئێوە ڕاهێنان دەکا.

چاوەکانی خۆم کردنەوە تا بە چاکی فێری پیشەکە ببم.سایم جگەرەیەکی دامێ هێشتا تەواوم نەکردبوو، کە دوو زەلامی دەشتەکی وەژوور کەوتن:

-سەلامەلەیکوم..

-ئای بەخێربێن فەرموون دانیشن.

-سپاس کاتی دانیشتن نیە زۆر پڕکارین.

-وابزانم هۆیەکەی تەراکتۆرە.

-ئەرێ وەڵلا دەق خۆیەتی..شەفتی شکاوەو ئیشوکارمان پەکی کەوتووە، ئاخۆ دەستمان دەکەوێ؟

- ئای بەداخەوە.. دانەیەکمان هەبووهەمووی پێنج دەقیقە نابێ فرۆشتمان! خۆزگە زووتر دەهاتن..

یەکێك لە زەلامەکان گوتی:

-ئای لەم شانسە..و شەقێکی خێواندە ئەژنۆی..

-پێموایە لای یەکێك دەست دەکەوێ.ئەگەر نەیفرۆشتبێ باشە..

-قوربانە سۆراخێکمان بۆ بکە.

-باشە پارەکەی بدەن و دووای دوو ڕۆژی دیکە وەرن شفت وەربگرنەوە.

-ئای بەرخوداربێ. خوا مووەفەقت بکا .پارەکەی چەندە؟

-بەخوا وەکو پێمگوتن ،بەر لە پێنج دەقیقە بە بیست وپێنج لیرەمان فرۆشت. ئەگەر لای خۆمان بووایە ئاسان بوو..

-کاکە بە هەرچەندێك بێ دەمانەوێ،ئەی خۆ کارەکانمان ناوەستێنین؟

- کابرای شفتی لایە پیاوێکی پوولەکی و بێویژدانە..نازانم ئاخۆ بە دووسەدو پەنجا لیرەی دەدا یا نا؟

زەلامە دەشتەکییەکان چرپە چرپێکیان لە گەڵ یەکتردا کردوو دووسەدو پەنجا لیرەیان داو ڕۆیشتن.

-خوا حافیزتان بێ.

ئەوەندەی نەبرد دەشتەکییەکی دیکە وەژوور کەوت:

PDF 4 KURD

-زمانەی خەرماشەتان هەیە؟

-نەخێر هی ئاوێنەمان هەیە..

-پێویستم بە هی خەرماشە هەیە..

-حاڵی حازر نیمانە.. دانەیەك لای پیاوێكی بێویژداندا هەیە، بەلاّم داوای پارەیەكی زۆر دەكا.

-چەندی دەویّ قەیدی ناكا.. تەراكتۆر یەك حەفتەی تەواوە پەكی كەوتووە.

-سیّ سەد لیرە جێبهێڵە بەڵكو رازیمان كرد.ئەگەر داوای زیاتریشی كرد ئەوە خۆمـان دەیخەینـە بانی و پاشان لە تۆی وەردەگرینەوە.

كابرا سیّ سەد دانە لیرەی ژماردن.

-سبەینیّ سەرێكمان لێبدەرەوە.

كابرا دەرچووە دەرەوە یەكێكی دیكە هاتە ژوورەوەو گوتی:

-زمانەی ئاوێنەتان هەیە؟

-نەخێر نەمانەوە، زمانەی خەرماشەمان هەیە..ئەوەی تۆ دەتەویّ هەر ئێستا فرۆشتمان..

هەر كەسەی داوای شتێكی دەكرد دەیگوت نیەو ناوی شتێكی دیكەی دەگوت هەمانە..

-قوڵی مەنگەنەتان هەیە

-مەنگەنەمان هەیە ، ئەوەندە نابیّ قوڵەكەیان فرۆشت..ئەگەر دەتـەویّ بـۆتی پەیـدا دەكـەین بەلاّم لای كابرایەكی بێویژدانەو داوای پارەیەكی زۆر دەكا..

یەكێك دەڕوا یەكێكی دیكە دیّ و پرسیار دەكا:

-زنجیری كێشانی دوواوە هەیە؟

-ئەوەندە نابیّ فرۆشتمان.

-قایش پانكەتان هەیە؟

-قایشی ماكینەمان هەیـە، بـەلاّم ئەگـەر دەتـەویّ بـۆت پەیـدا دەكـەین.كابرای دەیفرۆشـیّ بێویژدانەو بە نرخی بازاڕی ڕەشی دەدا..

ئەوەی دەهات پارەی دەدا. پارەیش لە نێوان سیّ سەدو پێنج سەد لیرەدا بوو.

كابرایەكی دەشتەكی وەژووركەوت:

-ئەریّ گاسنی داوام كردبوو نەگەیشت؟ پێریّ دووسەدو پەنجا لیرەم دا..

سایم وەلاّمی دایەوە:

-پەیدامان كرد بەلاّم بەهەزار تكاو نزا بە سیّ سەدو پەنجا لیرە رازیمان كرد.

بڕ سەد لیرەی دیکەیش دا.سایم لە کرێکاری بەر دەستی ڕاخوڕی:
-بڕۆ گاسن لای وەستا خەپە بێنە.
هەرکە یەکێك بۆ کەلوپەلی بەڕاداندراو دەهاتەوە یەکسەر سایم کرێکاری دوکانی ڕەوانـەی لای وەستا خەپە دەکردو و ئامێریان دەدایێ!!
تاقی ئێوارە دۆستی خاوەن کۆمپانیا هات و پرسیاری لێکردم:
-ها ئیشوکارەکانت چۆن بینی؟
-زۆر باشە.
-خۆ بەچاوی خۆت بینیت کە ئێمە لێرەدا هیچ نافرۆشین، کەچی دەبێ هەموو ڕۆژێك و بـەر لـە دوکان داخستن لانی کەم سێ تا پێنج هەزار لیرە قـازانج بکـەین و تۆمارەکانیشـمان تـا بلێـی خاوێن وبێ خەشن.وانیە کاکە سایم؟
-بەلێ گەورەم وایە..
-ئێمە ئەم کەرستانە لە تۆمارگەدا بە نرخی ئەسـلی تۆمـار دەکـەین و هـەموو وەسـڵەکانمان یاساین..کاکە نووری لە کاری ئێمە گەیشتی؟ دەتوانی دەست بەکاربی؟
-بێگومان تێگەیشتم.. دەتوانم هەر لە ئێستاوە پێی هەڵسم..
-دەی با بزانین..
یەکسەر لەگەڵ کابرایەکی دەشتەکی دەستم پێکرد:
-فەرموون ئاغا فەرموون..
-قایش پانکەتان هەیە؟
-ئای بە داخەوە دانەیەکمان هەبوو فرۆشتمان.. ئەگـەر دەتانـەوێ قایشـی پانتۆڵمـان هەیـە.. سەبرکەن بزانم نیمانە.. با دانەیەکمان ماوە..
-نرخی چەندە؟
-لە نرخ مەپرسن.. ئەسڵەن شەرم دەکەم..خاوەنە گەووادو بێویژدانەکـەی داوای پارەیـەك دەکـا بەقەد مارەیی دایکی دەبێ..کابرایەکی بێشەرەف و بازرگـانی بـازاڕی ڕەشـە، وەك پیـاز پـاك بکاتەوە ئاوایش خەڵك ڕووت دەکاتەوە..دەك خوا لەناوی بەرێ.
هەرچەندەی کابرای دەشتەکی سەد لیرەی دا ،بەلاّم من لە سەرجنێودان بەردەوام بووم:
-گاوری ئیمانسز..قایش پانکەیەك بە سەد لیرە؟چارچیە کەوتینەتـە بـەر دەسـت شـەلاتییەکی سەگی کوڕی سەگ..نە مانای ڕەوشت دەزانێ نە دین و ئیمانی هەیە.

PDF 4 KURD

تەسدیقی سەددەقی لە قسەکانمدا و گوتی: ڕاست دەکەی ..ورۆیشت.

کاتێك خۆم ئامادە دەکرد بەدووای ئەوەوە بڕۆمە دەرەوە، چونکە گومانم نەبوو دۆستەکەم وەدەرم دەنێ..کەچی ڕووی تێکردم وگوتی:

-ئەی ئافەرین..ماشەڵلا کە مرۆڤێکی لێهاتووی. بەیەك دانە ڕۆژ فێری پیشەکە بووی.منیش لە ئێستاوە وا مووچەکەتم کردە پێنج سەد لیرە.

شەش مانگ لە کۆمپانیای سپێرپارتدا کارم کرد تا مانگانەم گەیشتە هەزار لیرە.بۆ ئەوەی هەزار لیرەکە حەلاڵ بکەم لە بەیانییەوە تا ئێوارە کارم دەکردو جنێوی ناشیرینم بە دایك و ژنی دۆستم دەدا. هەر جارەی گوێی لێ دەبوو،دەستی دەخستە سەر شانم و دەیگوت:

-ئافەرین.. بەڕاستی تۆ ئەو کەسەی دەمێك بوو بەدووایدا دەگەڕام!

PDF 4 KURD

ماڵەکەی سەرسنوور

دوو ڕۆژ بوو چووبووینە نێو خانووی تازە. لەدەستەڕاستماندا ماڵی دراوسێیەك دەڕوانێتە ماڵەکەی ئێمە. بە کوڵاندا تێپەڕ دەبووم کە کابرایەکی پیر لەو ماڵە سەری دەرهێناو بێ سەلام و کەلام، گوتی:

-ئەم خانووەتان نەگرتبا باشتر بوو!

دیقەتێکی پڕ لە مانای پیرە پیاوم داو گوتم:

- وەکو بزانم کە کرێچییەك تازە بێتە گەڕەك، دراوسێکان دسەردانیان دەکەن و دەڵێن: بەخێر دانیشن نەك وەکو جەنابت : ئەم خانووەتان نەگرتبا باشتربوو! دراوسێ وا بەدراوسێی دەڵێ:

کابرای بەساڵا چوو گوتی:

- بەهیچ مانایەك نەبوو..بۆیە وام گوت چونکە ئەم خانووە دزی دێنێ!

دز دێتە ماڵەکەی ئێمەو ناچێتە ماڵەکانی دیکە!..یانی چی؟

دڵم گوشرا، بۆ جگەرەکڕین چوومە دوکانەکەی سەری کوڵان.گوتم:

- پیاوی واهەیە قسەی خۆی نازانێ!

دوکاندار گوتی:

- خێرە؟

گوتم:

- لای ماڵی ئێمە پیرە پیاوێکی خەڵەفاو هەیە ، دەڵێ(ماڵەکەی ئێوە دزی دینێ، بەکرێتان نەگرتبا باشتربوو)

دوکاندار گوتی:

- ڕاستی گوتووە ئەو خانووە دزی دێنێ، نەتان گرتبا باشتربوو.

بێ ئەوەی هیچ بڵێم لەدوکان بەدەرکەوتم. ئەو ڕۆژە تا ئێوارە سەخڵەت و نیگەران بووم.شەو دراوسێی دەستەچەپ سەردانیان کردین. لە نێو قسەو باس و خواساندا،گوتیان:

-ئێرە خانووی باشە بەڵام دزی دێنێ..

کە ڕۆیشتن و بەڕێمان کردن لەبیرم چووپرسیاریان لێ بکەم و بڵێم:(بۆ دز دێنە ماڵەکەی ئێمە و

ئێرە ماڵی ئێوە؟)
ژنم زانی نیگەرانم، پێکەنی و گوتی:
- کوڕە،تێناگەی.. کرێچی دەرپەڕاندن هەزار ڕێگەی هەیە.ئەمەیش یەکێکە لە ڕێگەکان. دەمانترسێنن بەوەی دزمان دێنە سەر تا دەربچین چونکە خانووەکە هەرزانەو بۆخۆیان یا بۆ ناسیاویان دەیانەوێ.
کەمێك هێور بوومەوە، بەڵام خەو چیە نەچووە چاوم، وەك دز وادەی هەبێ و چاوەڕوارن بم ها هات ،ها وا دێ!
نازانم خەوم لێ کەوتبوو یا وەئاگابووم کە لەناکاو ڕاپەڕیم و دەستم بۆ دەمانچەی ژێر سەرینم بردو هاوارم کرد:
- نەبزوی ئەگینا لێت دەدەم!
لە نێو تاریکیدا ئەو دیوارو ئەم دیوار بەدووای سویچی کارەبا دەگەڕێم و نایدۆزمەوەو وەك شتێك لە قاچم ئاڵا بێ تەپەم لێوەهات و کەوتم و دەمانچەکەم لەدەست دەرپەڕی.
- ها..ها..ها..
درایە قاقای پێکەنین.. هاوارم کرد:
- کوڕە فلیمی ترسمان نیشان دەدەی؟ ئەگەر پیاوی دێیتە بەرامبەرم.
دەنگەکە لە تاریکیدا پێدەکەنی،دیسان هاوارم کرد:
- تۆ نازانی من چ لە پیاو دەکەم؟
کابرا:
- دەزانم..بەڵام بەیارمەتی خۆتان با کارەباکەتان بۆ داگیرسێنم.
چت، دەنگی سویچی کارەبا هات و ژوور روناك بوو. من چووبوومە ژێر مێزو ژنیشم لەژێر قەروێلە بوو. زەلامێك لەسەرسەرم وەستاوەو دەرفەتی هەڵسانم نیە.هەر لە شوێنی خۆمەوە دەنگم دا:
- تۆ کێی ؟
- دزم.
- تەماشا، من هەڵناخەڵەتێم، تۆ دزنی، بەم فێڵە دەتەوێ لەم ماڵەمان دەربکەی؟.
کابرا:
-دزیم دز نەبم ،ئێستا دەبینی.
وەك ماڵی باوکی بێ، دەستی کردە پشکنین و شت کۆکردنەوە. بەدەم مەشغەڵەتیش دەیگوت:

PDF 4 KURD

دیاره ئێوە ئەم ژوورەتان کردووتە هی نووستن.کرێچی بەر لە ئێوە کردبوویانــە هــی دانیشــتن، ئەوانی پێشی ئەوانیش هەر وایان کردبوو.

- بزانە تۆ ئێستا دزیمان لێ دەکەی بەڵام من شکاتت لێ دەکەم.

بێ ئەوەی دەست لە کاری هەڵبگرێ گوتی:

- بڕۆ لای باوکت شکاتم لێ بکەو سڵاوی منیشی پێ ڕابگەینە.

- ئاخر تا من دەچمە پۆلیسخانە شکات بکەم تۆ ڕادەکەی!

-راناکەم.

-نە بەخوا ڕادەکەی. چ لەم ماڵەدا هەیە کۆی دەکەیەوەو بۆی دەردەچــی.ئەگەر راســت دەکــەی وەرە دەتبەستمەوە تا دەچمە پۆلیسخانە.

ژنم هاواری کرد:

- هیمداد..

خەڵکی گەڕەك رژانە بەر دەرگای ماڵەکەمان بەڵام کــەس نەهاتــە هیمــدادمان و لەنێوخۆیانــدا دەیانگوت:

-دیسان دز هاتووتە ئەم ماڵە.

هەندێکیان پرسیاریان لە یەکتری دەکرد:

-ئاخۆ کامیانە؟

لەنێو دراوسێکانماندا هەندێك دزیان دەناسی و چاك و چۆنیان لە گەڵ دەکرد.

گوتم:

-دراوسێ یارمەتیمان بدەن ئەم دزە ببەستینەوە.. دەچین ئاگاداری پۆلیسخانە دەکەین.

یەکێك لە دراوسێکان:

-ئێوە خۆتان باشتر دەزانن ، بەڵام بێهوودە خۆتان زەحمەت دەدەن!

بزانە ئێمە هاتووینەتە چ گەڕەکێك؟ ژنم پەتی جل هەڵواســینی هێنــاو دزیــش خــۆی ســەخڵەت نەکردو زۆر بە جوانی دەســت و پێمــان بەســتەوەو لــەژوورێکمان دانــا و دەرگامــان کلیــل داو یەکسەر بەرەو مەخفەر ڕامان کرد. ژنم تەواوی ڕووداوی لە کۆمیسێر گەیاند. کــابرا ئەدرەســی ماڵەکەی ئیمەی پرسی،پاشان گوتی:

-هاااا ، ئەو ماڵە؟

گوتم:-بەڵێ ئەو ماڵە.

گوتی:

[illegible]ان وەسەر ئەو ماڵەوە نیە، لە ناوچەی ئێمەدا نیە!
-باشە ئەی چ بکەین؟ لە خۆڕایی کابرامان بەستۆتەوە..
-ئەگەر خانوێك لەسەرەوەتر بوایە، ئەوە دەکەوتە ناوچەی ئێمەو ئەوکاتە ئەرکی خۆمان دەبینی.
ژنم گوتی:
-چی بکەین خانووی چۆڵ لەسەرەوەتر نەبوو.
ماڵەکەی ئێمە کەوتووتە نێوان سنووری دوو پۆلیسخانە. کۆمیسێر گوتی:
-ماڵکەی ئێوە عایدی.... پۆلیسخانەیە.
ئەو پۆلیسخانەیەی وا باسی لێوە دەکا دوورەو خەریکە وا ڕۆژ هەڵدێ. چووینە ئەویش . پرسیاری ئەدرەسیان کرد،هەرکە هەڵماندا، پۆلیسێك گوتی:
-هاااا، ئەو ماڵە؟
-بەڵێ خۆیەتی.
- ئەگەر خانوێك لە خوارتر دەبوو، ئەوە دەکەوتە ناوچەی ئێمەو ئەو کات دەهاتین.
ژنم گوتی:
-ئاخ، ئاخ، کابراشمان لە خۆڕایی بەستەوە..
پۆلیس گوتی:
- ماڵەکەی ئێوە دەکەوێتە سنووری ناوچەی جاندرمەو، پۆلیس هەقی بەسەریەوە نیە، سەرێکی مەخفەری جاندرمە بدەن.
بەڕێ کەوتین..ژنم گوتی:
-کورە با سەرێکی ماڵەوە بدەین بزانین دز ماوە مردووە؟
ڕاست دەکا..ئەوە کابرا مرد ؟ لەسەر ئێمە ساغ دەبێتەوەو دەبینە پیاوکوژ.هاتینە ماڵەوە. دز لە جێگەی خۆی نەجوولاوەتەوە..گوتم:
-چۆنی؟
-باشم، بەڵام زۆرم برسیە.
ژنم خواردنی بۆ دز ئامادەکرد. تەماشای ئەم بەڵایە بامیەمان هەیەو دز بامیە ناخوا! ناچار هەندێ گۆشتی کوێلەکەی لای قەسابی سەری کۆڵان کڕی و بۆی سوورکردەوە.دز خەریکی خواردن بوو ، ئێمەیش بەرەو مەخفەری جاندرمە.هەرکە وەسفی ماڵەکەمان بۆ کردن و گوتیان:
هاااا، ئەو ماڵە؟
تەواوی خەڵکەکە ماڵەکەی ئێمە دەناسن.بەرپرسی مەخفەر گوتی:

ماڵەکەی ئێوە عایدی جاندرمە نیە، عایدی پۆلیسە.
-دەخیلە، دەچینە لای پۆلیس دەڵێن عایدی جاندرمەیە، دێینە لای ئێوە دەڵێن عایدی پۆلیسە، ماقووڵ نیە ئەو ماڵەی ئێمە سەر بە لایەنێك نەبێ!
بەرپرس نەخشەیەکی دەرهێنا:
-تەماشاکەن، ئێوە سەرتان لە نەخشە دەردەچێ؟ ئەمە خاڵی ١٤٠ی تەسویەیە.ئێرەیش ئاستی ئاوە. ئێرەیش خاڵی ٢٠٨ گردەو ناوچەی کاروبارو چالاکی جاندرمە دەکەوێتە ئێرە.ئەگەر ئەو ماڵەی ئێوە بەکرێتان گرتووە، دوو میتر لە باکووری ڕۆژهەڵات دەبوو، ئەوە دەبووە عایدی ناوچەی جاندرمە.
- هەردوو میتر؟ بەگەڵی بخەن چ دەبێ؟
- چ دەبێ؟ ئێوە نازانن ئێمە خۆمان دەزانین(نەخشەی نیشان داین)سەیرکەن.ماڵەکەی ئێوە دەکەوێتە خاڵی سنووری نێوان جاندرمە و پۆلیس، تێگەیشتن؟ دوو میترو نیو لە باخچەی ماڵکەتان دەکەووێتە سنووری ئێمە بەڵام خۆ دزی لە باخچە نەکراوە؟
دەرمانی دەرد هەر ئەوەیە جارێکی دیکەیش بچینەوە پۆلیسخانە.
ژنم گوتی:
-پیاوی چاك بە با سەرێکی ماڵەوە بدەین. بەخوا دزە شتێکی لێ بێ قوڕمان وەسەر دەبێ.
هاتینەوە ماڵ. بەدزم گوت:
- چونی؟
- سوتام، بەپەلە ئاوێکم بدەنێ.
دووای ئەوەی ئاوی نۆشی، گوتی:
- ها پێتان بڵێم، ئێوە مافی ئەوەتان نیە ئازادیم غەسب بکەن. لێرە ڕزگارم بێ شکاتتان لێ دەکەم.
- برا ئەی چی بکەین؟ ماڵەکەی ئێمە مەعلووم نیە عایدی کام ناوچەیە، تا لەوێ شکاتت لێ بکەین. ماڵ لەسەر ئەدەبخانەی وا دروست دەکرێ؟ تەواو کەوتووتە سەر سنوور.
- ئەی پێم نەگوتن؟ بەخوا ئەگەر ئازادم نەکەن لە دادگادا شکاتتان لێ دەکەم.
گوتم:
-تا ئێیوارە سەبرمان لێ بگرە، جارێکی دیکەیش دچینەوە پۆلیسخانە .
-بۆکوێ دەچن بچن.ئێمە دمێکە بەم مەسەلەیە دەزانین. تا بڕیاری ئەوە دەدەرێ ماڵەکەتان دکەوێتە کام ناوچە؟ سنووری جووڵەکە دەگۆڕێ، تا ئەو کاتەیش،هایهوو،هایهوو..
چووینەوە پۆلیسخانە، کۆمیسێر نەخشەیەکی دەرهێناو گوتی:

PDF 4 KURD

شاکەن، سنووری جاندرمە تا ئێرەیە، باخچە عایدی ئەوانە، بەشێکی ماڵەکەیش بەرئێمە دەکەوێ.

گوتم:

– ژووری نوستن دەکەوێتە سنووری ئێوە، دزیش لە ژوورە کراوە.

گوتی:

– بەڵێ ،بەڵام پێویستی بە (تەسبیت) هەیە،پاشان خۆ دز بەفڕین نەچووتە ژووری نوستن؟ لەباخچەوە چووتە ژووری، باخچەیش هی جاندرمەیە. ئەمە مەسەلەیەکی تازە نیەو کێشەی لەسەرەو لە گفتوگۆدایە .کە بڕیار دەدرا ماڵ سەر بەکام ناوچەیە ئەو کات ئێمەیش بەپێی بڕیار هەڵسوکەوت دەکەین.

گەڕاینەوە ماڵ. هەمان پیرە پیاوی گۆڕین سەری لە پەنجەرەی ماڵەکەی خۆیا دەرهێناو گوتی:

–سەرتان ساغ بێ، دیارە دز هاتووتە ماڵەکەتان؟

گوتم:

– بەڵێ تەشریفی هێناوە!.

– هیچ کرێچییەك لەم خانووە دانانیشێ بۆیە خاوەنی وا هەرزانی دەدا.خۆیشی لەناوی دانانیشێ. ئەگەر دوو میتری دەرووخاند ئەوە مەعلووم دەبوو سەر بەکام ناوچەیە.

مام یەختیار درێژەی دایێ:

– گوناهی ئێوە نیە، هەمووی لەژێرسەری خاوەن خانووە. ئاوی ، کارەبای، گازی، زێرابی، هەمووی بەلاشەو نازاندرێ سەر بەکام لایە. توخوا کەس خانووی لەسەر سنوور دروست کردووە؟

هاتینەوە ماڵ. ماوەی ساڵێك پێشین کرێمان داوەو ناکرێ چۆڵی بکەین. دزمان ئازادکردو نانی ئێوارەیشمان بەیەکەوە خوارد.وادەی ڕۆیشتنی هات دز گوتی:

– جارێ بەخواتان دەسپێرم، ئیشاڵا بەم زووانە دێمەوە!

حاڵی حازر چوار پێنج دز فێری ماڵەکەی ئێمە بووینەو خەڵکی گەڕەك دەیانناسن وتەنانەت هەندێ ئیشوکاریشمان بەیەکەوەکردووەو ئەو کەلوپەلەی لە خەڵکی دەدزن لە ماڵەکەی ئێمەی دادەنێن.بابزانین چۆن دەبێ؟ تا وادەی کرێمان تەواو دەبێ ئەوە من وژنم لەگەڵ شەش دز دەژین و دادەنیشین، یانیش ئەگەر مەعلووم بوو ماڵ سەربەکام ناوچەی حکوومەتە ئەوە شکاتیان لێ دەکەین، چونکە بەشێکی ماڵەکە بوویتە میوانخانەی ئەوان و هەندێ مەسرەفی ڕۆژانەیش لەسەر ئەوانە!!

PDF 4 KURD

#ماڵێکی بێ دەنگ

گوتی:

- زۆر جوان دەنووسی.

هەوەڵ گەلی برایانی نووسەر ئاسا ،گوتم: سپاست دەکەم .پاشان گوتم:

- ماڵەکەم گونجاونیە ئەگینا جوانتریش دەنووسم .

- چۆن؟

- چۆن و مۆنی دەوێ؟ ماڵ بچکۆلانەوخێزانیش ماشەڵڵا فرە زۆرن. خۆت دەزانی نووسینکاری مێشکەو کرو بێ دەنگیی دەوێ. بیرۆکەیەکم بۆ دێ کەچی گیژە بچکۆلانەکەمان دێ شکات لەبرای دەکا : بابا بۆ پێی نالێی؟ بیرۆکە لە مێشکمدا نامێنێ.ئەو کرِ بکەمەوە یەکێکی دیکە دەکاتە هەراو کەللەسەرم کەف دەکا.نووسینی باشیش لەم وەزعەدا نانووسرێ.

گوتی:

- چەند منداڵت هەن؟

- یازدە.

خوا عەفووی بکام گوێ لێ بوو ، پاشان دەنگێك هات وەك بڵێ:

- ووسسسسس

گوتم:

- لەگەڵ منتە؟

گوتی:

تۆش یەکسەر بەخۆتت وەرگرت..

گوتم:

-ئاخر لە من و لە تۆ بترازێن کەسی تری لێ نیە..

گوتی:

- ئەم هەستی وا بەجارێ ناسك باش نیە. بەرێگەوە برۆن دەنگ لە گزۆزی ئۆتۆمبیل بێتە

PDF 4 KURD

دەوروبەر دەڵێن: ئەوە بەمنتە؟ من پێم وابوو یەکێك هات بۆیە گوتم ووسسسسس.. با بێینەوە سەر مەسەلەی منداڵ، یازدە منداڵ بۆ نووسەرێك زۆرن، منداڵێکیش زیادە. نووسەر منداڵی نەبێ باشترە ،چونکە کاتی نیە.

- منداڵ بوون هیچ کاتی ناوێ..

گوتی:

- بۆ نووسەر منداڵی نەبێ ؟ چونکە هەموو کەس دەتوانێ منداڵی هەبێ بەڵام هەموو کەس ناتوانێ کتێبی هەبێ.

گوتم:

- چی بکەم وا خاوەن یازدە منداڵم، بڵێ یازدەو نیو، منداڵێکی دیکە بەڕێوەیە.

- هەمووشتان لەیەك خانوودا دەژین..کتێب بە چەند ساتە وەخت دادەنێی؟

- مێشکم ئەوەندە بابەتی تێدایە، ئەگەر لەماڵێکی کڕو هێمندا دەبووم، ئەوە هەر دوومانگ جارێك کتیبێکم دادەنا..

گوتی:

- ئەوە دام و برایەوە..بۆ شەش مانگ ماڵەکەی خۆم دەدمە تۆ .

پێم وابوو کابرا هەوەنتان دەکا، بەڵام کە بە ئۆتۆمبیلی خۆی منی بردە ماڵەکەی باوەڕم کرد.ماڵ چ ماڵ! کۆشکێکی زەلام. گوتی:

- ئێمە زستان لە (نیشانتاش)دا بەسەر دەبەین، تا مانگی گوڵان ماڵ هی تۆیە، دەکا شەشە مانگ. دەفەرموو بزانم چ شاکار دەنووسی! لانی کەم با منیش لە دنیای ئەدەبیاتدا بەشدارم.

بەسەرسوڕمانەوە دیقەتی کۆشکم دەدا. گوتی :

- تەنیا تکایەکم هەیە. گورگە سەگێکم لە باخچەدایەو تووڵەکەیشی لە نێو ماڵەو لە ساڵۆنیشدا کەناری یەك هەیە، ئەگەر ئاگاداریان دەبووی مەمنوونت دەکردم.

گوتم:

- مەمنوونی ناوێ، من بۆخۆم ئاژەڵم خۆش دەوێ.

کابرا کۆشکی بۆ من جێهێشت و ڕۆیشت. باوەڕم نەدەکرد ئەگەر بە خەونیش بووایە.

سەرلە نوێ لەباخچەوە پێدا هاتم و تەواوی کۆشك گەڕام. ماڵێکی کشومات و بێ دەنگ. چوومە نهۆمی سەرەوە و لە پەنجەرکانەوە دیمەنی جوان و دلڕفێن دیارن. هەرکە لە بان مێز دانیشتم لەبەر خۆمەوە گوتم:

PDF 4 KURD

...ووڕە، لێرە کەریش دەبێتە شاعیر..

بەپەلە قەڵەمم دەرهێناو هێشتا نەمخستبووە سەر کاغەز کە زەنگ لێیدا.ئاوڕی ئەولام دایەوە، هی ئەملا، نەمزانی دەنگ لە کوێوە دێ.تەواوی ژوورەکانی نهۆمی سەرەوەم پشکنین، هیچ نیە، کەچی زنگ بەردەوامە..گوتم ڕەنگە زەنگی تەلەفۆن بێ. لە نهۆمی ناوەڕاستدا تەلەفۆنم دۆزیەوەو بەبناگوێی خۆمم وەنا دەنگ نیە ، کەچی زەنگ هەر لێدەدا.دەبێ تەلەفۆنێکی دیکەیش لەمماڵەدا هەبێ؟

ڕاکە بۆ ئەملا ، ڕاکە بۆ ئەولا، تێگەیشتم بەڵێ زەنگی دەرگایە.. ڕۆژنامەفرۆش بوو..گوتم:

- ئیدی لەمەولا پێویستم بە ڕۆژنامە نیە.

دەرگام داخست و گەڕامەوە.. هێشتا بەتەواتەتی لەسەر مێز دانەنیشتبووم، دووبارە زنگ لێیداوە.لە پلیکانی دوو نهۆماندا دابەزیم، ئەمجارە کەس لەبەر دەرگادا نەبوو. تۆ بڵێی منداڵ بووبن؟ زەنگ بەردەوامە. دەرکەوت زەنگی دەرگای دوواوەی لای باخچەیە. شیرفرۆشە..گوتم:

- پێویست ناکات، لەمەودا شیرمان بۆ مەهێنە.

گوتی:

- پارەی هەفتەیەکتان لەسەرە.

کابرا شەش مانگ ماڵی بۆ من جێهێشتووەو کرێی ناوێ.. پارەی شیری هەفتەیەکم دا! وەسەرکەوتمەوە بان.. قەڵەمم نەگەیاندبووە کاغەز ، کە جارێکی دیکەیش زەنگ شیڕاندی.بەڕاکردن هەوەڵ دەرگای پێشەوە، پاشان هی دوواوەم کردەوە، کەس نیە..

ئەم کۆشکە چەند دەرگای هەیە؟

ئەو لاو ئەملام کرد،کەس نیە.گوتم ڕەنگە منداڵ وتواڵ بن نارەحەتم بکەن. تا من دەرگای پێشەوە دەکەمەوە ئەوان هی دوواوە لێدەدەن.بافێڵیان لێ بکەم، ئەگەر هی پێشەوەیان لێدا من دەرگای دوواوە دەکەمەوە..دەرکەوت نەخێر زەنگی تەلەفۆنە..

- هەلاو .. فەرموون

- بی زەحمەت نازان خانمان دەوێ.

- قوربان لە ماڵ نیە.

گەڕامەوە سەر مێز، هەر دانیشتم و دانەنیشتم دووبارە زرەی هات. هەوەڵ رامکردە لای تەلەفۆن، تەلەفۆن نیە..دەرگام کردووە، پۆستەچی بوو.. نامەم وەرگرت وسەرکەوتمەوە، دیسان

PDF 4 KURD

زەنگە. هەردوو دەرگاکانم وەسەر کردنەوە دەرگانین، تەلەفۆنیش نەبوو.. ڕاکە بۆ سەرەوە، ڕاکە بۆ ژێرەوە، سەیر دەکەم دەنگی باڵندەیە:

- گۆگ..گۆگ..گۆگ..

دەنگی سەعاتە. دووسەعاتیان بەدیوارەوەیە، یەکیان زنگەو ئەوی دیکە دەنگی باڵندەیە.کە سەرە سەعات تێپەڕی کرد، ئەوانیش لە لێدان کەوتن. ئەمجارە تەلەفۆن لێیدا:

- بێ زەحمەت نازان خانمان دەوێ.

- قوربان نازان خانم لە ماڵ نیە، چوونەتە ئیستانبووڵ

دەنگی زەنگە لە سەرەوەو لە خوارەوە. ئەوەندە بەملاو ئەولادا ڕامکرد ئارەقم کرد. لە ناوەڕاستی هۆدا چەقیم..

- دان..دان..دان، دەنگیکی لەم نەزمە.

من تێناگەم لە ماڵێکدا چەند دانە زەنگ دەبێ، چەند دانە دەنگ دەبێ ، چەند دانە سەعات دەبێ! ئەمجارە سەعاتەکان لێ دەدەن . ڕاکە بۆ ئەملا، ڕاکە بۆ ئەولا، مردم.

جارێك ئەم دەرگایە لێدەدرێ، جارێکی دیکە دەرگای تر. بۆ تەلەفۆن ڕادەکەم ، سەعاتە. بۆ سەعات ڕادەکەم دەرگایە.. ئەمجارە سەرم لێ دەشێوێ و نازانم دەنگی چیە ، هەر لە زەنگی پاسکیلی منداڵان دەکا.

ئێوارە داهات، ووشە چیە نەمنووسیوەو ڕۆژم بەڕاکردن بردە سەر..ڕەنگە چل جاران وەڵامی تەلەفۆنم دابێتەوە.. هەرچی کاڵافرۆشی مەعمیلە لە دەرگای داوە.

چەشنی پیاوی مردوو خزیمە نێو وەتاغ و خۆم بە خۆمم دەگوت:

- دەی ،یەکەم ڕۆژ هەروا دەبێ. ئێستا هەموو تێگەیشتن کەس لە ماڵ نیە. بەیانی ئیدی دەرگا لێنادرێ و تەلەفۆن ناکرێ، ئەوکات منیش خەریکی نووسین دەبم.

سەرم خستە سەر سەرین دەنگێك هات، بەڵام دەنگی زەنگ نیە چونکە گوێچکەم بە تەواوی لە زەنگەکانی دەرگاو تەلەفۆن و سەعات ڕاهاتووە و دەیانناسێتەوە.میێك، میێك، میێك.. شتێکی لەم نەزمە.جارێکی دیکەیش ژوورەکانی کۆشکم بشکنین. تووڵە سەگەکە نەبێ ؟ دەرگای حەمامم کردەوە،تووڵە من بینی بێ دەنگ بوو، خۆی تێهەڵدەدایە سەر قاچەکانم ، تومەز برسیە.چم لە مەتبەق دۆزیەوە لەبەردەمیم داناو چوومە ناوپێخەف.

زەنگ وەستاون بەڵام سەعات و سەگ ناوەستن و تەلەفۆنیش بەردەوام لێدەدا. کات نیوەی

PDF 4 KURD

شەوە،لە توولە سەگ دوور دەکەومەوە دەست بە مییکە مییك دەکا. بردمە ژووری نوستن، هەر کڕنەبۆوە، ناچار لەگەڵ خۆمدا خەواندم .

ئەمجارە نۆرەی گورگە سەگەکەی باخچە بوو:

- حەو حەو حەو..

خەریکە شێت دەبم:

- ووس بە هەی سەگی کوڕی سەگ..ووس بە !

پەنجەرە دەکەمەوە لە سەگ رادەخوڕم، توولە سەگ دەست پێدەکا. حەپەی سەگ و زنگی سەعات تێکەڵ بەیەکتری دەبن، کە بەیانیش خۆر هەڵات مریشك و کەڵەشێر بە باخچە وەربوون و کردیانە قرتە قرت:

- جییك جییك جییك..

قەفەزی کەناریم کردە حەمام و دەرگام گاڵەدا.. دە دەقیقەیەك یا کەمتر چاوم نەچوبووە خەو کە دیسان زرەی هات.وەك هۆشم بێتەوەبەر وابوو. کوانێ منداڵەکانم؟ قوربانتان بم، هەرنەبێ کە لێم ڕادەخوڕین ووس دەبوون، بەڵام سەگ و مریشك و زەنگ کڕ دەکرێنەوە؟

باشە بەدوو کەس لەم کۆشکەدا چۆن فریای ئەم هەموو زنگانە کەوتوون؟

گوتم واباشە بڕۆمە لای ئەم برادەرم کە چاکەی لە گەڵدا کردووم ئەم ماڵە بێ دەنگەی داومەتێ و پێی بڵێم:

- کاکە من پەشیمانم.. فەرموو بۆخۆت یەکێك بەکرێ بگرە ئاگای لە ئاژەڵ و باڵندە بێ .

سەرێکی کووچەم دا ، تووشی کابرایەك هاتم، گوتی:

- بەخێر هاتی، ئەم زستانە تۆ نۆبەتداری کۆشکی؟

دڵتەنگ و بێزار بووم، بۆ ئەوەی کابرا لە کوڵ خۆم بکەمەوە، گوتم:

- بەڵێ.

- بەچەند؟

- چ بە چەند؟

گوتی:

- ئاگادار بە بە هەرزان نۆبەتی لێ مەگرە. پار بە پێنج سەد هەزار لیرە نۆبەتدارێکی گرت، کابرا ئەوەندەی نەمابوو شێت بێ. ئەم کۆشکە بە کۆشکە زەنگ بە ناوبانگە.

بەپەلە خۆم گەیاندە نووسینگەی کابرای چاکەی لە گەڵدا کردووم، زەلامێکیشی لا دانیشتبوو..

گوتم:

- کۆشك نە جنۆکەو، نەئینسۆکەی تێدایە، زۆر بێ دەنگ و کڕە خەریکم بەتەنیا دەتەقم.

گوتی:

- دەمزانی، تۆ لە شوێنی بێ دەنگ و کڕدا ناتوانی ئیش بکەی.. من ئەم نووسەرانە دەناسم! ئەگەر شوێنێکی بێ دەنگمان دەسکەوێ وا دەنووسم ، وادەکەم.. کە شوێنیشیان دەست کەوت، دەڵێن لە بێ دەنگییان بێزار بووین.ئەمانە وان هیچیان لەباردا نیە.

نەبادا مقەدەرێکم لە دەست ڕووبدا ، هاتمە دەرەوەو گەڕامەوە ماڵەکەی خۆم ..ئۆخەی. بەڵام هەنووکەیش زەنگم لە مێشکدا دەزرنگێتەوە.

PDF 4 KURD